

احمد الشقيري

Thoughts of a young man

# ڕازەکانی گەنجێک

و: شۆخان فریاد

Scanned with CamScanner




Scanned with CamScanner

# ڕازەکانی گەنجێک

ئەحمەد شوقەیری

وەرگێڕانی: شۆخان فریاد

Scanned with CamScanner

ناوی کتێب: ڕازەکانی گەنجێک

ناوی نووسەر: ئەحمەد شوقەیری

وەرگێڕانی: شۆخان فریاد

پێداچوونەوەی: جوتیار قارەمان

هەڵەچن : هیوا عەبدوالرحمان

دیزاینی بەرگ: ناوەندی ڕێنوێن

دیزاینی تێکست: دانا حەسەن

نۆبەتی چاپ: یەکەم ٢٠١٨

چاپ: ناوەندی ڕێنوێن

تیراژ: (١٠٠٠) دانە

نرخ: (٥٠٠٠) دینار

ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (١١١٣)ـی ساڵی (٢٠١٨)ـی پێ دراوە.

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ ناوەندی ڕێنوێن©

ناوەندی ڕێنوێن

07701932749 - 07501269689

hakem1423@yahoo.com
renwen2009@yahoo.com

سلێمانی- بازاڕی ئاوباریک- نهۆمی یەکەم
بەرامبەر کاسۆمۆڵ- دوکانی ژمارە (٦٦)

Scanned with CamScanner



# پێڕست


پێشەکی ............................................ ٩

بەشی یەکەم: ڕازەکانی دڵ و گیان .............................. ١٣

دڵم ............................................ ١٥

پرسیارە باوەکان دەربارەی ڕۆح .............................. ١٩

دایکە (تریسا) ............................................ ٢٢

چوار ژن ............................................ ٢٥

بۆ خـودا ............................................ ٢٨

خۆشەویستی دونیا ............................................ ٣١

کوێر کێیـە؟ ............................................ ٣٤

نهێنی لە خۆشەویستیدایە ............................................ ٣٨

کاتژمێرێک لە تەنیشـت خۆشەویستەوە .............................. ٤٠

نهێنی بەردوامیی بەخشـش ............................................ ٤٢

لـە هەر باخێک گوڵێک ............................................ ٤٥

لە ناوەڕاسـتی ئەم ئاپۆرەیەدا ............................................ ٤٧

ئاشـتیی ناوخۆیی ............................................ ٥٠




Scanned with CamScanner

بەشی دووەم: ڕازگەلێک بۆ گەشەپێدانی خود ........................ ٥٣
ئایا بە دوای بەختەوەریدا دەگەڕێیت؟ (١) ........................ ٥٥
بەدوای بەختەوەریدا دەگەڕێیت؟ (٢) ........................ ٥٧
چۆن دەست بەسەر تووڕەبووندا دەگریت؟ ........................ ٦٠
چۆن خشوع لە نوێژدا زیاد دەکەیت؟ ........................ ٦٤
ڤیتامینگەلێک بۆ ئاوەز ........................ ٦٧
خوێنت کەم بکەرەوە... پاداشتت سەنگین بکە ........................ ٧٠
پێڵاوەکەی گاندی ........................ ٧٢
چۆن واز دەهێنیت؟ ........................ ٧٥
چۆن بێفیز دەبیت؟ ........................ ٧٩
دەتەوێت ساڵی داهاتوو، ببیت بە چی؟ ........................ ٨٢
ڕاسپاردە ڕەمەزانییەکان ........................ ٨٥

بەشی سێیەم: ڕازەگەلێک بۆ ئاوەز و بیر ........................ ٨٩
زۆربەی بوونەوەران جیاوازییان هەیە لە بۆچوونیاندا ........................ ٩١
ئایا دەکرێت لە بەنزینخانە کار بکەم؟! ........................ ٩٥
ئایا دەتەوێت لەخۆبایی بیت؟ ........................ ٩٨
ئایا ئافرەت مرۆڤە؟ ........................ ١٠١
بەربەرەکانی یاساکانی خودا لە گەردووندا دەکەن ........................ ١٠٤
جلی مایۆ ئازادییە ........................ ١٠٨
چەمکانێک پێویستە ڕاست بکرێنەوە ........................ ١١١
یاساکانی ڕزق و ڕۆزی ........................ ١١٤
دابونەریت یاخود ئایین؟ ........................ ١١٧



Scanned with CamScanner

ماڵەکانمان پێش حکومـەت ............................ ١٢٠
کوەیتی خۆشەویسـت ............................ ١٢٣
هونـەری ئامانجدارانەی ڕۆژئاوا ............................ ١٢٦
خوێندنـەوە ............................ ١٣٠
ڕاگەیاندنی پێغەمبەرانە ............................ ١٣٣
ئیمامـی ئەعزەم ............................ ١٣٦
کوا مرۆڤایەتیی موسـوڵمان؟ ............................ ١٣٩
ئایا پێغەمبەر بـوو؟ ............................ ١٤٢
ئەحمەد کۆچی دوایـی کرد! ............................ ١٤٥
دواتـر لەگەڵ عەرەبدا! ............................ ١٤٩
باوەڕدارێک و بێباوەڕێک ............................ ١٥٤
سـعودی و هیندی ............................ ١٥٧

بەشـی چوارەم: ڕازەکان لەبارەی ڕووداوەکانەوە ............................ ١٦١
ببـورە پێغەمبەری خودا! ............................ ١٦٣
زەمینلەرزەکانی ئاسیا... سزا یان میهرەبانی؟ ............................ ١٦٦
خودایە! ڕێنموونیی خەڵکی دانیمارک بکە ............................ ١٦٨



Scanned with CamScanner



## پێشەکی

بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، درود و سەڵاوات لەسەر خۆشەویستمان موحەممەدی کوڕی عەبدوڵلا بێت، درودێک شایەن و لایەقی ئەو زاتە بێت تا ڕۆژی پاسڵان.

ڕازەکانی "من" دەرەنجامی خوێندنەوە و ئەزموونکردنێکی چەندین ساڵن، کە لەو ماوەیەدا وەرچەرخانی گەورە لە ژیانمدا ڕویداوە، لە زیادەڕەوی و بەڕاڵایی و بێئاگایی و دوور بوونم لە خوا، گۆڕا بۆ زیادەڕەوی کردنم لە ئاییندارییدا، تا گەیشتوومەتە ئەم حاڵەی ئەمڕۆم – کەوا حساب دەکەم بەشێک لە وەمیانڕەوی تێدایە- بە بێ زیادەڕەوی و کەمتەرخەمی... بۆیە لەگەڵ ئەوەی خەرمانی ئەزموون و ئەندێشەم فراوان دەبێت، بەردەوام ڕۆژ لە دوای ڕۆژ شتی زیاتر فێردەبم، هەر ئەوەش بەختەوەری ڕاستەقینەیە، وەک سوقراتی فەیلەسوف دەڵێت: بەراستی ژیانکردنی دروست بریتییە لە گەڕانی بەردەوام بەدوای زانستی حەقیقیدا... True Knowledge.

لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی ڕابردوودا هەستێکی قوڵی ئیمانی وام بۆ دروست بووە گەیشتوومەتە ئەو ڕاستییەی کە گەنجان کاری زۆر باشیان لە دەست دێت، ئەگەر بتوانین وەبەرهێنان لەو کارە باشانەدا بکەن و پەرەیان پێبدەن...

کێشەی هەنووکەییمان لە خودی گەنجەکاندا نیە، بەڵکو کەمتەرخەمی لە چوارچێوەی خێزان و قوتابخانەو ڕاگەیاندنەکاندایە. کە دەستی گەنجەکانمان ناگرن و بەرەو ڕێگای دروست و داهێنان و وەبەرهەمهێنان و چست و چالاک بوونیان نابەن.

ئەگەر بتەوێت گۆڕانکاری دروست بکەی لە خۆتدا یان لە کەسانی دیکەدا، ئەوا نەخشەیەکی سێ ڕەهەندی هەیە دەبێت گۆڕان لە هەموو لایەکانیدا ئەنجام بدەیت، تاوەکو گۆڕانکارییەکە گشتگیر و کاریگەر فەراهەم بێت... ئەو سێ ڕەهەندەش لەم لایانەی خوارەوە پێکهاتووە:

١. هزر و فکر: بنەمای هەر گۆڕانکارییەک لە هزرەوە سەرچاوە دەگرێت، بیر و ئاوەز وەک شۆفێری سەیارەیەک وایە کە ئاراستەکان دیاری دەکات، ئەگەر بیرو ئاواز گۆڕا ئەوا بەو ئاراستەیەدا ژیان و چارەنوس دەگۆڕێت.

٢. دڵ: دڵ وەک سوتەمەنی ئۆتومبێلە، ووزەی تەواو دەدات بە جوڵەی سەیارەکە. بەبێ پاڵنەری دڵ و حەماسەتەکەی بیرو ئاوەز ناتوانن گۆڕانی تەواو دروست بکەن وەک سەیارەیەک وایە بەبێ سوتەمەنی ناتوانێت هیچ سودی هەبێت با شۆفێریشی هەبێت.

٣. ئاکار: چەندین بەهرەو ئاکاری بەرچاو هەن کە پێویستە لە هەر کەسێکدا هەبن بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی بیرو ئاواز دیارییان

دەکات و دڵ بەگەڕیاندەخـات... کەسـێک کـە لـە نـاو سـەیارەکەیدا دانیشـتووە و دەزانێـت بۆکـوێ بچێـت، و سـوتەمەنی تەواویشـی پێیـە، بـەڵام ناتوانێـت سـەیارەکە بەشـێوەی دروسـت بجوڵێنێـت بەبـێ ئـەوەی فێـری شـۆفێری بێـت.

لەبـەر ئـەو هۆکارانـەی باسـمان کـرد ئـەم کتێبـەم دابـەش کـردووە بـۆ سـێ بەشـی سـەرەکی: ڕازەکانـی هـزر، و دڵ، و گەشـەپێدانی خـود؛ ئومێـدەوارم خـوای گـەورە ئـەم ڕازانـە بکاتـە مایـەی گۆڕانێکـی بـاش و کاریگـەر لای گەنجاکانمـان.

لـە کۆتایـدا زۆر سوپاسـی ئـەو کەسـانە دەکـەم کـە هـاوکارم بـوون لـە نوسـیی هـەر بابەتێکـدا، هەرچەنـدە ئـەو کەسـانەش زۆر زۆرن، بەتایبـەت ئـەم ئازیزانـە:

دایـک و باوکـم... سـوپاس بۆئێـوە کـە بـاش پەروەردەتـان کـردم، سـوپاس بـۆ چاودێـری کردنتـان، سـوپاس بـۆ پشـتگیری کردنتـان بـە مـادی و مەعنـەوی و دڵ و گیانتـان، ئێـوە بنچینـەی منـن؛ هـەر کارێکـی بـاش ئەنجامـی بـدەم بـە ئیزنـی خـوا لـە تـەرازووی چاکەکانی ئێـوەدا هەیـە.

مامۆسـتاکانم... دکتـۆر تاریـق سـوەیدان، حەبیـب جفـری، شـێخ حەمـزە یوسـف، دکتـۆر یوسـف قـەرەزاوی، شـێخ موحەممـەد غەزالـی ڕەحمەتـی خـوای لێبێـت، شـێخ شـەعراوی ڕەحمەتـی خـوای لێبێـت، مامۆسـتا عەمـر خالیـد، عەدنـان زەهرانـی، شـێخ عومـەر عەبدوالکافـی، نوسـەری ئەمریکـی سـتیڤن کوڤـی، ئانتۆنـی ڕابنـز... زۆرتانـەوە لـێ فێربـووم، جـا بـە خزمەتتـان گەیشـتبم یاخـود نوسـینەکانتانم خوێندبێتـەوە، دوای فەزڵـی خـوای پـەروەردگار فەزڵتـان بەسـەر منـەوە

ئێجگار زۆره لـه هەمبـەر ئـەو توانـا و بەهرانـەی کـه ئەمـرۆ خاوەنیانـم.

هاوسـەره ئازیزەکـەم... زۆر سـوپاس بـۆ ئـەوەی لەگەڵـم بوویـت، سـوپاس بـۆ خۆشەویسـتییەکەت، بـۆ چاودێـری کردنەکـەت، سـوپاس بۆ ئـەو کەشـەی بـۆت سـازاندم تـا بتوانـم داهێنـان بکـەم، لـه دڵمـدا شـوێنی تایبەتـت هەیـە، باشـترین هاوسـەر تۆیـت، باشـترین دایـک بـۆ منداڵەکانـم هـەر تۆیـت...

ئەحمەد شوقەیری

# بەشی یەکەم

# ڕازەکانی دڵ و گیان

Scanned with CamScanner



# دڵم

دڵم! بە سنگێکی فراوانەوە، ئەم وتەیەم لێوەربگرە، سوێند بەخودا، تەنیا لەبەر ئەوەی خۆشم دەوێیت ئەمەت پێدەڵێم. هیچ ناڵێم ئەگەر نەزانم تۆ، نهێنی خۆشبەختی و نەگبەتی منیت. نهێنی باشی و خراپی منیت. نهێنی نزیکی و دووری منیت لە خوداوە. گوێم لێبگرە، بەڵکو ئەم وتەیە، سوودی بۆ منیش و تۆش تێدا بێت.

سوێند بە خودا، ڕاڕاییت ماندووی کردووم، ڕۆژێک دەتبینم لەگەڵ مەلائیکەتەکانیت و لەوپەڕی پاکی ڕۆحانی بووندایت و لە بەرزترینی پلەکاندایت. ڕۆژێک دەتبینم، دەست لە ملی شەیتانەکانیت و لەوپەڕی خراپی، بزێوی و لاساریدایت، لە نزمترین پلەکاندایت.

دڵم! دەزانم تاوانی زۆرم کردووە. هەموو تاوانێکیش خاڵێکی ڕەشی لە تۆدا دروستکردووە؛ بووەتە هۆکاری غافڵبوونت، بەڵام ئایا ڕێگەیەک بۆ سڕینەوەی ئەو تارماییە ڕەشە نییە؟

پێم دەڵێیت: «بگەڕێوە بۆ لای خودا و تۆبە بکە». پێت دەڵێم: «تۆبەم کرد و تۆبەم کرد، پاشانیش هەر تۆبەم کرد، بەڵام تا ئێستا شوێنەواری تاوان، بە رووتەوە ماوە و لانەچووە.

تـا ئێستـا، رابـردوو بەشـێكی لـە تـۆ داگیركـردووە و نایەوێـت بـڕوات. باشـە چارەسـەر چییـە؟ چـۆن ئـەو هەمـوو شـوێنەوارەی تـاوان و ئـازارەت لێبكەمـەوە؟ چـۆن ئـەو هەمـوو رابـردووە پـڕ سـتەمەت لـێ وەدەرنێـم؟»

دڵـم! ئـەوە چیتـە هـەر كردەوەیـەك دەكـەم، سـەیرێكی ڕووە دونیاییەكـەی دەكەیـت؟ بـە هەركارێـك هەڵبستم، بەشـێك لـە حەزی دونیـای تێدەكەیـت، تاكـو ئـەوەی كـە گومانـم بـۆ دروسـتبووە و بڵێـم: «لەوەتـەی مـن دروسـتبووم، هیـچ كارێكـم بـە دڵسـۆزی و لـە پێنـاو خـودادا نەكـردووە!»

ڕزگارم بكـە، ئایـا نازانیـت كـە ڕووپامایـی و خۆشویسـتنی دونیـا، لـەو هۆكارانـەن كـە هەمـوو كـردەوە چاكەكانـم، وەكـو تـۆز بەردبـاد دەكـەن؟

دڵـم! زۆر ڕوانینـت بـۆ بەدیهێنـراوەكان و بێئاگاییـت لـە بەدیهێنـەر، لەنـاوی بـردووم. ئایـا ناتوانیـت، یـەك كـردەوەم پێببەخشـیت كـە تەنیـا لـە پێنـاو خـودادا بێـت؟ تەنیـا یـەك كـردەوە كـە گوێ نەدەیتە هیـچ مرۆڤێـك، چـاوت لـە سوپاسـگوزاری كـەس نەبێـت، بـەڵام تەنیـا لـە پێنـاوی خـودادا بێـت؟

وەڵـڵا، ئەگـەر وەڵامـی ئـەم داوایـەم نەدەیتـەوە، لـە ڕۆژێكـدا كـە سـەیری شـێوە و كردەوەكانمـان ناكرێـت، بەڵكـو تەنیـا سـەیری دڵـەكان دەكرێـت كـە لـە پشـت كردەوەكانـەوە بـوون، خۆم و خۆیشـت لەناودەچیـن. سـەیری تـۆ دەكـەن، ئـەی دڵەكـەم! ئـەو كات دەبینـن لـە پشـت هـەر كردەوەیەكـەوە كـە ئەنجامـم داوە، مەبەسـتێكی دونیایـی هەیـە. دەی سـوێند بـە خـودا! ئەگـەر پەیمانێـك نەبەسـتین بـۆ ئـەوەی ئـەم دۆخـە خراپـە چارەسـەر بكەیـن، ئـەوا بەڕاسـتی،

خراپترین سەرگەردانی هەتا هەتایی چاوەڕێمان دەکات.

دڵم! خەو بەوەوە دەبینم دونیات لێ وەدەرنێم. بەڵام چۆن بتوانم، لە کاتێکدا کە دونیا هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی تۆی پڕکردووە؟ چۆن دەکرێت، کاتێک دونیا و خۆشییەکانی، بوونەتە خوداردن و خوداردنەوەت؟ چۆن دونیات لێ دەربکەم؟

تکایە ڕێم نیشان بدە، لە کاتێکدا ڕێگام ون کردووە، وام لێهاتووە ناتوانم تامی هیچ شتێک بکەم. پێم نیشان بدە، ئەی دڵەکەم! پێویستم بەو ساتانەیە کە چۆڵ بێت لە هەموو، جگە لە خودا! ڕێم نیشان بدە، دونیا پشتی شکاندووم، گرنگیدانم پێی ماندووی کردووم. ڕێم نیشان بدە، بەڕاستی تامەزرۆی دیداری خودام بۆت، ئەی دڵەکەم!

دڵم! بەڵێن بێت، ئەگەر تۆ دڵسۆزیت بۆ خودا هەبێت، بەخششێکی وات پێ دەنۆشم، هەرگیز تامت نەکردبێت.

دڵم! بەڵێن بێت، ئەگەر بەڕاستی خودات خۆشبوێت؛ ئەوا چێژی وات نیشان دەدەم، هەرگیز خەوت پێوەی نەبینیبێت.

دڵم! بەڵێن بێت، ئەگەر بەڕاستی دونیات لە خۆت وەدەرنا؛ ئەوا دونیات بۆ دێنم کە لەبەر پێتدا بکەوێت، ئەگەر بە زۆریش بێت.

دڵم! بەڵێن بێت، بەڵێن بێت، بەڵێن... بەڕاستی، ئەگەر متمانە بە قسەکانی من ناکەیت، متمانە بە قسەکانی ئەو خودایە بکە کە منیش و تۆیشی دروستکردووە و بەڵێنەکانیشی هەمووی ڕاستن.

دڵم! ئەم نزایەت بە دیاری بۆ دەنێرم، بەڵکو خودای گەورە ئەم وشکاییەی نێوانمان نەهێڵێت و نێوانمان چاکبکاتەوە

خودایــە! دڵــم هیدایــەت بــدە بــۆ خۆشەویســتی خــۆت و پێغەمبەرەکــەت. خودایــە! دونیــا بخەیتــە مشــتمەوە و نەیخەیتــە دڵمــەوە. خودایــە گیــان! دڵــم ســپاردەی تــۆ دەکــەم، دڵــم چــاک بکــە، پاکــی بکــەرەوە و بەهێــزی بکــە. خودایــە! دڵــم لــە هــەر تــاوان و هەڵەیــەک ســاف و بێگــەرد بکــە، وەک چــۆن جلوبەرگــی ســپی لــە پیســی پــاک دەبێتــەوە.

بەڕاســتی، لــە جەســتەدا پارچەیــەک گۆشــت هەیــە، ئەگــەر چــاک بــوو؛ ئــەوا ســەرتاپای جەســتە چــاک دەبێــت و ئەگــەر گەنــدەڵ و خراپ بــوو؛ ئــەوا ســەرتاپای جەســتە خــراپ و گەنــدەڵ دەبێــت. ئــەو پارچــە گۆشــتە، بریتییــە لــە دڵ.



Scanned with CamScanner



## پرسیارە باوەکان دەربارەی ڕۆح

ئایا مردووەکان ئاگادارن، کاتێک زیندووەکان سەردانیان دەکەن و سەلامیان لێدەکەن؟

بەڵێ، (ئیبن قەییم) بە چەند بەڵگەیەکی زۆر، ئەم مەسەلەیەی هێناوە. لەوانە فەرموودەیەکی پێغەمبەر(د.خ.) کە دەربارەی ئەم بابەتە دەفەرمووێت: «هەر کەسێک سەردانی گۆڕی براکەی بکات و لە تەنیشتی دانیشێت؛ ئەوا سەرەخۆشی لێدەکات و وەڵامی دەداتەوە، تاوەکو لە لای هەڵدەستێت».

جا وێنای بکە، ئێستا لەم ساتەدایت و دەتوانیت لە تەنیایی براکەت یاخود دایکت یان هەر خزمێکت، بە تەنیا سەردانیکردنی، لە قەبرەکەیدا بڕەوێنیتەوە.

بەڵکو زیاد لەوەش، (ئیبن قەییم) چەندین وتە دەهێنێت کە تەنانەت کردەوەکانی زیندووەکان، پیشانی خزمە مردووەکانیان دەدرێت، ئەگەر شتی چاکە ببینین؛ دڵخۆشدەبن و ڕوویان دەگەشێتەوە.

ئایا کردەوەکانمان بە مردووەکان دەگات؟

(ئیبن قەییم) دەڵێت: «ڕۆحەکان دوو بەشن: ڕۆحانێک کە ئازار دەچێژن و ڕۆحانێکیش ناز و خۆشییەکان دەنۆشن. ئەوانەی



Scanned with CamScanner

کـە ئـازار دەچێـژن. بـە سـەردانیکردنی گۆڕەکانیـان، لـە سـزاکانیان کـەم نابێتـەوە. بـەڵام ئـەو ڕۆحانـەی لـە بەخششـدا دەژیـن، ئـازادن و لـە کاتـی سـەردانکردنیاندا، بـە خۆشەویسـتانیان دەگـەن. هەروەهـا لـەوەی چـی لـە دونیـادا ڕوودەدات، ئاگاداریـان دەکەنـەوە».

ئایا ڕۆح و گیانی مردووەکان بەیەکدەگەن؟

(ئیبـن قەییـم) دەڵێـت: «ڕۆحـی زینـدووەکان لـە ڕێگەی خـەوەوە، بـە ڕۆحـی مـردووەکان دەگـەن، بەڵکو قسـەش لەگەڵ یەکتـری دەکەن و هەواڵـی کاروبـاری دونیایـان پـێ دەڵێـن... پاشـان نموونەیەکـی زۆر ناوازەمـان بـۆ بـاس دەکات و دەڵێـت: ‹عەوفـی کوڕی مالیـک و صەعبی کـوڕی جوسـامە، دوو هاوڕێـی یەکتـری بـوون، بەیەکـەوە لەسـەر ئـەوە ڕێککەوتبـوون کـە هـەر کامێکیـان لـە پێشـدا مـرد، ئەگـەر توانـی، با بێتـە خـەوی ئەوەکـەی تریـان کـە مـاوە. صەعبـی کـوڕی جوسـامە وەفاتـی کـرد، عـەوف لـە خەویـدا بینـی و پرسـیاری لێکـرد› ئـەرێ چییـان لێکردیـت؟› صەعـب وتـی: ‹الحمدللـە، خـودا لێمـان خـۆش بـوو›. پاشـان عـەوف پەڵەیەکـی ڕەشـی بـە دەموچـاوی صەعبـەوە بینی و وتـی: ‹ئـەوە چییـە؟› وتـی: ‹دە دینـارم لـە فـلان کەسـی جولەکـە قەرزکـردووە، بـڕۆ لە ماڵـەوە لـە باخەڵەکەمـدا دەیدۆزیتـەوە- بابەتەکەی بـۆ شـیکردەوە و شـوێنی پارەکـەی پـێ وت-. ئـەوە بزانـە بـرام، هـەر شـتێک لـە ماڵەکـەی مـن ڕووی دابێـت، دوای مردنیشـم هەواڵەکەیـم پێگەیشـتووە. تەنانـەت ئەوەشـیان پێگوتـووم کـە پشـیلەکەمان چەنـد ڕۆژێکـە تۆپیـوە! بەمـە، عەوفـی کـوڕی مالیـک لـە خەوەکـەی بەخەبـەر هـات و زۆر واقـی وڕمابـوو! لـە دڵـی خۆیـدا وتـی: ‹دەبێـت بچـم چاودێـری ئـەو شـتە بکـەم›... دەسـتبەجێ ڕۆیشـت بـۆ ماڵـی صەعـب و گـەڕا، پارەکـەی لـەو شـوێنەدا دۆزییـەوە کـە ئامـاژەی پێکردبـوو، لـە

نـاو باخەڵێکیـدا بـوو. ڕاسـتەوخۆ ڕۆیشـت بـۆ لای کابـرای جولەکـە، پرسـیاری پـارە قەرزەکـەی صەعبـی لێکـرد، ئەویـش وتـی: ‹بەڵـێ، دە دینـارم بـە قـەرز لـە مـن وەرگرتـووە›. عەوفیـش خێـرا پارەکـەی بـۆ کابـرای جـو گێڕایـەوە. پاشـان گەڕایـەوە بـۆ لای خانـەوادەی صەعـب و پرسـیاری لێکـردن کـە: ‹هیـچ ڕوووداوێـک لـە ماڵـی ئێـوەدا ڕووی نـەداوە؟› ژنەکـەی صەعبیـش وتـی: ‹بەڵـێ، پشـیلەیەکمان هەبـوو، پێـش چەنـد ڕۆژێکـە تۆپیـوە!›»

ئایـا دەکرێـت، کـردەوەی چاکـە بـە دیـاری بـۆ ڕۆحـی مـردوو بنێریـت؟

(ئیبـن قەییـم)، زۆر جـوان ئەمـە ڕوونەکاتـەوە، ئـەو پێـی وایـە: «دروسـتە هەمـوو کردەوەیەکـی چـاک، بـۆ مـردوو بکرێـت بـە دیاری» و دەڵێـت: «بـە ئیزنـی خـودا، ئـەو دیارییانـە، هەموویـان بـەو مـردووە دەگـەن... نوێـژ، ڕۆژوو، حـەج و عومـرە، قورئـان خوێنـدن و هەمـوو چاکەیـەک کـە بگونجێـت، وەک زیادەیـەک بـۆ مـردوو، بـە مەبەسـتی هەدییەکـردن بـۆ ڕۆحـی بکرێـت، بـە ئیزنـی خـودا، لـە گۆڕەکەیـدا پێـی دەگات...».

هەمـوو ئـەو زانیارییانـەی سـەرەوە، لـە کتێبـی (گیانـی)ی ئیبـن قەییمـەوە وەرگیـراوە.



Scanned with CamScanner



## دایکە (تریسا)

سیفەتێکە بە بێ بوونی ئەو، هەموو کردەوەکان بەتاڵ دەبنەوە، کێوی کردەوە چاکەکان، بە تۆز دەبن. سیفەتێکە بەبێ ئەو، تەنانەت شەهید، چاکەکار و قورئانخوێنیش، دەچنە ئاگری دۆزەخەوە. سیفەتێکە، زۆرێک لە خەڵکی لێی بێئاگان، لەبەر ئەوەی بە چاوی ئاسایی نابینرێت؛ بۆیە پشتگوێیان خستووە و لەبیریان کردووە، ڕەچاوی ناکەن وەک ئەوەی شایەنییەتی ڕەچاو بکرێت.

دڵسۆزی... ئەوەیە کە هەرکارێک دەیکەیت، تەنیا لە پێناو خودادا بێت، نەک بۆ ئەوەی کە پێت بڵێن: «بەڕاستی چاکەکاریت»، نەک پێت بڵێن: «بەڕاستی تۆ مەترسیداریت»، یان نەک بۆ ئەوەی کە پێت بڵێن: «سوپاس»، بەڵکو تەنیا بۆ ئەوەی ڕەزامەندی خودا بەدەستبهێنیت. کارێکی قورسە، کارێک بکەیت هیچ بەدیهێنراوێک لەبەرچاو نەگریت و نەبینیت، تەنیا بۆ خودا بێت. دڵسۆزی لە گەورەترین بەخششەکانی خودایە. خودا بەهەر کەسێکی نابەخشێت، ئەگەر ویستی چاکەی پێی نەبێت.

چەندان کتێب و بابەتم دەربارەی دڵسۆزی خوێندووەتەوە، بەڵام لەبەر هۆکارێک یان زیاتر، ئەوەی کاریگەری لە سەر ئاوەز،



Scanned with CamScanner

دەروون و دڵـم هەبـوو، بابەتێـک بـوو کـە لـەم چەنـد ڕۆژەی ڕابـردوودا، لـە کتێبێکـی نوێـی «سـتیڤن کۆڤـی»دا خوێندمـەوە، بـە ناونیشـانی: (خـوی هەشـتەم)، خـودی نووسـەر، نووسـەری کتێبێکـی بەناوبانگـە بـە نـاوی: (حـەوت خووەکـەی کەسـە زۆر کاریگـەرەکان).

دەسـتەواژەکە دەڵێـت: «هێـوام وایـە، بـە تێڕامـان و وردبوونـەوەوە بخوێنرێتـەوە».

زۆر جـار خەڵکـی، نابابەتـی، ناهـزری و خۆپەسـەندن... بەهـەر شـێوەیەکبن، لێیـان ببـورە.

ئەگـەر تـۆ بـاش و میهرەبـان بیـت، خەڵـک تانـەی ئەوەت لێدەدەن کـە خراپەکاریـی خـۆت لـە پشـت ئـەو میهرەبانییـەوە دەشـاریتەوە... هەرچۆنێـک بێـت، هـەر میهرەبانبـە.

ئەگـەر کەسـێکی سـەرکەتوو بیـت، هاوڕێـی دووڕوو و بێبـارت بـە چـواردەوردا لـێ کۆدەبنـەوە... هەرچۆنێـک بێـت تـۆ سـەرکەتووبە.

ئەگـەر کەسـێکی سـەر ڕاشـکاو و سـامآڵ بیـت، بـە دڵنیاییـەوە بـە هۆیـەوە؛ خەڵـک فریـوت دەدەن... هەرچۆنێـک بێـت، تـۆ هـەر سـەر ڕاشـکاو و سـامآڵبە.

ئـەوەی لـە چەنـد سـاڵێکدا دروسـتی دەکەیـت، لەوانەیـە یەکێـک بێـت و لـە شـەوێکدا وێرانـی بـکات، هەرچۆنێـک بێـت، تـۆ بنیـاد بنـێ و دروسـت بکـە.

ئەگـەر خۆشـبەختی و قەناعەتـت بەدەسـتهێنا، لەوانەیـە خەڵکـی ئیرەییـت پێببـەن، هەرچۆنێـک بێـت، تـۆ خۆشـبەختبە.

چاکەیـەک کـە ئەمـڕۆ دەیکەیـت، خەڵـک سـبەینێ لـە بیـری دەکـەن... هەرچۆنێـک بێـت، تـۆ هـەر کاری چاکـە بکـە.

هەرچۆنێـک بێـت، چـی خێـر و بێـرت هەیـە، بـەم جیهانـەی بـدە.

لـە کۆتاییـدا، شـتەکان لـە نێـوان خـۆت و خـودادا دەمێنێتـەوە... هەرچۆنێـک بێـت، شـتەکان لـە نێـوان تـۆ و خەڵکیـدا نییـە.

(لە وتەکانی دایکە تریسا)

بەڵـێ، بەڕاسـتی... ناتوانیـن لـە کردەوەکانمانـدا دڵـی هەمـوو خەڵکـی ڕازی بکەیـن و خـوداش لێمـان ڕازی ببێـت. تـۆ وا کار بکـە کـە خـودا دەبینێـت، بـا قسـە و قسـەڵۆکی خەڵکـی کار لـە ورەت نـەکات.

خودا لە بەندە دڵسۆزەکانی خۆت بمانگێڕیت، ئامین!



Scanned with CamScanner



# چوار ژن

دەگێڕنەوە، لە سەردەمانی زوودا، یەکێک لە پاشاکان چوار ژنی هەبوو. ژنی چوارەمی لە هەموویان خۆشتر دەویست، جلی جوانی بۆ دەهێنا، لەگەڵیدا مامەڵەی زۆر خۆشبوو، گرنگی زۆری پێدەدا و تەنیا باشترینی پێدەبەخشی. هەروەها ژنی سێیەمیشی زۆر خۆشدەویست، زۆر شانازی پێوەدەکرد و لای هاوڕێکانی هەردەم خۆی بەوەوە هەڵدەکێشا. لە هەمان کاتدا، پاشا زۆر دەترسا لەوەی کە ڕۆژێک وازی لێبێنێت و لەگەڵ پیاوێکی تردا بڕوات. ژنی دووەمیشی خۆشدەویست، هەرکات تووشی کێشە دەبوو، هەردەم ڕووی لێ دەنا، ئەویش هەردەم یارمەتی دەدا و لە کاتی ناخۆشییەکانیدا لەگەڵیدا دەبوو. بەڵام ژنی یەکەمی، هەرچەندە هاوسەرێکی زۆر بەوەفابوو، لە پاراستنی موڵک و قەڵەمڕەوەکەیدا یارمەتی زۆری دەدا، بەڵام پاشا خۆشی نەدەویست. هەرچەندە ئەو پاشای زۆر خۆشدەویست.

ڕۆژێک پاشا نەخۆش کەوت و هەستی کرد ئەجەلی نزیک بووەتەوە، بیری کردەوە و گوتی: «ئێستا من چوار ژنم هەیە، نامەوێت بە تەنیا بچمە گۆڕەکەمەوە». بۆیە لە ژنی چوارەمی پرسی: «تۆم لە هەموویان خۆشتر دەویست و بە دەم

داواکارییەکانتەوە دەهاتم، جلوبەرگی جوانم بۆ دەهێنایت، گرنگی زۆرم پێ دەدایت، ئەوا ئێستا من دەمرم، ئایا رازی دەبیت کە لەگەڵم بێیت و ببیتە بە هاورێی گۆرم؟»

ژنی چوارەمی وتی: «نەخـــــیر، هەرگیز». ئینجا رۆیشت، بەبێ ئەوەی هیچ ئاورێکی بە سۆز و میهرەبانی بۆ بداتەوە.

دواتر پاشا، ژنی سێیەمی بانگکرد و لێی پرسی: «بە درێژایی ژیانم، تۆم زۆر خۆشویستووە. ئێستاش کە دەمرم، ئایا دەبیتە هاورێی گۆرم؟» ژنی سێیەم وتی: «بە دڵنیاییەوە نەخێر، لێرە ژیان زۆر خۆشە و لە پاش مردنت، دەرۆم و هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکی دیکەدا دەکەم».

پاشان ژنی دووەمی بانگکرد و لێی پرسی: «هەردەم بۆ یارمەتی، رووم لە تۆ کردووە و تۆش یارمەتیت داوم. ئێستاش دووبارە پێویستیم بە یارمەتیتە. کاتێک کە دەمرم، ئایا دەبیتە هاورێی گۆرم؟»

ژنی دووەم وتی: «ببورە، ئەمجارە ناتوانم یارمەتیت بدەم. ئەوەی پێم دەکرێت، ئەوەیە بۆ ناو گۆرەکەت بتنێرم و تا گۆرستان لەگەڵت بم».

پاشا لە وەڵامی ئەو ژنانەی، خەمبارییەکی توند دایگرت. لە ناکاودا دەنگێک هات و وتی: «من دەبمە هاورێی گۆرت، بۆ هەرکوێ برۆیت، هاوەڵیت دەکەم». پاشا کە سەری هەڵبڕی، بینی ژنی یەکەمیەتی، ئەو، بەهۆی پشتگوێخرانیەوە لە لایەن پاشاوە؛ زۆر لاواز بووبوو، هەروەک بڵێیت تووشی بێخۆراکی بووبێت.

پاشا لەوەی کە لە ژیانیدا بە خراپی مامەڵەی لەگەڵدا کردووە؛ هەستی بە شەرمەزاری کرد و وتی: «ئاخ! خۆزگا هەر

لـە سـەرەتاوە زیاتـر لەوانـی تـر گرنگیـم بـە تـۆ بدایـە، ئەگـەر کات بگەڕێتــەوە دواوە، گرنگــی زیاتــر بــە تــۆ دەدەم».

لـە ڕاسـتیدا، ئێمـە هەمووومـان لـە ژیانمانـدا، یەکـی چـوار ژنمـان هەیـە.

* ژنــی چــوارەم: جەســتەمانە. جـا هەرچەنـد بـۆ جوانکردنـی، کات و وزە بەکاربهێنیــن، بــەڵام کاتێــک دەمریــن، هــەر بەجێمــان دەهێڵێــت.

* ژنــی ســێیەم: موڵــک و پلــە و ســامانمانە. کاتێــک کــە دەمریــن، هەمــووی بــۆ کەســانی تــر دەڕوات.

* ژنــی دووەم: خێــزان و هاوڕێیانمانـــن. هەرچەنـــدە کاتێـــک کـــە زیندووبوویــن هاوســۆزمان و نزیکمــان بــوون، نزیکتریــن شــوێن کــە بتوانــن لەگەڵمــان بێــن، تــا ســەر گۆڕەکانمانــە.

* ژنـی یەکـەم: ڕۆحمانـە. زۆربـەی کات، پشـتگوێخراوە؛ لەبـەر ئـەوەی شـوێنی ئارەزووەکانمـان، سـامانەکەمان وهاوڕێکانمـان دەکەویـن. لـە کاتێکـدا کـە ڕۆحمـان، تەنیـا شـتە کـە لـە گـۆڕدا لەگەڵمانـدا دەبێـت.

تــۆش ســەیرکە، ئەگــەر ڕۆحەکــەت؛ خــۆی لــە کارەکتــەری مرۆڤێکـدا ببینێتـەوە. دەبێـت شـێوە و شـکڵی چـۆن بێـت؟ بێـزراو و لاواز و ئیهمالکــراو؟ یاخــود بەهێــز و ڕاهێنــراو و چاودێریکــراو؟

(ئەم چیرۆکە لە ئیمەیڵێکی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە).



Scanned with CamScanner



## بۆ خودا

خودایە.. پەروەردگارا! ئیلاهی.. دروستکارم.. ئەی گەورەم.. پاک و بێگەردی بۆ ئەو هەموو ئارامگرییەت.. بۆ ئەو سۆز و میهرەبانییەت... بۆ ئەو هەموو ڕێزداری و بەخشندەییەت. پاک و بێگەردی بۆ تۆ کە بێجگە لە تۆ، هیچ خودایەک بوونی نییە... جگە لە تۆ، کەسم نییە لێی بپاڕێمەوە.. تکای لێبکەم. تۆ گەورەمیت.. هیچ پەناگەیەکم نییە، لای تۆ نەبێت. ئەی بیسەری هەموو سکاڵایەک!

درووود و سەلام ببارێت بەسەر باشترین دروستکراوەکانی خودا کە خۆشەویست و پێشەوامان موحەممەدی پێغەمبەرە (د.خ)، هەروەها درووود لەسەر خێزان و هاوەڵانی و نەوەکانی و خێزانەکانی تا ڕۆژی دوایی.

پەروەردگارا!

پاک و بێگەردی بۆ تۆ کە پێش ئەوەی بنووسم، دەزانیت چی دەنووسم.

پێش ئەوەی بڵێم، دەزانیت دەمەوێت چیی بڵێم. پێش ئەوەی نیازم دەربڕم، دەزانیت نیازم چییە.

پێش ئەوەی سکاڵا بکەم، دەزانیت چ سکاڵایەک دەکەم.



Scanned with CamScanner

پێش ئەوەی داوا بکەم، دەزانیت چیم پێویستە.

پێـش ئـەوەی بپاڕێمــەوە، دەزانیـت چ نزایـەک دەکـەم. بێگومـان ئـەی پـاک و بێگـەرد- تـۆ بەڕێزیـت.

دەزانـم لـە پەرسـتندا کەمتەرخەمـم؛ بـە هـۆی لاوازی ئیمانمـەوە، کـەم شـەرمیمەوە، سـپڵەییمەوە، بێدەسـەڵاتیمەوە بەرانبـەر بـە ئارەزووەکانـم، کـەم خۆشویسـتنی تـۆوە، گوناهەکانـی پێشـترمەوە بـووە کـە هەریەکێکیـان گوناهـی تـر بـە دوای خۆیـدا ڕادەکێشـێت، بەهـۆی هەندێـک شـتەوە بـووە کـە مـن نازانـم و تـۆ لێیـان ئاگاداریـت.

بـەڵام دەزانـم تـۆ؛ بەڕێز و بەخشـندەیت، هیچ کـەس ڕەدناکەیتەوە، ئەگـەر داوات لێبکات.

دەزانـم تـۆ؛ دانـا و کاربەجێیـت، ئەگـەر ویسـتت لەسـەری بێـت، لـە هـەر کات، سـات و جێگایەکـدا بێـت، وەڵامـی نـزاکان دەدەیتـەوە.

دەی تۆ کە خودای تاک و بێهاوتایت، لێت دەپاڕێمەوە!

هانات بۆ دێنم!

بۆت بەچۆکدا دێم!

بۆت ملکەچ و زەلیلم!

لێت دەلاڵێمەوە!

لێــت نزیــک دەکەومــەوە و دەتپەرسـتم. بــە نــزاوە دەســتم بەرزدەکەمـەوە و داوات لێدەکـەم لـە خۆشویسـتنتدا کۆمەکـیم بکەیـت!

داوات لێدەکـەم، ئێسـتا کـە لـە نێـو ئارەزووەکانـی دونیـادا تێداماوم، خۆشەویسـتی خـۆت و خۆشەویسـتی پێغەمبەرەکـەت، بخەیتـە پێش خۆم!

داوات لێدەکـەم، ڕێـگای خۆشەویسـتی خـۆت و خۆشەویسـتی پێغەمبەرەکەتـم بـۆ ڕوونـاک بکەیتـەوە.



Scanned with CamScanner

داواکارم کۆمەکیم بکەیت؛ تا بەسەر دەروونمدا سەربکەوم و بمکەیتە ئەهلی ئاخیرەت. بمکەیتە ناو بەندە تایبەتەکان، ڕاستگۆیان و پیاوچاکانەوە!

داواکارم، هیوام پێببەخشیت و لە بێهیوایی بمپارێزیت!

پەروەردگارا!

زۆر کتێبم خوێندەوە؛ تاوەکو لە تۆ نزیک ببمەوە.

دەزانم ئەوە هیچ نییە تەنیا دەستگرتنە بە هۆکارەکانەوە، وەک خۆت فەرمانت پێکردووین.

بۆیە لە سەرەتا و کۆتاییدا، هەموو شتێک و هەموو فەرمانێک هەر بۆ تۆ دەگەڕێتەوە. ئەگەر بفەرموویت ببە، دەبێت. بە تەواوی پەنات پێ دەگرم!

ئەی پەروەردگارا لەو هەموو گوناهانەی تێیاندا ژیاوم، ڕەحمم پێ بکەیت!

خودایە بمکەرە بەندەی خۆت!

بە تەواوی مانا، بە هەموو واتایەک کە لە وشەی بەندایەتیدا هەیە، بمکەرە بەندەی خۆت! لە کاتی خۆشی، ناخۆشیدا و لە هەموو کات، شوێن و حاڵەتێکدا بمکەرە بەندەی خۆت. بمکەرە بەندەت؛ لەبەر ئەوەی تۆ خالقی منیت، شایەنی ئەوەی کە بەندایەتیت بۆ بکرێت. بمکەرە بەندەت، بە هەموو ملکەچییەک کە بۆ تۆ بێت؛ چونکە ملکەچی بۆ تۆیە، ئەی خاوەنی هێز و عیززەت! بە هەموو جەستەم، گیانم، بە تەواویی دڵم و عەقڵمەوە بەندەتم. خودایە، تۆش دڵم، گیانم، هزرم، عەقڵم، هەناسەم و دەروونم پڕ لە خۆشەویستی خۆت بکە!.. هیچ خودایەک نییە جگە لە تۆ، ئەی پەروەردگارم!



## خۆشەویستی دونیا

یاسا سەرەکییەکانی بوزایەتی دەڵێت:

١- ژیان سەختییە.

٢- ئـەو سـەختییانە؛ هۆکارەکـەی پەیوەسـتبوونی دڵ بـە دونیـا و ئارەزووەکانیەوەیەتـی.

٣- بـۆ کۆتاییهێنـان بـەو سـەختییانە، پێویسـتە ئـەو پەیوەسـتبوونەی دڵ بـە دونیـاوە، لەناوبەریـن.

٤- بـۆ لەناوبردنـی ئـەو پەیوەسـتبوونەی دڵیـش بـە دونیـاوە، چەنـد کارێـک پێویسـتە:

یەکـەم: تێگەیشـتنی دروسـت دەربـارەی حەقیقەتـی دونیـاو لـە ناوچوونـی.

دووەم: باش مامەڵەکردن لەگەڵ بیرکردنەوەکاندا.

سێیەم: باش مامەڵەکردن لەگەڵ زماندا.

چوارم: باش مامەڵەکردن لەگەڵ کردەوەکاندا.

پێنجەم: تێڕامان و گۆشەگیری.

زانایانـی ئیسـلام، سـێ خراپـەی وابەسـتەبوونی دڵـی مرۆڤیـان بـە دونیـاوە باسـکردووە:

١- سەقاڵبوونی بەردەوام و بەتاڵ نەبوونی.



Scanned with CamScanner

٢- خەمێک کە هەرگیز ناڕوات.

٣- ڕازی نەبوونێک کە هەرگیز ناڕوات.

پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموویت: «هیچ شتێک ناخی نەوەی ئادەم تێر ناکات، جگە لە خۆڵ».

کە وابوو، واز لە دونیا بهێنین و پشتی تێبکەین؟ نا هەرگیز، بە پێچەوانەوە داوامان لێکراوە، لە هەموو ئەو بوارانەدا کە گونجاون داهێنانی تێدابکەین، لەم دونیایەدا سەرکەوتن بە دەستبهێنین، بەڵام ئەوە هەمووی بە نیازی دوارۆژە تا بنیاد بنرێت. با نان بخۆین؛ بە نیازی ئەوەی سوپاسی خودا لەسەر بەخششەکانی بکەین. با کە خەوتین، بە یازی ئەوە بێت کە پشوویک بە جەستەمان بدەین؛ بۆ ئەوەی بۆ دوارۆژ بەرگەی پەرستشەکان بگرێت. با کار بۆ ئاوەدانکردنەوەی زەوی بکەین کە خودای گەورە ئیمەی بە جێنشین تێداکردووە؛ تا بنیادی بنێین؛ بە مەبەستی هاوکاریکردنی یەکتری و چاکەکردن. با هاوسەرگیری بکەین؛ بە نیاز و مەبەستی داوێنپاریزی حەڵاڵ. با لەگەڵ هاوریکانمان کۆببینەوە و قسەی خۆش بکەین؛ بە مەبەست و ئامانجی برایەتی لە پێناوی خودادا. نهێنییەکە لە نیاز و نییەتدایە، نییەتیش جێگاکەی دڵە. کاتێک دوو گەنج بۆ قوتابخانە دەچن، هەردوکیان کۆشش دەکەن و دەخوێنن، بەڵام یەکێکیان لەبەر دونیا ئەم کارە دەکات، دووەمیان هەم لە پێناوی دونیا و هەم قیامەتیش ئەم کارە دەکات. ئەم دوانە جیاوازییان زۆرە، هەرچەندە بە ڕووکەش، هەردوکیان یەک کار دەکەن. جارێکی تریش نهێنییەکە، هەمووی لە دڵدایە.

لەبەر ئەوەیە زانایان وتیویانە: «دنیا نەویستی(زهد)، ئەوە

نییەکـە پشـت لـە دونیـا بکەیـت، بەڵکـو زوهـدی حەقیقـی ئەوەیـە، بـێ ئـەوەی دڵـت پێـوەی وابەسـت بێـت، دونیـات هەبێـت». لـە نـزای یەکێـک لـە پیاوچاکانـدا هاتـووە: «خودایەگیـان! دونیـا بخەیتـە نێـو دەسـتم، نەیخەیتـە نـاو دڵمـەوە".

ڕاهێنانـی کردەیـی: هـەوڵ بـدە، هـەر کردەوەیـەک کـە ئـەم هەفتەیـە دەیکەیـت، بـە دوارۆژ و خودای گـەورەوە پەیوەسـتی بکەرەوە. هـەر کردەوەیـەک بێـت، بـە سـوودێکی قیامەتییـەوە ببەسـتەرەوە، بـۆ نموونـە: ڕۆیشـتنت بـۆ تاقیکردنـەوەکان، بـە تاقیکردنـەوەی ڕۆژیـی دوایـی لەبـەردەم خـودادا پەیوەسـتی بکـە. خوێندنەکـە بـە و وتەیـەی پێغەمبـەرەوە (د.خ) کـە دەفەرموویـت: «خـودای گـەورە، کردەوەیەکـی خۆشـدەوێت کـە بەندەکـەی بـە جوانتریـن شـێوە ئەنجامـی دەدات»، گـرێ بـدە. یـان کڕینـی ئۆتۆمبێلێکـی نـوێ، بـەو ئایەتـەی کـە خودای گـەورە دەفەرموویـت: (وَأَمَّـا بِنِعْمَـةِ رَبِّـكَ فَحَـدِّثْ) واتـە: (تـۆ- ئـەی موحەممـەد(د.خ)-، دەربـارەی بەخششـەکانی خـودا بـە سـەرتەوە، بـدوێ)، ببەسـتەرەوە. خوشـکی موسـوڵمان، کڕینـی پۆشـاکەکەت بـەو وتـەی پێغەمبـەرەوە کـە دەفەرموویـت: «(خـودای گـەورە جوانـە و جوانیشـی خۆشـدەوێت»، گرێبـدە. هەروەهـا بـە هەمـان شـێوە.

بـا ببینـە ئـەو کەسـانەی کـە (عەمـر خالـد) دەڵێـت: «بازرگانـی نیـازەکان بیـن»!



Scanned with CamScanner



# کوێر کێیە؟

لەو کاتەوەی کە لە دایک بووە، بۆ ماوەی (٣٠) ساڵ، ژیانی لە نابیناییدا گوزەراندووە. لەگەڵ بەرەو پێشچوونی کەرتی تەندروستیدا، هەلی ئەوەی بۆ هەڵکەوت کە نەشتەرگەری چاوەکانی بکات. دوای ئەوەی بۆ نەخۆشخانە چوو و نەشتەرگەری بۆ کرا، کاتێک کە پزیشکەکە برینپێچەکەی لەسەر چاوی لابرد، چاوەکانی کردەوە؛ بۆ ئەوەی بۆ یەکەمجار لە ژیانیدا، ڕۆشنایی ببینێت! بەڕاستی ئەوە ڕووداوێکە، لە هەموو دونیادا چەند جارێکی کەم نەبێت، ڕوونادات(ئەوەی بە نابینایی لەدایک ببێت، دواتر ڕۆشنایی بۆ چاوەکانت بگەڕێتەوە).

کاردانەوەکەی بۆی جەرگبڕ بوو. ئەو کات نەیتوانی کە جیاوازی لە نێوان ئەو شتانەدا بکات کە بینیبوونی؛ لەبەر ئەوەی هەموو ژیانی، لەوەتەی لەدایکبووە، شتەکان لە ڕێگای دەستلێدانەوە دەناسێتەوە. ئەو لە ڕێگەی دەستلێدانەوە نەبێت، نازانێت کە سێو چۆنە. لە مانای ڕەنگەکان تێناگات، تەنانە لە شێوە و ڕووخساری مرۆڤیش تێناگات، بە شێوەیەک کە تەنانەت ناتوانێت لە دوور و نزیکیی شتەکان تێبگات. ئەمانە



Scanned with CamScanner

هەموویـــان شـــتگەلێکن، ناگونجێـــت لێیـــان تێبگەیـــت و ڕاڤەیـــان بکەیـت، لـە ڕێگـەی بینینـەوە نەبێـت. بـە درێژایـی ژیانـی، عەقڵـی پەیوەســـتبووە بـــە هەســـتی دەســـتلێدانەوە. هیـــچ پەیوەندییـــەک لـــە نێـــوان چـــاوی و عەقڵیـــدا بوونـــی نەبـــووە. چەنـــد هەفتەیەکـــی دوای نەشتەرگەرییەکەشـــی، هـــەر وەک نابینایـــەک بەڕێدەکـــرد. ئـەو دەیبینـــی، بـــەلام لـــەو شـــتانە تێنەدەگەیشـــت کـــە دەیبینیـــن. پاشـــان، وردە وردە فێـــری ناســـینی شـــتەکان دەبـــوو. ســـێو دەبینێـــت، نایناســـێت. پاشـــان دەســـتی لێـــدەدات، دەیناســـێتەوە، ئەوجـــا پەیوەنـــدی نێـــوان چـــاوی و ئـــەو شـــتەی کـــە دەســـتی لێـــداوە، دروســـت دەکات. دواجـــار عەقڵـــی لـــە شـــتەکە حاڵـــی دەبێـــت. چەنـــد مانگێـــک بـــەم شـــێوەیە تێپـــەڕی. چونکـــە ئـــەو ڕانەهاتبـــوو لەســـەر تێڕوانینـــەکان، ئیتـــر تێبینـــی کۆمەڵێـــک شـــتی دەکـــرد کـــە کەســـی ئاســـایی، تێبینـــی وای نەدەکـــرد. دواتـــر وای لێهـــات کـــە گوزارشـــتەکانی دەم و چـــاوی بـــە ئاســـایی دەناســـینەوە. وای لێهـــات کـــە تێبینـــی گوزارشـــتی دووڕووی، شـــڵەژان و کۆمەڵێـــک شـــتی تـــری دەکـــرد کـــە مرۆڤـــی ئاســـایی هەســـتی پێنەدەکرد(مەگـــەر کەســـێک کـــە شـــارەزایی هەبێـــت). لێـــرەوە لـــە مانـــای ڕوومەتناســـی تێگەیشـــت. ڕوومەتناســـی بریتییـــە لـــە: توانـــای تێبینیکردنـــی گوزارشـــتەکانی دەموچـــاو کـــە بەهۆیـــەوە، کۆمەڵێـــک شـــت دەبینێـــت کـــە کەســـی تـــر ئـــەوە نابینێـــت. هەندێـــک لـــە پێشـــینان، کاتێـــک کەســـێک بهاتایەتـــە لایـــان، ئەگـــەر گوناهێکـــی کردبایـــە، ئـــەوا شـــوێنەواری ئـــەو گوناهەیـــان بـــە ڕوویـــەوە هەســـت پێکـــردووە.

بـــا بـــۆ لای هاوڕێکەمـــان بگەڕێینـــەوە کـــە ئێســـتا دەتوانێـــت چێـــژ

لە هەموو ئەو شتانە ببات کە مرۆڤی ئاسایی، هیچ نرخێکیان بۆ دانانێت. لە هەڵهاتن و ئاوابوونی خۆر، لە وێنەی منداڵێکی بێگەرد کاتێک دەگری و لە هەموو باڵندەیەک کە بە ئاسماندا دەفڕێت، چێژ دەبینێت.

دوای چەند مانگێک، ڕووداوێکی سەیر ڕوویدا، ئەوەبوو حاڵەتێکی تارمایی کتوپڕ، بەسەرچاوەکانیدا دەهات. چەند چرکەیەک بەردەوامدەبوو دوایی نەدەما. ئەم حاڵەتە، چەند جارێک دووبارە بوویەوە و ورد وردە ڕووی لە زیادبوون دەرکرد؛ بۆیە چویەوە بۆ لای پزیشکەکەی، چەند پشکنینێکیان بۆ کرد و پێیان وت: «داوای لێبوردن دەکەین، کێشەی چاوت دووبارە سەری هەڵداوەتەوە؛ بۆیە دوای چەند ڕۆژێکی تر، چاوەکانت لەدەست دەدەیتەوە»! دوای ئەوەی چەند مانگێک بە چاوەکانی خۆی ئاشنایە و بینایی بۆ گەڕاوەتەوە؛ هەستێکی زۆر نامۆ، ئەو پیاوەی داگرت. هەرواش دەرچوو، بە تەواوی حاڵەتی چاوی خراپتر بوو، چەند ڕۆژێک تێنەپەڕی و جارێکی تر، چاوەکانی لەدەستدا.

ئەو پیاوە، بەم جۆرە باسی ئەو ئەزموونەی خۆی دەکات و دەڵێت: «کوێر، ئەو کەسە نییە کە نابینایە، بەڵکو کوێر، ئەو کەسەیە کە هەست بە بەخششی بینین ناکات و لێی وردنابێتەوە. چەندین کەس هەن، بە چاوەکانیان دەبینن، بەلام دڵەکانیان کوێرە و هیچ نابینێت. هەروەها چەندین نابینا هەن کە بە دڵەکانیان دەبینن».

ئەوە، پوختەی ئەو فەرموودەیەی خودای گەورەیە کە

دەفەرمووێـــت: (فَإِنَّهَـــا لَا تَعْـــمَى الْأَبْصَـــارُ وَلَكِـــن تَعْـــمَى الْقُلُـــوبُ الَّـــتِي فِي الصُّـــدُورِ)

بەڕاســـتی، بینیـــن، لـــە گەورەتریـــن بەخششـــەکانی خـــودای پـەروەردگارە. بـا ئێمـەش، ڕۆژانـە لـە سـوجدەکانماندا، سوپاسـگوزاریی خۆمانـــی لەســـەر دەرببڕیـــن.

ئـــەم چیرۆکـــە لـــە فلیمـــی (یەکـــەم بینیـــن At First Sight) ەوە وەرگیـــراوە. بەڕاســـت،, فیلمێکـــی ناوازەیـــە و لـــە ڕووداوێکـــی ڕاســـتەقینەوە وەرگیـــراوە کـــە لـــە ئەمریـــکادا ڕوویـــداوە.



## نهێنی له خۆشەویستیدایه

موستەفا مەحموود دەڵێت: «خەڵکی، وا لە ئایین تێگەیشتوون کە بریتییە لە کۆمەڵێک فەرمان، قەدەغەکردن، ڕێزێک لە سزا، سنوور و دیاریکردنی حەرام و حەڵاڵ. لەکاتێکدا، ئەمانە هەموویان لە کاروبارەکانی دونیان. بەڵام ئایین، شتێکی قووڵتر و لەوە گشتگیرترە. ئەو خۆشەویستییەیە کە پێیەوە، هاتووینەتە دونیا. تینوێتی ڕۆحییە بۆ ئەو سەرچاوەی کە لێوەی هەڵقوڵاوین. جا خۆشەویستی ترۆپکی بابەتەکەیە، ئەگەر ئەو خۆشەویستییە نەبێت، هەموو پەرستش و گوێڕایەڵییەکان ناتوانن کەسێکی ئاییندار و موسوڵمان دروست بکەن». ئیبن ئەلعەرەبی دەڵێت: «هیچ لە ئایین حاڵی نەبوویت و حاڵی نابیت، تا ئەو کاتەی هەموو دروستکراوەکانت خۆش نەوێت؛ چونکە هەموویان خودا دروستیکردوون».

دەڵێم: جیاوازییەکی زۆر گەورە هەیە لەوەی کە خودا، لەبەر ئەوەی لێی دەترسیت، بیپەرستیت و بە (ناچاری) ئەوە بکەیت، لەگەڵ ئەوەی لە پێناو ئەوەی کە خۆشتدەوێت بیپەرستیت. ئەگەر تۆ بەڕاستی خودات خۆشدەوێت؛ ئەوا پێویستە ئەو خۆشەویستییە لە ئاکارت، ڕۆیشتنت، قسەکردنت و هەڵسوکەوتتدا دەربکەوێت. ئەگەر نا، ئەوە خۆشویستنێکی وەهمی و فریودەرە.



Scanned with CamScanner

ئەم نزایەتان بە دیاری پێشکەکەش دەکەم؛ تاوەکو ببێتە هۆی رووانـدنـی خۆشەویـستـی لەنـاو دڵەکانتانـدا کـە ئەویش نزایەکە، کاریگەرییەکـی بەهێـزی هەیـە و ئەزمـوون کـراوە. تۆش هەمـوو رۆژێک سووربە لـە سـەر وتنـەوەی:

(پـەروەردگارا! مـن داوای خۆشەویـستیت لێدەکـەم، داوای خۆشەویـستـی ئـەو کەسـانەت لێدەکـەم کە خۆشـتدەوێن. پـەروەردگارا! داوای خۆشەویـستـی کردەوەیەکـت لێدەکـەم کـە لـە خۆشویـستنـی تـۆ نزیکـم بکاتـەوە. پـەروەردگارا ئەوەی پێت بەخشـیووم و خۆشـم دەوێت، بیکەیتـە هێزێـک بـۆم؛ بۆ ئەو شـتەی کە تۆ خۆشـتدەوێت. هەرشـتێکت لـە مـن گرتووەتـەوە کـە خۆشـم بوێـت؛ بیکەیتـە شـتێک کـە تـۆ خۆشـتبوێت. خودایـە! خۆشەویـستیت لـە لام، لـە ئاوی سـارد لـە کاتی تینوێتیـدا، لـە نەفسـی خـۆم کـە لـە نێـو جەسـتەمدایە، خۆشەویـستتر بکەیـت. خودایە! خۆشەویـستـی خـۆت، فریشـتەکانت، پێغەمبەرەکانت و پیاوچاکانـم پێببەخشـە! خودایـە! دڵـم بـە خۆشەویـستـی خۆت ئـاوەدان بکـەرەوە، بـەو جـۆرەی لێبکـە کـە تـۆ خۆشـت دەوێـت. خودایـە! وام لێبکەیـت بـە تـەواوی دڵـم، تـۆم خۆشـبوێت. وام لێبکەیت بـە کارەکانم رازیـت بکـەم. خودایـە! وام لێبکـە، هەمـوو خۆشەویـستیم بۆ تـۆ بێت و هەمـوو هەوڵدانێکـم لـە پێنـاو رەزامەنـدی تـۆدا بێـت).

پێغەمبـەر(د.خ) دەفەرموویـت: «ئەگـەر یەکێـک لـە ئێـوە، برایەکـی خۆشویـست، بـا پێـی بڵێـت کـە خۆشـیدەوێت». دەی بـا ئێمـەش هەر ئەمـرۆ، پەیوەنـدی بـە براکانمانـەوە بکەیـن و پێیـان بڵێـن: خۆشـمان دەوێـن، بـە بـێ هیـچ ئیحراجییـەک وا بڵێیـن؛ چونکـە پێغەمبـەر(د.خ) سەرمەشـقی هەموومانـە.



Scanned with CamScanner



## کاتژمێرێك لە تەنیشت خۆشەویستەوە

بروانە.. ئەگەر هەلێکت بۆ بگونجێت و بتوانیت بۆ ماوەی کاتژمێرێک لەگەڵ پێغەمبەردا بیت، باسی چی بۆ دەکەیت و چی پێدەڵێیت؟

پێی دەڵێم:

ببورە ئەی پێغەمبەری خودا؛ چونکە نەمتوانیوە کارەکتەرێکی باشی ئایینەکەت بم و وەک پێویست فەرمایشتەکانت بەجێبهێنم. بمبورە لەو بێ قەدرییەی بەرانبەر بەو هەموو ماندووبوون، نارەحەتی و تێکۆشانەی چەشتت تا ئایینمان پێبگەیەنیت، ئایینێک لەسەر سینییەکی ئاڵتوونی هاتۆتە بەردەستمان و قەدری نازانین. بمبورە! وەڵڵا قەدری تۆمان نەداوە؛ بەو جۆرەی کە شایەنی تۆیە. ئەو خۆشەویستییەمان بۆت نەبووە کە شایەنی خۆشویستنی تۆ بێت.

ڕزگارم بکە ئەی پێغەمبەری خودا! کەسێک هاتە لات کە زینا و داوێن پیسی خۆشدەویست، دەستی شەریفت بەسەر سنگیدا هێنا و لەو تاوانە ڕزگارت کرد. دەی کێ هەیە، دەست بەسەر سنگی مندا بهێنێت؛ تا لە پیسی تاوان پاکی بکاتەوە؟

دەڵێم:



Scanned with CamScanner

سوپاس بۆ ئەو خودایەی، بەخششی ئەوەی پێدام کە بتبینم و لەخزمەتتدابم. سوپاس بۆ ئەو خودایەی، ئەم کاتژمێرەی پێبەخشیم کە خۆشترین کاتە. سوپاس بۆ خودا لەوەی کە تۆی کردۆتە پێغەمبەر و پێشەوا و خۆشەویستمان.

ئەی هاوار، تۆ چەند پەیامبەرێکی خۆشەویست و شیرینیت! ئەی هاوار، چ پێغەمبەرێکی کە لە هەموو مرۆڤ گەورەتریت! دەڵێم:

نزام بۆ بکەیت، ئەی پێغەمبەری خودا؛ تا خۆشەویستی خودا و تۆم لە خۆشویستنی خۆم، ئارەزووەکانم، هەموو دونیا و ئەوەی کە لە دونیاشدایە، لە لا گەورەتر و بەڕێزتر بێت.



Scanned with CamScanner



## نهێنی بەردەوامیی بەخشش

دڵخۆشبوون بە بەخششەکان لای مرۆڤ، سێ پلەی هەیە:

١- دڵخۆشـبوونێک بـەوەی سـوود لـە بەخشـش بۆ خـۆی و ئارەزووەکانی وەردەگرێت.

٢- دڵخۆشـبوونێک بـەوەی، ئـەو بەخششـە بەڵگەیـە لەسـەر چاودێـری خودایـی کـە ئـەو بەخششـەی پێبەخشـیوە.

٣- دڵخۆشـبوون بـەوەی، ئـەو بەخششـە هـۆکار و ڕێگایەکـە بـۆ نزیکبوونـەوە و پەرستشـکردنی خـودای گـەورە.

پلـەی یەکەمیـان، هیـچ سوپاسـگوزارییەکی تێدانییـە؛ چونکـە بـە بەخششـەکە خۆشـحاڵە، نـەوەک بـە بەخشـندەی بەخششـەکە (کـە خودا)یـە. دووەمیـان، بەشـێک لـە سوپاسـگوزاری تێدایـە، بـەڵام بـە لاوازی. سـێیەمیان، بریتییـە لـە سوپاسـگوزاری تـەواو. ئـەو کاتـەی کـە بەندەکـە دڵخۆشـە، نـەک لەبـەر بەخششـەکە، بەڵکـو لەبـەر ئـەوەی هۆکارێکـە بـۆ لـە خـودا نزیکبوونـەوە. نیشـانەی ئـەوەش، ئەوەیـە کـە بـە هیـچ بەخششـێک دڵ خـۆش نابێـت کـە لـە خـودای غافـڵ بـکات، بەڵکـو بەوانـە دڵتەنـگ و نارەحـەت دەبێـت.

ئەو قسەیەی پێشتر، لە داهێنانە ناوازەکانی پێشەوا غەزالییە لە کتێبی (الأربعين في اصول الدين)ەوە بە دەستکارییەوە، وەرگیراوە.



Scanned with CamScanner

سوپاس بۆ خودا، تۆ كە لە و پەڕی باشی و تەندروستدایت، لووتكەی سوپاسگوزاری ئەوەیە بەو بەخششە دڵخۆشی دەربڕیت؛ لەبەر ئەوەی بەو هۆیەوە دەتوانیت بە پێوە نوێژ بكەیت، یارمەتی خەڵک بدەیت، ئیش بكەیت و زەوی خودا ئاوەدان بكەیتەوە. ئەوە، ئەو دڵخۆشییەیە كە پاداشتی لەسەر وەردەگریت.

ئەی كچی بەڕێزا كە خودای گەورە ڕووخسارێكی جوانی پێبەخشیویت، لوتكەی سوپاسگوزاری ئەوەیە، شادمانی دەربڕیت؛ لەبەر ئەوەی خودای پەروەردگار دەسەڵاتی جوانیی بەدیهێنانی لە ڕووخساری تۆدا كێشاوە. تۆ بەڵگەیەكی خوداییت لە داهێنانەكان و گەورەیی دروستكراوەكانی. لووتكەی سوپاسگوزاری تۆ، ئەوەیە بچیت ئەو ڕووخسارە جوانەت، بۆ گەنجێكی موسوڵمان بەكاربهێنیت؛ تا لە حەرام بیپارێزیت و ببیتە هاوسەرێكی جوان، نەرم و نیان. لێرەوە تۆ دەتوانیت هاوكار بیت بۆ دورخستنەوەی تاوان و پارێزگاری پیاوان. بەڵام لوتكەی سەركێشی و عینادی ئەو كاتە دروست دەبێت، ئەو جوانییەی خۆت بۆ ئەوە بەكاربهێنیت؛ تا گەنجان تووشی گوناه ببن و لە ئایینی خودا دووربكەونەوە.

سوپاسگوزاری، تەنیا وتنی وشەی (الحمدللە) نییە. هەرچەندە ئەوەش شتێكی باشە، بەڵام ئەوە لووتكەكەی نییە، بەڵكو لووتكەی سوپاسگوزاری، كاركردنە.

لە نهێنییەكانی سوپاسگوزاری ئەوەیە كە كلیلی زیادبوونە، ئەمەش یاسایەكی ئەبەدییە تا ڕۆژی دوایی؛ چونكە لە قورئاندا هەیە كە خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿لَئِن شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ﴾.

نوێژی چێشتەنگاو، بۆ بەخشینی تەندروستی باش، سوپاسگوزارییەكی كردەییە و كلیلێكە بۆ بەردەوامیی تەندروستی باش.

چاکەکردن لەگەڵ دایک و باوکدا، سوپاسگوزارییەکی کردەییە بۆ بەختشی بوون و دروست بوون و کلیلێکە بۆ تەمەن درێژبوون.
هەموو کردەوەیەکی چاک، سوپاسگوزارییەکی کردەییە لە بەرانبەر ماڵ و ساماندا، ئەویش کلیلە بۆ بەردەوامی دەوڵەمەندی.



Scanned with CamScanner



## له هەر باخێک گوڵێك

-(هۆكاری سەرەكی توورەبوونی پەروەردگار، ئەوەیە كە تۆ بتەوێت كاروبارەكان بە ویستی تۆ بەڕێوە بچن، نەك بە ویستی پەروەردگار)! چارەسەی ئەم توورەبوونەش ئەوەیە، كاتێک ڕووداوێک لە كەسێک ڕوودەدات، یان دەكەوێتە ناو دۆخێكەوە كە بە دڵی تۆ نییە، خێرا بیر لەوە بكەرەوە كە ئەمە بە ویست و دانایی پەروەردگار ڕوویداوە. ئەو هۆكارەش وادەكات؛ شتێكی ئاسایی بێت بە لاتەوە. ئەم كارەش وادەكات كە چارەسەری بنەڕەتی توورەبوون بێتە دی. ئەویش بە پشت بەستن بە پەروەدرگارە. بڕوابوونی تەواو بەوەی كە هەرچی ڕوودەدات لای خوداوەیە، هیچ گومانی تێدا نییە كە ئەویش داناترین فەرمانڕەوایە.

- (هیچ بەندەیەک ئیمانی تەواو نابێت تا بە تەواوی واز لە چەلەحانێ نەهێنێت، ئەگەرچی لەسەر حەقیش بێت. لەسەری پێویستە كە هەرچی وتەی ڕەوا هەیە، بڕوای پێبهێنێت. ئەوەشی كە ناڕەوایە، بێدەنگ لێی بێت، مەگەر باسكردنی سوودێكی ئایینی هەبێت). ئای ئەمڕۆ چەند پێویستمان بەم یاسایە هەیە! شایەتەكە لە باسكردنی ئەم وتە جوانەدا ئەمەیە (ئەگەرچی لەسەر حەقیش بێت)، ئەوا پێویستە واز لە چەلەحانێ بهێنێت و تەواوی



Scanned with CamScanner

نەکەیت، با بەرانبەرەکەت نارەوابێت، ئەمە بەهای ئیمانیی مرۆڤە.
- (ئەو بیر و ڕزانەی کە بە مێشکتدا دێت، ئەوە هۆکاری هەموو هەست و هۆشێکە). هیچ هەستێک سوودی بۆت نییە، مەگەر هەندێک ڕاز بێت بە ئەندێشەتدا و ئەو هەستەت بۆ دروست بکات. پێویستە لە سەرت، ئەگەر تۆ کۆنترۆڵی ئەندێشەکانت بکەیت، ڕاستەوخۆ هەستەکانت کۆنترۆڵ دەبن.
- خودای پەروەردگار دەفەرموویت: (ذَٰلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ لَمْ يَكُ مُغَيِّرًا نِّعْمَةً أَنْعَمَهَا عَلَىٰ قَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا مَا بِأَنفُسِهِمْ ۙ وَأَنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ). ئەمە سوننەتێکی گەردوونییە تا ڕۆژی دوایی. ئەم بەخششەش لەسەرمان لا ناچێت؛ مەگەر خۆمان بمانەوێت کە گۆڕانکاری بکەین و خۆمان کوفرانەی بەخششەکانی بکەین و بە خراپ بە کاری بهێنین. ئەم وتەیە بە بیری خەڵکی دەهێنمەوە، ئێمە وڵاتێکین، خودا سامانی ژێر زەوی و سەر زەوی بێشوماری بۆ ناردوی. هیچ بە دووری مەبینە کە ئەو بەخششە بە شەو و ڕۆژێک لەسەرمان بڕوات و نەمێنێت. کارەکە بە دەستی خۆمانە، یان دەبێت سوپاسگوزاربین و ئەوکات بەردەوام دەبێت، یان پەنا بە خودا نەزانین بەکاری بهێنین و ئەوکات نەمێنێت. خودای پەروەردگار، توانای هەموو کارێکی هەیە.



Scanned with CamScanner



## لە ناوەڕاستی ئەم ئاپۆرەیەدا

خودایـە! مـن... مـن، هیـچ کەسـێک ناگاتـە ئاسـتی خۆشەویسـت کـە دەفەرمووێـت: «ئوممەتەکـەم، ئوممەتەکـەم». خۆشەویسـتمان پەیامبـەری خـودا! تەنانەت لـە ناوەڕاسـتی ناهەموارترین ناخۆشـییەکانی قیامەتـدا دەفەرمووێـت: «ئوممەتەکـەم، ئوممەتەکـەم». گیـان بـە سـاقەت بێـت، ئـەی خۆشەویسـتمان پەیامبـەری خـودا (د.خ). هەرگیـز بـۆ سـاتێکیش بێـت، بـۆ خـۆت نەژیاویـت. بمبـورە ئەگـەر تـۆ و ئوممەتەکەتـم بـێ هیـوا کـردووە. لـە ناخـی دڵمـەوە، هەمـوو هیـوا و ئومێدێکـم ئەوەیـە، لـە ڕۆژی قیامەتـدا بـەو هەمـوو کـەم و کورتـی و لاوازییەمـەوە، لـە مـن ڕازی بیـت، لـە پـاش ئـەو هەمـوو دواکەوتـن و لاوازییـە هێشـتا تـۆ ڕووم لـێ وەرنەگێڕیـت. تـۆ میهرەبانتریـن کەسـی کـە دروسـتکرابێت. میهرەبانترینـی ئـەو بوونەوەرانەیـت کـە بەسـەر زەویـدا دەڕۆن. لەنێـو ئـەو جەنجاڵـی و ئاپۆڕەیـەدا، پەسـەندم بکـە و بمخـە ڕیـزی خۆتـەوە.

ئـەوە بـە بیسـتنی ئـەو ستاییشـانە، چیـت لـێ قەومـاوە، ئـەی دەروونـی خەیاڵپـلاوم؟! پیاهەڵدانـی خەڵـک لـە خۆتـت نەگۆڕێـت. وامەکـە سـەیرکردنی خەڵـک بـۆت، لـە ڕاسـتەقینەیی خۆتـت دەربکات. سـەیری خـۆت بکـە. نەفسـێکی بچووکـی لاوازی دزێـو. تـۆ چیـت جگە



Scanned with CamScanner

لە نەفسێک لە نێو بلیۆنەها نەفسدا؟ من، تۆ لە ناوجەرگەی ئەو بلیۆنەدا، لاوازییەکانت دەبینم. ناوبانگی هەڵخەڵەتێن، چەند ناشیرین و درێوە! پیاهەڵدان و چاوبەستن لە ڕاستییەکان، چەند مەترسیدارە کە ڕاستی خۆتت لەبەرچاو دەکەوێت! لە ناوەڕاستی ئەو ئاپۆرە و جەنجاڵییەدا لە خۆت نەگۆڕێیت.

خودایە! من هیچ نابینم جگە لە بەندەیەک کە لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانتدا کەمتەرخەمە. لە نزیکیت و لە خۆشەویستیت زۆر زۆر دوورە. من جگە لە بەندەیەکی سەرگەردانی فریودراوی ڕووکەشییەکانی دونیا و نقومبوو لە نێو تاوان و ئارەزووەکانی نەفسدا، هیچی تر نابینیم. داوای خۆشەویستیت دەکەم، دڵم هەرگیز چێژی خۆشەویستی تۆی نەبینیوە. کەسێک، بۆ ساتێک چێژی خۆشەویستی تۆ بکات، چۆن تاوان دەکات؟! سوێند بە تۆ، وەک پێویست تۆمان نەناسیوە و بەندایەتیمان بۆ نەکردوویت. دونیا کۆنترۆڵی دڵی لاوازی منی کردووە. خودایە، لە ناوەڕاستی ئەم جەنجاڵییەدا دەرم بهێنە و ڕزگارم بکە!

هەست بە بێئومێدییەکی زۆر، بە لاوازییەکی گەورە، بە پووکانەوەی ئێسکەکانم، بە بێئومێدییەکی ترسێنەر دەکەم. خودایە! هەموو ڕۆژێک هەست دەکەم، زیاتر لێت دووردەکەومەوە. سوێند بە تۆ، لە ناوەڕاستی ئەو هەموو ناز و بەخششەی تۆ پێت بەخشیوم، ئەمە دەست لێهەڵگرتنێکی گەورەیە. ڕێزت لێگرتووم، کاتێک تۆ منت بە موسوڵمانی دروستکردووە، بە بێ ئەوەی ویست و توانای خۆمی تیابێت. منت نزیک کردووەتەوە لە باشترین بانگخوازانی ئوممەت. هاوار بۆمن! بۆ ئەوەی چەند هەڵ و چەندە لە تەمەنم لەدەستداوە. لە ناوەڕاستی ئەو دەنگەدەنگ و

ئۆپۆرەیــەدا، هەســت بــە لەناوچوونــی خــۆم دەکــەن.

خودایــە! نوێژخوێنــان، ڕۆژووگــران و چاکــەکاران زۆرن. هەموویــان دەرگاکانــی چاکەیــان تەنیــوە. لــە نێــو ئەوانــەدا جێگــەی خــۆم نابینــم. ملیۆنــان کــەس، پێــش مــن کەوتــوون. کەچــی مــن لەگــەڵ ملیۆنــان کەســی دیکــەی لاوازی وەک خۆمــدا، چاوەڕوانــی میهرەبانــی تــۆ دەکەیــن. مــن هیــچ نیــم جگــە لــە کەســێک لەنێــو ملیۆنــان کــەس کــە ڕۆژانــە بــە پاڕانــەوەوە دێینــە خزمەتــت. مــن لــە نێــو هەمــوو ئەمانــەدا لــە کوێــدام؟.. مــن لــە کوێــی ئــەو قەرەباڵغییــەدام؟ لــە ناوەڕاســتی ئــەم ئاپۆرەیــەدا، مــن لەکوێــدام؟

مــن دەزانــم ڕزگاریــم، بــە (کــن فیکــون)ی تــۆ نەبێــت، دەســت ناکەوێــت، بــەڵام چــۆن دەتوانــم ئــەو فەرمانــەی تــۆ بەدەســتبهێنم؟ چــۆن ئــەو گەورەییــەم پێدەبەخشــرێت کــە خۆشەویســت و نزیکــی تــۆ بــم؟ چــۆن مــن دەتوانــم لــە نێــو ئــەو ئاپۆرەیــەدا، بێمــە نێــو بەنــدە نزیکەکانــت؟

ڕوپامایــی، ئــارەزووەکان، پەیوەســتبوون بــە دنیــاوە، لەخۆبایــی بــوون و کــەم خۆشویســتن، کــێ لــەم کێــوە گەورانــەی تاوانــدا، ڕزگارم دەکات؟ ســوێند بــە تــۆ، توانــای ئەمــەم نییــە. ســوێند بــە تــۆ، دڵــم ئــازار دەیگوشــێت؛ لەســەر ئــەو هەمــوو نەهامەتییــەی تووشــم بــووە. هەمــوو ئــەم تاوانانــە، کــێ لەنێــو ئــەم ئاپۆرەیــەدا ڕزگارم دەکات؟



Scanned with CamScanner



## ئاشتیی ناوخۆیی

لە ماڵی یەکەمدا، ژنەکەی درەنگ گەڕایەوە بۆ ماڵەوە و بینی، مێردەکەی چاوەڕوانی دەکات. بە لێدان، جوێن و وشەی ناشیرینەوە پێشوازی لێکرد.

لە ماڵی دووەمدا، ژنەکە درەنگ گەڕایەوە بۆ ماڵەوە و بینی، مێردەکەی چاوەڕوانی دەکات. مێردەکەی بە باوەشپێداکردن و ماچی گەرمەوە، پێشوازی لێکرد!

لە ئۆتۆمبێلی یەکەمدا، شەقامەکان جمەیان دەهات، شۆفێرەکە بە تەمای کەسێکی دیاریکراو نەبوو؛ تا بەپەلەی بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەوپەڕی نارەحەتی، دوودڵی و پەلەپەلیدا بوو. قسەی ناشیرین، بە قسەی ناشیرینی دەوت: «خۆت لادە». دەستی کرد بە زەمکردنی فلان لایەن، فلان دەستەڵات و فلان کەس، بۆ خراپی ڕێگا و بانەکانیان. دڵی بەخێرایی لێی دەدا. وا هەستت دەکرد خەریکە جەڵتە لێیدەدات.

لە ئۆتۆمبێلی دووەمدا، شەقامەکان جمەیان دەهات، شۆفێرەکە لە لوتکەی ئارامی خۆیدا بوو. خەندە لەسەر لێوی دەبینرا، زۆر لەسەرخۆ بوو، دڵی بە ئاسوودەیی لێی دەدا، وەک ئەوە وابوو مێشکی لە بەفرگردا بێت!



Scanned with CamScanner

هەڵوەستەکان هاوشێوەن، بەڵام کاردانەوەکان دژ بە یەکن. ئایا کەسێک ناپرسێت، ئەم دژایەتییانە لەنێوانیاندا چییە؟ هۆکاری جیاوازی کاردانەوەی کەسەکان چییە؟.. هۆکارەکە لێکدانەوەی ناخی خۆمانە بۆ ڕووداوەکان.

لە ماڵی یەکەمدا، ژنەکە دواکەوت، پیاوەکە وا بیری کردەوە کە چۆن دەبێت ژن ڕێزی مێردەکەی نەگرێ و بە کەمی دادەنێت، بۆیە بەوشێوەیە گوێڕایەڵی ناکات؛ تووڕە دەبێت، بەوشێوەیە بە لێدان و تووڕەبوونەوە پێشەوازی لێدەکات. کاتێک ژنی ماڵی دووەم دوادەکەوێت، مێردەکەی بیر دەکاتەوە، ڕەنگە کێشەیەک ڕوویدابێت یان کارێکی لە ناکاو بۆی هاتبێتە پێشەوە، دوودڵی و ترسی لێدەنیشێت، کاتێک دەیبینێت، بە لە ئامێزگرتن و ماچکردنی پێشوازی لێدەکات؛ چونکە ئێستا ئارخەیان بووە کە بەبێ کێشە گەڕایەوە!

شەقامە جەنجاڵەکان، شۆفێری یەکەم وا بیری کردەوە کە دنیا کۆتایی هاتووە، چۆن دەبێت وابێت خەڵکەکە گاڵتە دەکەن و هیچیان ڕەوشتەکانی شۆفێری نازانن، دەستدەکات بە جوێن دان. لەهەمان کاتدا، لە لای شۆفێری دووەمیش بە هەمان شێوە شەقامەکان جەنجاڵن، لەبەر ئەوەی کە هەلێکی بۆ هەڵکەوتووە، دەستدەکات بە یادی خودا یان شتێک لە قورئانی پیرۆز لەبەر دەکات یان وا بیردەکاتەوە کە ئەمە تاقیکردنەوەیەکی زۆر بچووکی پەروەردگارە و ئارامیی ئەم تاقی دەکاتەوە؛ بۆیە بە ئارامی و ئارخەیان دانیشتووە و بێدەنگە.

بەختەوەری ڕاستەقینە لە دنیادا، بوونی ئاشتی و خۆشبەختی ناخی مرۆڤە. ئەو ئارامی و ئارخەیانییەی کە لەناختدایە، سەرباری

هەمــوو ئــەو بارودۆخــە دەرەکییانــەی چــواردەوری گرتوویــت، ئەگــەر بارودۆخەکـە لەبـار بـوو بـۆت، ئـەوە خۆشـحاڵ دەبیـت و دڵنیـا دەبیـت. ئەگـەر بارۆدۆخەکـە لەبـار نەبـوو بـۆت، ئـەوە ئـارام دەگریـت و ئارخەیان دەبیـت



Scanned with CamScanner

# بەشی دووەم

# ڕازگەلێک بۆ گەشەپێدانی خود

Scanned with CamScanner



## ئایا بە دوای بەختەوەریدا دەگەڕێیت؟
## (١)

بەدڵنیاییـــەوە بەڵـــێ! کـــێ هەیـــە بەدوایـــدا نەگەڕێـــت؟ هەموومـــان دەمانەوێـــت بەختەوەربیـــن، بـــەڵام کێشـــەکە لەوەدایـــە کـــە زۆرێـــک لـــە ئێمـــە، بەرچـــاوی ڕوون نییـــە، لـــە شـــوێنی هەڵـــەدا و بـــە شـــێوازێکی هەڵـــە بەدوایـــدا وێڵیـــن. نموونەیەکیـــش لەســـەر ئەمـــە دەهێنمـــەوە کـــە زۆر لـــە ڕووناکـــی خـــۆری بـــەرە بەیـــان، ڕوونتـــرە.

١- هەمیشـــە بـــە سەرســـامییەوە، بەرانبـــەر چیرۆکـــی ئـــەو گۆرانیبێـــژە ئەفســـانەییە(ئەندرۆل) کـــە پادشـــای گۆرانـــی ڕۆک بـــوو، ڕادەمێنـــم. ئـــەو لاوەی کـــە لەســـەردەمی خۆیـــدا هاوکێشـــەی گۆرانـــی وتنـــی پێچەوانـــە کـــردەوە. بووبـــە هـــەژان و هەرایەکـــی زۆری نایـــەوە. لێـــم بگەڕێـــن، باســـی ئـــەو بەخششـــانە بکـــەم کـــە ئێلڤـــس بریســـلی هەیبـــوو. لاوێـــک، دیمـــەن و ڕووخســـاری جـــوان بـــوو، خـــاوەن تەندروســـتییەکی بـــاش، زۆر دەوڵەمەنـــد، ئـــەوەی دەیویســـت لـــە ئافـــرەت لەبەردەســـتیدابوو، هاوســـەرەکەشـــی یەکێـــک بـــوو لـــە شـــاجوانەکانی ئـــەو ســـەردەمە، ناوبانگـــی گەیشـــتبووە ڕۆژهـــەڵات و ڕۆژئـــاوای دونیـــا، خـــاوەن بڕێکـــی بێشـــوماری خانـــوو و ســـەیارە و زێـــڕ و جلـــو بـــەرگ بـــوو، بەکورتـــی -بـــە چەمکـــە دونیاییەکـــەی- هەمـــوو شـــتێکی پێدرابـــوو. بەڵـــێ هەمـــوو



Scanned with CamScanner

شتێک. لەگەڵ ئەوەشدا، سەرباری ئەو هەموو ناز و بەخشـشـە، ئەو هەموو خۆشی و ڕابواردنە، ئایا دەزانن «ئێلڤس» چۆن مرد؟ بەهۆی بەکارهێنانی لە ڕادەبەدەری ماددەی بێهۆشکەرەوە، لە سەرئاوی ماڵەکەی خۆیدا سەری نایەوە-خودای گەورە بمانپارێزێت-. بە تەنیایی، پەژارە، دڵتەنگی و نائارامییەوە سەری نایەوە! چۆن؟ چۆن دەکرێت کەسێک کە ماڵ و سامانی دونیای لەبەردەستدا بێت، بەوشێوەیە بمرێت؟ هۆکارەکەی ئەوەبوو کە ئێلڤس -هەروەها زۆرێک لە هاوشێوەکانی- لە شوێنگەلێکی هەڵەدا بەدوای بەختەوەریدا دەگەڕان، لە دەرەوەی بوونی خۆیاندا، ئەوان بەختەوەرییان لە ماددەدا دەبینی، نەک شتێکی تر. ئەنجامەکەشی نائومێدبوون و خەم و پەژارەیەکی لەو شێوەیەی لێکەوتەوە کە نموونەی نەبوو. دەبینم چیرۆکی «ئێلڤس» لە ژمارەیەکی زۆری ئەو لاوە موسوڵمانانەی کە بەردەوام خەریکی ڕابواردنن، دووبارە دەبێتەوە. لاوانێک کە هەموو سامانی دونیایان لەبەردەستدایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەمبار و نائومێدن!

١- کەواتە چارەسەر چییە؟ چۆن هەر یەکێک لە ئێمە، بتوانین ئەو بەختەوەرییە دەستەبەربکەین کە داوای دەکەین؟



## بەدوای بەختەوەریدا دەگەڕێیت؟

## (٢)

هیوادارم توانیبێتمان بەتەواوەتی ڕوونی بکەینەوە، بە جۆرێک هیچ گومانێک هەڵنەگرێت کە ڕابواردنی دونیایی؛ هۆکارێک نییە بۆ بەختەوەری، بەڵکو زیادەڕۆیکردن لە بەدەستهێنانیدا؛ دەبێتە هۆی دەستکەوتنی پێچەوانەی ئەوەی دەتەوێت، نائومێدی و دڵتەنگی لێدەکەوێتەوە. هەروەک پێشتر باسی گۆرانیبێژ: (ئێلڤس بریسلی)مان وەکو نموونە هێنایەوە.

بەڵام ئایا ئێستا چارەسەر چییە؟ چارەسەر لە وشە جوان و بەپێزەکانی (ئیبن تەیمییە)دا کۆدەبێتەوە کە پێویستە پیت بە پیتی وشەکانی، بە زێڕ لە دیواری ژووری هەر کوڕ و کچێکی لاودا، هەڵبواسرێت.

ئیبنو تەیمییە، کاتێک لە لایەن ناحەزانییەوە خزایە بەندیخانەوە، وتی:

«ناحەزانم چییان لێم دەوێت؟ بەهەشت و بێستانی من، لە ناخمدایە بۆ هەر کوێیەک بڕۆم، لەگەڵمدایە و لێم جودا نابێتەوە. زیندانیکرانم خەڵوەتە، کوژرانم شەهیدییە و دەرکرانیشم لە وڵات، گەشتوگوزارە».



Scanned with CamScanner

دوو سوودی گرنگ لەم وتە ناوازەیەی (ئیبنو تەیمییە)دا هەیە:

١- گەڕان بەدوای بەختەوەریدا، پێویستە لەناخەوە دەست پێبکات. بەختەوەری، بە زۆریی کۆشک، بوونی ئۆتۆمبێل و ئافرەت، دەستەبەر نابێت. کاتێکیش بە بوونی ئەو شتانە، هەستت بە جۆرە مەستی یان خۆشی و شەیداییەک کرد، ئەوا تەنیا هەستێکی ساختەیە، خۆشیەکی پووچ و کاتییە کە بەدوایدا تووشی جۆرە حاڵەتێکی دڵگرانی، بێئومێدی و بۆشایی ڕۆحی دەبێت. چەندین دەوڵەمەندی دونیا، بە نائارامی و خەفەتەوە ماڵئاواییان لە دونیا کرد، چەندین هەژاری نەخۆش و نەبوویش، بە خۆشبەختی و بەختەوەرییەوە دونیایان بەجێهێشت.

٢- گۆڕینی ئازار و ناڕەحەتییەکان بۆ بەخشین و خەڵات، واتە ئەزموونێکە مرۆڤی پیادا تێپەڕ دەبێت. ئەمەش بنەمایەکی پێغەمبەرانەیە: (تفاءلوا بالخير تجدوه) واتە: بیرکدنەوەتان با باش بێت، باشە بەدەستدێنن.

نموونەیەکی ڕاستەقینەی ژیانی ڕۆژانەمان باس دەکەم. کاتێک لە ناو ئۆتۆمبێلداین، شەقامەکان جەنجاڵن و تاوەکو (٣٠) خولەکی تریش تۆ لە ناو ئۆتۆمبێلدا دەبیت، لەم دۆخەدا چەند هەڵبژاردنێکت لەبەردەستە، بۆ ئەوەی کاتی خۆتی پێ بەڕێبکەیت. یان ئەوەی خۆت بە زەمکردن، نەفرەتکردن لە خەڵکی و وتنی قسەی نەشیاو بە دەوروبەرت سەرقاڵ بکەیت، یان دەست بکەیت بە سکاڵاکردن لەسەر خراپی شەقام، شۆستەکان، نەبوونی سیستەمێکی ڕێکوپێکی هاتوچۆ و نەزانی شۆفێرەکان. ئەم دوو هەڵبژاردنەش؛ دەبنە هۆی بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، تووڕەبوون و دەماگیری. ئەم دیاردانەش، زۆر دوورە لەو بەختەوەرییەی بەدوایدا دەگەڕێین.

هەڵبژاردنێکی تـرت هەیـە، دەتوانیـت سـوود لـەو دۆخـە وەربگریـت و خەسـڵەتی خۆڕاگـری لـە خۆتـدا هەڵبسـەنگێنیت. بـە یارمەتیـت، بـەڵام ئایـا چـۆن خۆڕاگـری و ئارامـی لەسـەر خەڵـک تاقـی بکەیتـەوە؟ کارەکـە بـە دەسـتی تۆیـە و تـۆ لـە چۆنێتـی کارلێـک و هەماهەنگـی لەگـەڵ بارودۆخـی دەوروبەرتـدا بڕیـار دەدەیـت.

ئەمـە مانـای ئـەوە نییـە کـە کەسـانی بەختـەوەر هەرگیـز دڵتەنـگ، تـووڕە و دوودڵ نابـن. ئەمـە مەحاڵـە. بەڵکـو ئـەو کەسـانەن کـە بتوانـن لـە زۆربـەی کات و بارودۆخەکانـدا ئاسـودە و خۆشـحاڵبن. حاڵەتەکانـی وەکـو دوودڵـی، خەمگینـی و نارەحەتیـش تێدەپـەڕن و درێژە ناکێشـن.

خودایــە گیــان ئێمــە داوای بەختــەوەری دونیــا و قیامەتــت لێدەکەیــن.



## چۆن دەست بەسەر تووڕەبووندا دەگریت؟

بە پێغەمبەری (د.خ) وت: ئامۆژگاریم بکە. فەرمووی: «تووڕە مەبە». هەموومان ئاواتەخوازی ئەوەین کە کەسانێکی هێمن، لەسەرخۆ و میهرەبان بین، تووڕەبوونمان کەم بێت، بەڵام چۆن؟

یەکەم هەنگاو ئەوەیە کە نهێنی تووڕەبوونت بزانیت، تووڕەبوونیش تەنیا دوو هۆکاری هەیە:

١- هەستکردن بە لەدەستدانی کۆنترۆڵ لەسەر کەسێک، هەڵوێستێک یان لە گفتوگۆیەکی دیاریکراودا.

٢- هەستکردن بە سوکایەتی یاخود گاڵتەپێکردن لە لایەن کەسێکی دیاریکراوەوە یان لە هەڵوێستێکی دیاریکراودا.

بیر لەو ساتانە بکەرەوە کە تێیدا تووڕەبوونت دەبینیت، هۆکاری تووڕەبوونت لە هەر بارێکدا، لە یەکێک لەو دوو هۆیەی سەرەوە تێپەڕ ناکات.

تێگەیشتنی ئەم نهێنییە؛ یەکەم هەنگاوە بۆ زاڵبوون بەسەر تووڕەبوونتدا.

هەمیشە، تووڕەبوون حاڵەتی بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن و بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی لەشی لەگەڵدا دەبێت. جا



Scanned with CamScanner

هەرکاتێـک هەسـتتکرد کـە تووڕەیـت، یەکێـک لـە دوو هۆکارەکـەی سـەرەوە دیـاری بکـە و ئـەم کارانـە ئەنجـام بـدە:

- هەسـتکردن بـە لەدەسـتدانی دەستبەسـەر خـودا گرتـن، باشـترین کات و جوانتریـن جێگەیـە کـە هەسـت بکەیـت، بەنـدەی پەروەردگاریـت و ملکەچـی خـودای گەورەیـت. هەرگیـز ئـەو ڕۆژەم بیرناچێـت کـە (عەلـی جفـری)م دەگەیانـدە فرۆکەخانـە. لەنـاو ئۆتۆمبێلـدا بوویـن و زۆر لـە کاتـی دیاریکـراوی فرینـی فرۆکەکـە دواکەوتبوویـن. لـە کاتێکـدا، عەلـی لـە یەمـەن، کۆبوونەوەیەکـی گرنگـی هەبـوو. پێویسـت بـوو ئامـادە بێـت. پێـی وتـم: «بەخێراییـەک لێبخـوڕە، نـە تووشـی بـەڵا و ناخۆشـیمان بـکات، نـە ببێتـە مایـەی بێڕێـزی بەرانبـەر شـۆفێرانی تـر». دواتـر، یەکێـک لـە هاوکارەکانـی پەیوەنـدی پێوەکـرد و پێـی وت: «فرۆکەکـە فڕیـوە». عەلـی هیـچ شـتێکی نـەوت جگـە لـەوەی کـە بـە هێمنییـەوە ئـەم وشـانەی دووبـارە دەکـردەوە: «قـدر اللـە مـا شـاء فعـل». واتـە: «هەرچییـەک خـودای گـەورە ویسـتی لەسـەر بێـت، هـەر ئـەوە دەبێـت». دەربـارەی هـۆکاری هێمنـی و ئارامییەکـەی لێـم پرسـی، سـەرباری ئـەو بارودۆخـەی کـە بەسـەریدا هـات. لـە وەڵامـدا وتـی: «ئەحمـەد، ئێمـە بەنـدەی خودایـن، خـودای گـەورە چۆنـی بوێـت، بەوشـێوەیە دەمانجوڵێنێتـەوە»!

بەڕاسـتی، ئەمـە لوتکـەی بەندایەتـی، ملکەچبـوون و پشـت بـە خـودا بەسـتنە. ئـەم ڕەوشـتە پێغەمبەرانەیـە، بەتایبـەت لـەم ڕۆژگارەدا، زۆر بـە کەمـی لەنـاو خەڵکیدا بەدیـی دەکـەم. هـەروەک چـۆن (پێشـەوا غەزالـی) دەفەرمووێـت: «غضبـک دلیـل علـی أنـک تریـد أن تسـیر الامـور علـی مـرادک لا علـی مـراد اللـە»

واتـە: «توورەییـت، نیشـانەی ئەوەیـە کـە دەتەوێـت کارەکانـت بـە ئـارەزووی خـۆت بەڕێـوە بچـن، نـەک ویسـتی خـودای گـەورە».

لـە ژیانتـدا ڕاسـتگۆیی بەندایەتیکـردن بـۆ خـودای گـەورە تاقـی بکـەرەوە. دواتـر هەسـت بـە ئارامییەکـی بێکۆتایـی دەروونـی دەکەیـت. هەرگیـز بـە هـۆی نەمانـی دەسـەڵاتەوە بەسـەر بارودۆخێکـدا، تـووڕە نابیـت؛ چونکـە دەسـەڵات، ئەگـەر خۆشـت لەدەسـتی بدەیـت، سـەرئەنجام هـەر بەدەسـتی خودایـە.

بەڵام ئەگەر سوکایەتی و ڕێز لینەگرتن؛ هۆکاری تووڕەبوونەکە بوو:

نهێنـی چارەسـەی ئـەم حاڵەتـە، گومانـی بـاش بردنتـە. بزانـە، زۆربـەی ئـەو حاڵەتانـەی کـە هەسـتتکردووە کەسـێک دەیەوێـت بێڕێزیـت بەرانبـەر بـکات، یـان سـووکایەتیت بەرانبـەر دەکرێـت، لەڕاسـتیدا بەوشـێوەیە نییـە.. لەوانەیـە کەسـی بەرانبـەر:

١- هەر خۆی بە ئاسایی، شێوازی ئاخاوتنی ڕەق و وشک بێت.

٢- بـە سـاتەوەختێکی سـەخت و ناهەمـواردا تێدەپەڕێـت، ئـەو هـۆکارەش وایلێکـردووە بـەو شـێوازە بدوێـت و هەڵسـوکەوتی نابـاو بێـت.

٣- بـە هـۆی هەڵـە تێگەیشـتنەوە لـە شـتێکی دیاریکـراو، بەوشـێوەیە هێـرش دەکاتـە سـەرت، هتـد... پۆزشـی زۆر هەیـەی کـە دەتوانیـت بـۆ کەسـی بەرانبـەری بهێنیتـەوە. بەڕاسـتی ئەگـەر هەمیشـە گومانـی بـاش ببەیـن، ئـەوا نیـوەی کێشـە و ناکۆکییەکانـی نیـوان خەڵکـی، کۆتاییـان پێدێـت.

گومانـی چـاک بـردن، بـە ڕاسـتگۆییەوە لـە هەڵسـوکەوتتدا لەگـەڵ کەسـانی تـردا تاقـی بکـەرەوە. دواتـر هەسـت بـە دەروونئارامیـی خـۆت دەکەیـت و هەرگیـز کێشـە و ناکۆکییـەکان

بــە شــێوەیەکی کەســی، یاخــود دەمارگیرانــە وەرناگریــت.

تیبینــی: مەبەســت لــە قســەکانی پێشــوو، ئــەوە نییــە کــە تووڕەبــوون لــە پێنــاوی خــودادا، کارێکــی ستایشــکراو و باشــە، بەڵکــو مەبەســت پێــی تووڕەبوونــە لــە نەفســی خــۆت، یاخــود تووڕەبــوون بەڕواڵــەت لــە پێنــاوی خــودادا، بــەڵام بــە نــاوەڕۆک لــە نەفســی خــۆت.



## چۆن خشوع لە نوێژدا زیاد دەکەیت؟

١- زیادکردنـی خشـوع, وەک ئامانجێکـی ڕوون و ئاشـکرا بـۆ ئەمسـاڵت دیـاری بکـە، هێمـا و نیشـانەی بـۆ دابنـێ. ئەگـەر لـەو کەسـانەیت کـە لـە کاتـی خشـوعدا دەگریەیـت و فرمێسـک دەڕێژیـت؛ ئـەوا ئەمـە بکـە بـە نیـاز و مەبەسـتی ئەمسـاڵت(بۆ نموونـە: ڕۆژانـە، لـە یەکێـک لـە نوێژەکانـدا بگریـە).

٢- بزانـە کـە خشـوع لـە دڵدایـە. دڵیـش وەکو ماسـولکە وایە، پێویسـتە ڕابهێنرێـت بـۆ ئـەوەی گـەورە و بەهێـز ببێـت. پێشبینی ئـەوە مەکـە خشـوعت لـە مـاوەی شـەو و ڕۆژێکـدا بـۆ دروسـتبێت. هەروەهـا پێویسـتە بزانیـت کـە کارەکـە پێویسـتی بـە مەشـق و ڕاهێنانـی بـەردەوام هەیـە؛ بـۆ ئـەوەی ماسـولکەی دڵ لەسـەر خشـوعکردن بـەردەوام بێـت.

٣- ئەگـەر بـۆ مـاوەی خولەکێکیـش بێـت، ئـەوا بـە درێژایـی ڕۆژ لـە هـەر کاتژمێرێکـدا، یـادی خـودا بکـەرەوە؛ چونکـە ئەگـەر بـە درێژایـی ڕۆژ، دڵـت بێئـاگا و دوور لـە یـادی خـودای گەورەبێـت؛ ئەسـتەمە بـە کتوپـڕ و لـە نـاکاودا، لـە نوێژەکانـدا بکەویتـە خشـوعەوە. یادکردنـەوەی خـودای گـەورەش لـە مـاوەی ڕۆژەکانتـدا، بـۆ خشـوع ئاسـانکارییە.

٤- بـۆ هەمـوو نوێژەکانـت دەسـتنوێژ هەڵبگـرە. لـە کاتـی دەسـتنوێژدا،



Scanned with CamScanner

داوا لـە خـودا بكـە كـە دڵ و دەروونـت پاكـژ بكاتـەوە؛ هـەروەک چـۆن جەسـتەت پاكدەكاتـەوە. هەروەهـا داوای لێبكـە كـە دڵێكـی ملكـەچ و گوێڕایەڵـت پـێ ببەخشـێت.

٥- گونجاوتریـن و خۆشـترین بـۆن لـەدوای دەسـتنوێژ بەكاربهێنـە.. بۆنـی خـۆش یارمەتـی خشـوع دەدات.

٦- دوای بانـگ، ڕاسـتەوخۆ بـڕۆ بـۆ مزگەوت(باشـتروایە لـە كاتـی بانگـدا لـە مزگـەوت بیـت). سـەبارەت بـە ئافرەتانیـش، پێویسـتە لـە كاتـی خۆیـدا و بەبـێ دواكەوتـن، نوێژەكانیـان ئەنجـام بـدەن. خۆزگـە هەمـوو ئافرەتێـک سـوچێكی ماڵەكـەی، بـۆ خواپەرسـتی و عیبـادەت تەرخـان دەكـرد كـە هێمـن، گەلالـە و ئامادەكـراو بێـت.

٧- كاتێـک پێـش چوونـە نـاو مزگـەوت، پێڵاوەكانـت دادەكەنیـت، وا پیشـبینی بكـە كـە تـەواوی دونیـات لـە دڵتـدا لەگـەڵ پێڵاوەكانـدا داكەنـدووە. دواتـر نـزای چوونـە نـاو مزگـەوت بخوێنـە.

٨- پێـش نوێـژی فـەرز، دوو ڕكات نوێـژی سـوننەت بكـە. لـە كاتـی سـوجدەدا، داوا لـە خـودای گـەورە بكـە كـە نوێـژ بكاتـە بیلبیلـەی چاوانـت.

٩- لەگـەڵ بانگبێـژدا قامەتەكـە بڵێـرەوە، داوا لـە خـودا بكـە كـە وەسـتانت لـە حزووریـدا چـاک و پـاک بـكات.

١٠- لەكاتـی تەكبیـردا وا وێنـای بكـە كـە دونیـا و هەرچـی تێیدایـە، فڕێـی دەدەیتـە پشـتی خـۆت، هـەوڵ بـدە و وا بیربكەیتـەوە كـە ئەمـە كۆتـا نوێـژی ژیانتـە.

١١- جووڵـە و قورئـان خوێندنەكـەت لەكاتـی نوێـژدا، هێـواش بكـەرەوە. خێرایـی هەسـتان و دانیشـتنەكانت لەكاتـی ڕكـوع و سـوجدەدا بكـە بە نیـوەی ئـەوەی لەسـەری ڕاهاتوویـت، ئیتـر ئـەوە خشـوعە.



Scanned with CamScanner

١٢- لـە کاتـی سـوجدەدا، پەیوەنـدی نیـوان خـۆت و زەوی بهێنـەرەوە بیـری خـۆت، کـە لـەو دروسـتبوویت و بـۆ نیـو ئەویـش دەگەڕێیتـەوە.

١٣- هـەوڵ بـدە نـزا و پاڕانـەوەی جیـاواز فێرببیـت؛ بـۆ ئـەوەی لـە ڕۆتینـات و بێزاربـوون لەکاتـی نوێـژدا، بەدووربیـت.

١٤- دوای تەواوکردنـی نوێـژ، سـێ جـار داوای لێخۆشـبوون لـە خـودای میهرەبـان بکـە. یەکەمیـان بـۆ کەمتەرخەمیـت لـە بەجێهێنانـی نوێژەکەتـدا کـە وەک ئـەوەی پێویسـتە نەتکردبێـت. دووەمیـان بەهـۆی کەمتەرخەمیـت لـە ستایشـکردنی خـودای گـەورەدا کـە ڕێگەیپێداویـت بچیتـە حـزووری و نوێـژ بکەیـت؛ کەچـی هێشـتا تـۆ لـە ستایشـکردنیدا کەمتەرخەمیـت. سـێیەمیان داوای لێخۆشـبوون بـۆ سـەرجەم گوناهەکانـت بکـە.

دڵنیـات دەکەمـەوە، ئەگـەر لەسـەر ئـەم کارانـە بـەردەوام بیـت؛ ئەوا بـە مۆڵەتـی خـودا، لـە مـاوەی کەمتـر لـە هەفتەیەکـدا، جیاوازییەکـی گـەورە لـە نوێژەکانتـدا بـەدی دەکەیـت.

خودایـە گیـان! دڵێکـی ملکـەچ، زمانێکـی یـادکار و زانسـتی بەسـوودمان پێببەخشـە.



Scanned with CamScanner



## ڤیتامینگەلێک بۆ ئاومز

* دووبارەکردنـەوەی ئـەوەی بـە ئاوەزتـدا دێـت، دەبێتـە بیرۆکەیـەک و دووبارەکردنـەوەی بیرۆکەیـەک، دەبێتـە هـۆی دانانـی نەخشـەڕێگایەک و نەخشــەڕێگەیەش دەگۆڕێــت بــۆ کار، دووبارەکردنــەوەش کار بــۆ نەریـت دەگۆڕێـت. ئـەو نەریتـەش سـەرکەوتن و شکسـتت لـە ژیانـدا دیـاری دەکات؛ لەبـەر ئەمـە، چاودێـری هەمـوو ئـەوەی بـە مێشـکتدا دێـت، بکـە؛ چونکـە دووبارەکردنەوەیـان، ئاینـدەت دیاریـدەکات.

* ئـاوەزە گـەورەکان، هەمیشـە کاتەکانیـان بـۆ گفتۆگـۆ لەسـەر ئامانـج و بیرۆکـەکان تەرخـان دەکـەن. ئـاوەزە ئاسـاییەکان، کاتەکانیـان بـە باسـکردنی کەسـەکانەوە تەرخـان دەکـەن. ئـاوەزە بچووکەکانیـش، خۆیـان بـە قسـەکردن لـە بـارەی کەرەسـتەکانەوە سـەرقاڵ دەکـەن.

* هیـچ کەسـێک بەبـێ مۆڵەتـی خـۆت، ناتوانێـت تـووڕە، غەمبـار و بێئومێـدت بـکات. ئـەوەی لـە ناختـدا هەسـتی پێدەکەیـت، بەهـۆی ئـەوەوە نییـە کـە لـە چواردەورتـدا ڕوودەدات، بەڵکـو ئـەوە لێکدانـەوەی خـۆت بـۆ کارەکانـە. بـۆ نموونـە: ئەگـەر شـێوازی لێکدانەوەکـەت بـۆ ڕووداوەکان بگۆڕێـت؛ ئـەوا هەسـت و کاردانەوەکانـت لەسـەر ڕوودانـی خـودی ئـەو کارەش کـە لێکدانـەوەی بـۆ دەکەیـت، دەگۆڕدرێـت. کاتێـک دەکەویتـە نێـو گفتوگۆیەکـی تونـدەوە، وا دەبینیـت کـە ئـەو



Scanned with CamScanner

کەسـەی بەرانبـەرت، بـە وشـەی ناخـۆش هەسـتەکانت بریـندار دەکات، کارەکـە وا لێـک دەدەیـتـەوە کـە سـوکایەتیت پێـدەکات و لـە شـکۆت کـەم دەکاتـەوە؛ ئـەوە بۆیـە بەرانبـەر بـەو کارە تـووڕە دەبیـت. کارەکـە بـەو شـێوازە لێـک بـدەرەوە کـە ئـەو کەسـە، ئێسـتا بـە بارودۆخێکـی ناهەمـواردا تێدەپەڕێـت؛ بۆیـە ئـەو وشـانەت بەرانبـەر بەکاردەهێنێـت. ئەوکاتـە بەرانبـەری، هەسـت بـە سـۆزێک دەکەیـت! بۆیـە لێکدانـەوەی ئـاوەزت بـۆ ئـەو کارە، هەسـتت بەرانبـەر هەمـان کار دەگۆڕێـت.

* بزانـە ئـەوەی کـە ڕۆیشـتووە، ناتوانیـت بیگۆڕیـت. تـۆ تەنیـا جەخـت لەسـەر ئـەوە بکـەرەوە کـە کاریگەریـت لەسـەری هەیـە. گفتوگۆکـردن لەسـەر حکومـەت و سیاسـەتی نێودەوڵەتـی، هیـچ سـوودێکی بـۆت نییـە، لـە هەمانکاتـدا ئـەوەی لەسـەر تـۆ پێویسـتە کـە لەسـەری بدوێـت، گەشـەپێدانی خـۆت و ماڵەکـەت یـان ئـەو گەڕەکەیـە کـە تیایـدا دەژیـت و ئـەوەش زۆر گرنگـە. ئـەو بیرکردنەوەیـە وادەکات کـە کاریگـەری لەسـەر لایەنـە ئەرێنییەکـەی ژیانـت هەبێـت و گەشـەی پـێ بـدات.

* شکست لە ژیاندا نییە، بەڵکو ئەوەی هەیە ئەزموونی ژیانە.

* دوو هـۆکار وادەکات کـە زیاتـر شـارەزابیت: ئـەو پەرتوکانـەی کـە خوێندوتەتـەوە، ئـەو کەسـانەی کـە پێیـان دەگەیت-لـە هاوڕێکانـت-.

* لـە نێـوان هەمـوو کار و کاردانەوەیەکـدا بوارێـک هەیـە، ئـەو نێوەنـدە کەسـێتی تـۆ دیـاری دەکات. لـە نێـوان قورسـایی بەرەوپێشـچوون و کاردانەوەکـەی تـۆدا بوارێـک هەیـە کـە دەبێـت بڕیـاری تیـا بدەیـت، ئاخـۆ تـووڕە ببیـت یـان ئـارام بگریـت. لەنێـوان هەمـوو پلارتێگرتـن، جوێندانێکـی کەسـێک و وەڵامـی تـۆدا وەک کاردانـەوەی ئـەو کارە، بوارێـک هەیـە، تـۆ دەتوانیـت لـەو نێوەنـدەدا بڕیـار بدەیـت، ئاخـۆ

جوێنەکەی پێ بدەیتەوە یان ئارامبگری. بە ئۆتۆماتیکییانە مەژی، بەو جۆرەی لە منداڵیتدا لەسەری ڕاهاتبوویت. لە نێوان ئەوەی کە ڕوودەدات و کاردانەوەی تۆدا بەرانبەر ئەو کارە، بوارێکی فراوان و کاتێکی زۆر هەیە. ئەو چەند ساتە بە بیرکردنەوە بەرانبەر ئەو کارە تەرخان بکە. وابکە بڕیارەکانت لەسەر بنەما و کەسێتی خۆت بدەیت، نەک لەسەر میزاج و ئارەزووەکانت



## خوێنت کەم بکەرەوە... پاداشتت سەنگین بکە

زانایـان دەڵێـن: «ئەگـەر هەسـتت بـە سـاردبوونەوە کـرد و ویسـتت بـاوەڕت نـوێ بکەیتـەوە؛ ئـەوا کارێکـی چـاک ئەنجـام بـدە کـە پێشـتر نەتکردبێت».

کارە چاکـەکان، بـە ڕادەیـەک زۆرن کـە ناژمێردرێـن. ئێسـتا بـە یەکێـک لـە گەورەترینـی کارە چاکـەکان، ئاشـناتان دەکـەم.

ئایا ڕۆژێک لە ڕۆژان، هەندێک خوێنی خۆتت بەخشیوە؟

برایـان؛ خوشـکان، لـە نەخۆشـخانەکاندا زۆر نەخـۆش هـەن کـە لـە دەرمـان و پێداویسـتی پزیشـکییان کـەم نییـە، تەنیـا پێویسـتییان بـە چەنـد دڵۆپێـک خوێـن هەیـە؛ بـۆ ئـەوەی نەشـتەرگەرییان بـۆ بکرێـت و ژیانیـان ڕزگار بکرێـت.

ئەگـەر تـۆ خوێنـی خۆتـت بەخشـی و ژیانـی کەسـێکت ڕزگار کـرد؛ ئـەوا هەمـوو ئـەو کارە چاکانـەی کـە دواتـر ئـەو کەسـە دەیانـکات؛ -بـە مۆڵـەتـی خـودا- دەچنـە سـەر تـەرازووی چاکەکانی تۆ.

ئەگـەر خـودای گەورە لەشـێکی سـاغ و تەندروسـتی پێبەخشـیویت؛ ئـەوا سـوپاس بـۆ خـودا کـە دەتوانیـت ستایشـەکانت، بـە بەخشـینی هەندێـک لـە خوێنـی خۆت بـۆ ئـەو کەسـانەی پێویسـتیانە، دەربخەیت.

خـودای گـەورە دەفەرمووێـت: (لئـن شـکرتم لازیدنکـم) واتـە:

ئەگـەر سوپاسـم بکـەن، بۆتـان زیـاد دەکـەم. بۆیـە خوێـن بەخشـین، یەکێکە لە شـێوازەکانی پێزانینی بەخششـی لەشسـاغی و ستایشـکردنی خـودا لـە سـەری و هەروەهـا بـۆ ئـەوەی کـە خـودای گـەورە لەسـەر لەشسـاغی بەردەوامـت بـکات. ان شـاءالله.

تەنیـا بـۆ یـەک جـار، خوێـن مەبەخشـە، بەڵکـو بیکـە بـە کارێکـی هەمیشـەییت و هـەر سـێ مانـگ جارێـک، خوێـن ببەخشـە. خۆشەویسـتترین کار لای پـەروەردگار، ئـەو کارانەیـە کـە بەردەوامییـان بـە دواوەوەیـە، ئەگـەر کەمیـش بـن.

هەمـوو بابەتەکـە، هـەر لـە ئامادەکردنـی فـۆڕم، وەرگرتنـی ئەنجامـی شـیکاری خوێنەکـەت، کاری خوێـن بەخشـینەکەت و تـا پشـوودان بـۆ مـاوەی پێنـج خولـەک، تەنیـا پێویسـتی بـە (٣٠) خولەکـە.

هەروەهـا بەخشـینی هەندێـک لـە خوێنمـان، سـوودی تەندروسـتی هەیـە؛ دەبێتـە هـۆی نوێبوونـەوەی خوێـن. ئـەو شیکاریانەیشـی بـۆت دەکرێـن، یارمەتـی زانینـی یەکـە بـە یەکـەی بـاری تەندروسـتیت دەدەن.

بـاوەڕ و پەیوەندیـت لەگـەڵ پـەروەردگار و موسـوڵماناندا نـوێ بکـەرەوە. هـەر ئەمـڕۆ ڕوو لـە نەخۆشـخانە بکـە و هەندێـک لـە خوێنـت ببەخشـە.



Scanned with CamScanner



# پێڵاوەکەی گاندی

دەگێڕنەوە کە گاندی، بەخێرایی دەڕۆیشت؛ بۆ ئەوەی بە شەمەندەفەرەکەدا ڕابگات. لەوکاتەدا شەمەندەفەرەکە دەستی بە ڕۆیشتن کردبوو. کاتێک ویستی سەربکەوێت، تاکێک لە پێڵاوەکانی کەوتەخوارەوە. ئەویش بەخێرایی تاکەکەی تری لە پێی داکەند و فڕێیدایە تەنیشت ئەوی تر کە لەسەر هێڵی شەمەندەفەرەکە بەجێمابوو! هاوڕێکانی لەم کارەی گاندی سەریان سوڕما و لێیان پرسی: «چی وای لێکردیت ئەم کارە ئەنجام بدەیت و تاکە پێڵاوەکەی تریشت فڕێ بدەیت؟» ئەویش لە وەڵامدا-بەهەموو داناییەکەوە- وتی: «پێم خۆشبوو ئەو هەژارەی پێڵاوەکە دەدۆزێتەوە، هەردوو تاکەکەی بەیەکەوە بدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی سوودی لێوەربگرێت؛ چونکە دۆزینەوەی تاکە پێڵاوێک، سوودێکی نییە».

بۆچوونتان دەربارەی کاردانەوە خێرا و ڕاستەوخۆکەی گاندی و هەروەها داناییەکەی چییە؟

دەتوانرێت گەلێک یاسا وبنەما لەسەر ئەم چیرۆکە بنیات بنرێت:

١- سەرقاڵ نەبوون بە کاری بێکەلکەوە. لە دەستدانی جووتێک

پێڵاو، چ گرنگییەکی هەیە؟ مـن سـەیرم لـەو کەسـانە دێـت، کاتێـک بـە مەبەسـتی عومرەکردنـەوە بـۆ مەککـە دەچـن و لەکاتـی گەڕانـەوەدا پێڵاوەکانیـان لـێ بـزر دەبێـت، هەموو ڕێگاکە بـە قسـەپێوتن، زەمکردنی بـارودۆخ، خووڕەوشـتی خەڵـک، بڵاوبوونـەوەی دزیکـردن، خەمسـاردی لایەنـی فڵانـی و...هتـدەوە بەسـەردەبات. بەڕێـزم هێوربـەرەوە، ئـەوە تەنیـا پێڵاوێکـە، سوپاسـی خـودای گـەورە بکـە کـە بەخششـی پـێ بەخشـیویت و دەسـتەڵاتی پێداویـت کـە بتوانیـت دانەیەکـی تـر بکڕیتـەوە. تەنانـەت، بـەر لـەوە سوپاسـی خـودا بکـە کـە دەتوانیـت لەسـەر پێیەکانـت بڕۆیـت و خـودای گـەورە، ئـەو بەخششـەی پێداویت! وای دابنـێ ونبوونـی پێڵاوەکانـت، تاقیکردنەوەیەکـە لـە لایـەن خـودای گـەورەوە بـۆ تـۆ، یاخـود سـەدەقەیەکە بـۆ ئـەو کەسـەی پێڵاوەکـەی بـردووە، کارەکـە لەسـەر خـۆت سـووک و ئاسان بکـە. پێویسـت ناکات کـە ئـەو خێـر و پاداشـتەی بـە ئەنجامدانی عومرەکـەت بەدەسـتتهێناوە، بـە زەمکـردن، جنێـودان و قسـەی نەشـیاوەوە لەکیس خۆتـی بدەیـت!

٢- دڵتەنـگ نەبـوون بـۆ ئەو شـتانەی تێپەڕیـون، یاخود لەدەسـتچوون. ئـەوەی ڕوویـدا، ڕوویدا. ئـەوە بۆیـە پەشـیمانبوونەوە دادت نادات.

٣- بڕیـاڕدان لـە ژیانتـدا بـا بـە پێـی بیروبـاوەڕ و بنەمـا بێـت، نـەک بـە پێـی ئـارەزوو و هەسـتەکانت. هەڵوێسـتی زۆربـەی خەڵـک لـە هەمـان بارودۆخـی گاندیـدا، تووڕبـوون، هەڵچـوون، هەوڵـدان بـۆ وەسـتاندنی شـەمەندەفەرەکە و درەنـگ خسـتنی خەڵکییـە لـە پێنـاو تاکـە پێڵاوێکـدا، بـەڵام گانـدی حاڵەتـی پەسـتیی بەلاوەنـا و لەسـەر بنەمـای خۆنەویسـتی بڕیاریـدا. خۆنەویسـتی لـە ئاسـتی ئـەو کەسـانەی کـە لـە شـەمەندەفەرەکەدان و ڕەچاوکردنـی بەرژەوەندیـان. هەروەهـا خۆنەویسـتی بەرانبـەر ئـەو نـەدارەی کـە ڕۆژێـک لـە ڕۆژان، پێلاوەکـە



Scanned with CamScanner

دەدۆزێتــەوە و ســوودی لــێ دەبینێــت.

٤- هەوڵـدان بـۆ گۆڕینـی بـەڵا و نەهامەتییـەکان، بـۆ دەرفـەت، خـەڵات و بەخشـینەکان. گریمـان لەدەسـتدانی ئەوپێـلاوە؛ بـۆ گانـدی مایـەی خەفـەت و مەینەتییـە، بـەڵام ئـەو وەکـو دەرفەتێـک، بـۆ کەسـێکی تـری کـردە خـەڵات. سـەرنج بـدە و ئـەم یاسـایە لەژیانتـدا پەیـڕەو بکـە.

٥- خێرایـی لـە تێگەیشـتندا، خەسـڵەتێکە لـەو کەسـانەدا هەیـە کـە لـە ژیانیانـدا ڕاهاتـوون بڕیارەکانیـان بـە شـێوەیەکی ژیرانـە و شـێنەیی بـدەن. ئـەوە بۆیـە لەکاتـی پێویسـتدا، عەقڵیـان بـۆ بیرکردنـەوە بـە شـێوەیەکی دروسـت، بەرنامەڕێژکـراوە و بڕیارەکانیشـیان بـە شـێوەیەکی دروسـت و ڕاسـتەوخۆ دەدەن.

تێبینـی: بەختــەوەری ڕاسـتەقینە، ئەوەیـە کـە خۆپەرسـت نەبیـت و بەرژەوەنـدی و خوداسـتەکانت لـە پێنـاوی خزمەتکردنـی خەڵکیـدا بـەلاوە بنێیـت. بێگومـان ئەمـە کارێکـی قورسـە. ئایـا وانییـە؟ بـەڵام کـێ دەڵێـت کـە بەدەسـتهێنانی بەختــەوەری ڕاسـتەقینە، کارێکـی ئاسـانە؟

گانــدی یەکێکـە لـە کەسـایەتییە گـەورە و ناودارەکانـی مێـژوو، بـۆ ماوەیـەک دەمویسـت ئـەو فیلمـە ببینـم کـە لەسـەر ژیانـی بەرهەمهێنــراوە. تەنیـا چەنـد پارچەیەکـی فیلمەکـەم بینیـوە کـە لـە دانایـی، پەنـد و ئامـۆژگاری پـڕاو پـڕە. ئامۆژگاریتـان دەکـەم بـە کڕینـی ئـەو فیلمـە، یاخـود کڕینـی کتێبێـک لەسـەر ژیانـی ئـەم پیـاوە بلیمەتـە. دانایـی، ونبـووی موسـوڵمانە. هەرکـەس پـەی بیدۆزێتـەوە، دەبێتـە خاوەنـی. بەڕاسـتی ژیانـی ئـەم کەڵـە پیـاوە، پـڕ لـە داناییـە.



## چۆن واز دەهێنیت؟

پێم خۆشبوو ئەم وتارە، پێشکەش بە هەموو ئەوانە بکەم کە خووی خراپ لە ژیانیاندا تەنگی پێهەڵچنیون. من لە سایەی پەروەردگاردا، لەم مانگەدا دەبێت بە پێنج ساڵ کە بە تەواوەتی و بە هەموو شێوەیەک، ئاهەنگی وازهێنانم لە جگەرەکێشان دەگێڕم کە لە مانگی ئازاری (٢٠٠٥ز)دا دەستم بە وازهێنان کرد. داواکارم لە خودای گەورە کە ئەو بەخششەی پێی بەخشیم تا لەو خووە خراپە دووربکەومەوە، بە هامان شێوە بە هەموو کەسێکی ببەخشێت؛ تا لە هەموو ئەو شتانەی کە دەبنە هۆی زیان، نارەحەتی بۆ ژیانیان و ڕێگری دروست دەکەن لە بەرەو پێشچوونیاندا، دووربکەونەوە.

وازهێنان و دوورکەوتنەوە لە هەر خوویەک، بریتییە لە جەنگێک لە ناخی مرۆڤدا کە چەندین ڕووبەڕووبوونەوە و بەربەرەکانێ لەخۆدەگرێت. بۆیە بە ئیزنی خودا، وا لە خوارەوەدا ئەو چەک و ئامرازانەتان پێشکەش دەکەم کە بۆ سەرکەوتن بەسەر ئەو جەنگەدا یارمەتیتان دەدات.

١- یاسای هێز ڕاکێشان: کاتێک موشەکێک ڕووی زەوی بەجێدەهێڵێت، لە بەکارهێنانی ئەو هێزەدا، پێویستی بە هێزێکی



Scanned with CamScanner

لـە ڕادەبـەدەرە و بـەردەوام دەبێـت؛ تاوەکـو بەرگـە هـەوای زەوی بەجێدەهێڵێت و دەگاتـە ڕووبەرێـک کـە تێیـدا هێـزی ڕاکێشـانی زەوی بوونـی نامێنێـت. ئیتـر موشـەکەکە ئۆتۆماتیکـی بـە بـێ بوونـی هیـچ هێزێکـی پاڵنـەر، لـە ڕۆیشـتندا بـەردەوام دەبێـت. بـە هەمـان شـێوە، خوویـش وایـە. لـە سـەرەتادا، بـۆ ڕزگاربـوون لێـی، پێویسـتیی بـە هێزێکـی پاڵنـەری زۆر هەیـە. دواتـر دەگاتـە خاڵێک-لەوانەیە دوای سـێ هەفتـە، یاخـود مانگێـک بێـت-، ئـەو هێـزی ڕاکێشـانە بوونـی نامێنێـت و مرۆڤەکـە لـە خـووە خراپەکـەی ڕزگاری دەبێـت. ئیتـر پێویسـتی بـە هێـزە هاندەرەکـەی پێشـووی نامێنێـت و بـە ئازادییـەوە ژیـان بەڕێـدەکات. لێکۆڵینـەوە بـۆ ئـەو ئـاکارە خراپـە بکـە کـە تووشـی بوویـت. دیاریـی بکـە کـە چەنـدە کاتـت بـۆ شـکاندنی بەربەسـتی هێـزی ڕاکێشـان پێویسـتە. پلانێـک دابنـێ کـە هەمـوو کات و ژیانـت بگرێتـەوە؛ تاوەکـو بەربەسـتەکە دەشـکێت. مۆڵـەت وەربگرە، سیسـتەمی نووسـینگەکەت، یاخـود ماڵەکـەت بگـۆڕە و دەسـت بـە دۆزینـەوەی خولیـای نـوێ بکـە. بەشـداری خولـی ڕاهێنـان بکـە. هەمـوو ئـەم ئامرازانـە، بـۆ گەیشـتن بـە قۆناغێکـی خاڵـی لـە بوونـی هـەر هێزێکـی ڕاکێشـان، یارمەتیـدەر دەبـن.

٢- لەوانەیـە دوای هەوڵدانێکـی زۆر، دووبـارە بـۆ سـەر هەمـان خـوو بگەڕێیتـەوە. ئەمـەش لەبـەر ئـەوەی، ئـەو هێـزە هانـدەرەی بـە کارت هێنـاوە؛ بـۆ وازهێنـان لـەو ڕەفتـارە بـەس نەبـووە. بـێ هیـوا مەبـە، دووبـارە سـووپاکەت بنیـات بنێـرەوە، پلانەکانـت بگـۆڕە و دووبـارە هـەوڵ بـدەرەوە، تـا ئـەو کاتـەی هێزێکـی هانـدەری تـەواوت دەسـت دەکەوێـت.

٣- خـوو، شـتی دیاریکـراوت بـۆ دابیـن دەکات. بـۆ نموونـە: وات

لیـدەكات چارەسـەرێكی وەهمـی بـۆ حاڵەتـی دوودڵـی، پڕكردنـەوەی بۆشـایی، یاخـود سـەرنجدان بدۆزیتـەوە. بـە وردی دیاریبكـە كـە ئـەو خووەكـەت، چـی پـێ بەخشـیویت؟ دواتـر جێگرەوەیـەک دابنـێ کـە ئـەو بۆشـاییەت بـۆ پڕبكاتـەوە. بـۆ نموونـە: هەندێـک لـە ئێمـە، بـۆ دەربازبـوون لـەو كێشـە و پەسـتانانەی ڕۆژانـە تووشـی دەبیـن، پەنـا وەبـەر زۆرخـواردن دەبەیـن. ڕێگایەكـی تـر بـۆ خۆدەربازكـردن لـەو گیروگرفتانـە بـدۆزەرەوە. وەک: فێربوونـی یـۆگا، بـە خۆشـۆردنێكی ئـارام خۆشـی لـە كاتەكـەت ببینـە، وەرزش بكـە، تەماشـای ئـەو بەرنامـە تەلەفزیۆنییـە بكـە كـە حـەزت لێیەتـی و... هتـد. گرنـگ ئەوەیـە بـە كارێـک هەسـتیت کـە ئـەو بۆشـاییەی لـە ئەنجامـی ئـەو خـوو و ڕەفتـارەوەی گیـرۆدەی بویـت و دروسـت بـووە، پـڕ بكاتـەوە. وازهێنـان لـە هـەر خوویـەک، ئەگـەر جێگرەوەیەكـی بـۆ دەسـتەبەر نەكەیـت، ئەسـتەمە. پلانـە جێگرەوەكانـت کـە دوای وازهێنـان لـەو ڕەفتـارەت پێـی هەڵدەسـتیت، بنووسـەرەوە.

٤- دەوروبـەرت لـەو كەسـانەی کـە لـە كارە باشـەكانتدا بەشـدار دەبـن، پـڕ بكـە. لـەو كەسـانەی کـە كاری نابەجێـت لەگـەڵ دەكـردن، دوور بكەوەرەوە-ئەمـەش لـە پرۆسـەی وازهێنانـدا خاڵێكـی گرنگـە، ژینگـە ڕۆڵێكـی كاریگـەری هەیـە، هـاوڕێ ڕاكێشـەرە-.

ئاگاداربـە، نەكەیـت بـە خـۆت بڵێیـت کـە بەهێزیـت و دەتوانیـت بەسـەر بارودۆخـتـدا زاڵ ببیـت. كەچـی لەهەمـان كاتـدا، لـەو ژینگـە نالەبـارەی تێیدایـت، بمێنیتـەوە؛ چونكـە ئـەوە دەروازەیەكـە لـە دەروازەكانـی شـەیتان. ئەگـەر ئـەم ڕازەت بـە دڵـدا هـات، ئـەوا بـە شـەیتان بڵـێ: «هەمـووان لـە تـۆ ژیرتـرن». ئەگـەر لـەو كەسـانەیت كـە ئالـوودەی تەلەفزیـۆن و ماڵپـەرە دزێـو و خراپەكانیـت؛ ئـەوا

چارەسەرێکی ڕیشەیی بۆ ئەم کێشەیە بەکاربهێنە. بۆ نموونە: بۆ ماوەی مانگێک، ئینتەرنێت لە ماڵەکەتدا دووربخەرەوە، هەتا ئەو خووە لە سیستەمی ژیانتدا دەردەچێت.

٥- کاری دووبارە و ڕۆتینات لەژیانتدا مەهێڵە. خووەکان لە کاری دووبارەبووەوە و دەق پێوەگرتوودا، پشتگیری دەکرێن، گەشە دەکەن و بەهێز دەبن؛ بۆیە لەو چوارچێوەیەدا دەربچۆ. بەتایبەتی لەو ساتەوەختەدا کە تێداماویت و حەزێکی زۆرت بۆ خووەکەت دەبێت. بۆ نموونە: ئامۆژگاری دەکرێت کە کاری تەرککردنی جگەرەکێشان، بکەوێتە کاتی مۆڵەت و پشووەوە و لە کەش هەوایەکی جیاواز لەوەی لە سەری ڕاهاتوویت، ژینگەیەک کە لە فشاری زۆر دووربێت.

٦- کتێبی تایبەت لەسەر چۆنیەتی وازهێنان لە ڕەفتاری خراپ و نەشیاو بخوێنەرەوە-کە لە بازاڕەکاندا زۆرن-. زۆرجار تەنیا ڕستەیەک، وات لێدەکات بۆ هەمیشە لە ڕەفتارێک کە ساڵانێکە بەرۆکی گرتوویت، دووربکەویتەوە. ئامۆژگاریت دەکەم بە خوێندنەوەی کتێبی (أيقظ قواك الخفية-وزە شاراوەکانت بەئاگا بهێنە-) کە بە هۆیەوە لە جگەرەکێشان دوورکەوتمەوە.

٧- لە سەرەتا و کۆتایی هەر کارێکدا دوعا بکە. بەتایبەت لە کاتی سوجدەدا و لە چارەکی کۆتایی شەودا؛ تاوەکو خودای میهرەبان لە کاریگەری هەر خوویەکی خراپ، ڕزگارت بکات.

بە هیوای سەرکەوتن بۆ هەمووان، لە نزای خێر بێبەشمان مەکەن.



Scanned with CamScanner

# چۆن بێفیز دەبیت؟

کێشەی هەرە گەورە لە نەخۆشی (لەخۆباییبوون)دا، ئەوەیە کە نەخۆشییەکی شاراوەیە و کەم کەس هەستیپێدەکەن. ئەگەر ئێستا بپرسیت: «ئایا تۆ کەسێکی لەخۆباییت؟» وای بۆ دەچم کە زۆرینەی هەرە زۆری خەڵک، بە هەموو ئاسوودەییەکەوە بڵێن: «بە دڵنیاییەوە نەخێر، من کەسێکی لەخۆبایی نیم». من لێرەدا دەپرسم: ئایا ئەمە خەمڵاندنێکی وردە؟ لەخۆباییبوون چییە؟ نیشانەکانی چین؟

ڕێگاکەتان بۆ نزیک دەکەمەوە و هەندێک لە سیفەتەکانی کەسانی لەخۆباییتان بۆ باس دەکەم. (ئەگەر وەڵامی چەند پرسیارێکی خوارەوەت بە بەڵێ دایەوە، ئەوە بزانە لەخۆباییبوونێکی شاراوەت هەیە کە پێویستە چارەسەر بکرێت). بەڕاستی، لە ناخمدا هەستم بەناتەواوییەکی زۆر کرد، کاتێک ئەم تاقیکردنەوە بچووکەم ئەنجامدا. لەسەر هەموو کەسێک پێویستە کە لە کاتی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەدا، لەگەڵ خودی خۆیدا ڕاشکاو بێت؛ چونکە هیچ کەسێک نا تبینێت .

١- کاتێک لە کەسێکەوە ڕووبەڕووی رەخنەیەک دەبیتەوە، ئایا هەست بە توورەیی و نائارامی دەکەیت؟ یاخود ڕاستەوخۆ، بە هەر ئامرازێک بێت، دەست بە بەرگریکردن لەخۆت دەکەیت؟

Scanned with CamScanner

٢- ئایا کاتێک وتەیەک یان خاڵێکی بەرانبەرەکەت بەدڵ نابێت، گفتوگۆکەی پێ دەبڕیت؟
٣- ئایا بەرانبەر کەسێکی لە خۆت پلە و پایە بەرزتردا، لە کۆمپانیادا، یاخود لە شوێنی کارکردنتدا، هەست بە دوودڵی و جۆرێک لە ترس دەکەیت؟
٤- ئایا لەکاتی ڕادەربڕیندا، لەوەی کە بۆچوونەکەت پەسەند نەکرێت، هەست بە ترس دەکەیت؟
٥- ئایا زیاتر لەوەی گوێدەگریت، قسە دەکەیت؟
٦- ئایا شێوازی مامەڵەکردنت لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەتدا، بەتەواوی پێچەوانەی شێوازی مامەڵەکردنتە لەگەڵ ئەوانەی کە لەگەڵتدا کار دەکەن؟ واتە: لەسەر بناغەی پلە و پایە و دەسەڵات مامەڵە دەکەیت، نەک لەسەر بناغەی ئەوەی کە هەموو مرۆڤەکان یەکسانن؟
٧- ئایا کاتێک یەکێک لە کۆڕێکدا گفتوگۆت لەگەڵ دەکات، بابەتەکان بە شێوەیەکی کەسی وەردەگریت؟
٨- ئایا کاتێک خەڵکی پشتگیریت ناکەن، پشتیوانی بۆچوونو سەرنجەکانت ناکەن، توڕە دەبیت یاخود دەپەشۆکێیت؟
٩- ئایا هەمیشە حەزت بە بیستنی پیاهەڵدان و ستایشکردنە؟ ئەوپەڕی هەوڵی خۆت دەدەیت؛ بۆ ئەوەی خەڵک ستایشت بکەن؟
١٠- ئایا هەمیشە خۆت بە کەسانی تر بەراورد دەکەیت؟ هەست بە ئارامی و دڵخۆشی دەکەیت، کاتێک لەوانی تر باشتر بیت؟ هەست بە گرژی دەکەیت، کاتێک کەسانی تر لە تۆ باشترن، چ لە ڕووی ناوبانگەوە، یاخود لە هەبوونی بەهرەیەکدا بێت؟

مژدەتان دەدەمێ کە من لەم تاقیکردنەوەیەدا، یەکەمینی دەرنەچووانم. جا دواتر بۆم دەرکەوت کە خۆبەگەورەدانان، بابەتێکی

زۆر ترسـناکە و پێغەمبەر (د.خ) ڕاسـتی فەرمووە کاتێک فەرمویەتی: (لا یدخـل الجنـة مـن کان فـي قلبـه مثقـال ذرة مـن الکبـر) واتـە: ناچێتە بەهەشـتەوە، ئـەو کەسـەی بـە ئەنـدازەی گەردیلەیـەک، لوتبەرزیـی لـە دڵـدا هەبێت.

پرسـیارێکی گرنـگ دێتـە کایـەوە: چـۆن خاکیبـوون بنوێنـم؟ بەکورتـی، نووسـینەکانی پێشـوو پێچەوانـە بکـەرەوە، مەنهەجێکـی ڕوون و ئاشـکرات بـۆ خاکیبـوون دەسـت دەکەوێـت. قسـە بـە خەڵکـی مەبڕە، بەڵکـو بێدەنگبـە، ئاخـر قسـەکەی تـۆ لـە هـی ئـەوان گرنگتـر نییـە. زیاتـر گـوێ بگـرە وەک لـەوەی قسـە دەکەیت. لـە مامەڵەکـردن لەگەڵ ئاسـتە جیاوازەکانـی خەڵکـدا، جیاوازیـی (لـە هەسـت و سـۆزی ناختدا) مەکـە، (واتـە لەگـەڵ سـعودیەکدا بە شـێوازێک مامەڵە بکەیـت و لەگەڵ هندییەکـدا بەشـێوازێکی تـر!)؛ چونکـە ستایشـکردنی خەڵک، گەشـە بە لەخۆباییبـوون لـە ناخـتـدا دەدات.

لـە کۆتاییـدا بیـری خۆتـی بهێنـەرەوە، ئەگـەر خاکیبـوون و خۆبەکەمزانینـت لـە ئاسـتی پـەروەردگاردا، لـە خاکیبوونێکـی کرداریـی ڕوون بەرانبـەر بەدیهێنراوانـی خـودا ڕەنـگ نەداتـەوە؛ ئـەوا بزانـە کـە خاکیبوونـت بەرانبـەر پـەروەردگار کێشـەی تیایە و ناتـەواوی تێکەوتووە، ئـەوە خۆبەکەمزانینێکـی خەیاڵییـە؛ چونکـە خۆبەکەمزانینـی ڕاسـتەقینە بەرانبـەر خـودای گەورە، خاکیبوونیش بەرانبـەر خەڵکیش واجب دەکات. بۆیـە ناختـان ڕابێنـن تاوەکـو کار لـە کار نەتـرازاوە.

سـەیری ژیاننامـەی پێغەمبـەر (د.خ) بکـەن لەگەڵ هـاوڕێ، ئافرەت، منـداڵ و تەنـات لەگـەڵ نەیارەکانیشـیدا لە هەموو کەسـێکی تـر خاکیتر بـووە. خاکیبوون بەسـەر هەمـوو خووڕەوشـتیدا زاڵ بووبوو.



Scanned with CamScanner

## دەتەوێت ساڵی داهاتوو، ببیت بە چی؟

سیفەتێکی هاوبەش کە لە هەموو کەسە سەرکەوتوو و بەهرەمەندەکاندا دەبینرێت، بە بێ هیچ هەڵاوێردنێک و جیاوازییەک، بریتییە لە: (بوونی ئامانج، خولیای بڵند و پایەدار کە دەروونەکان هۆگریان دەبێت و پلانی بۆ دادەڕێژێت و لە پێناوی بەدیهاتنیاندا کۆشش دەکات). ئەوەندە بەس نییە کە ئامانجێک هەبێت، بەڵکو پێویستە ئەم ئامانجە بگۆڕدرێت بۆ داهێنان، دەروون هۆگری ببێت و خۆشەویستی بۆ ئامانجەکە بە جۆرێک بێت، مرۆڤ لە پێناویدا کار بکات و چێژی لێوەربگرێت. دەبینیت ئەم خاسیەتە لە هەموو کەسە بەهرەمەندەکانی وەکو بانگخوازان، بازرگانان، داهێنەران و کەسانی تری هاوشێوەیاندا بوونی هەیە. بۆیە پێویستە ئامانجەکانت لەو بوارە دابنێیت کە خۆشتدەوێت. بۆ نموونە: ئەو کەسەی حەزی بە وێنەکێشانە، پێویستە ئامانجەکانی لە بواری وێنە و هونەردا بێت، هەروەها ئەو کەسەشی حەزی بە قایلکردن و قەناعەتپێکردنی کەسانی ترە، پێویستە ئامانجەکانی لە بواری فرۆشگا، یاخود پارێزگاری و دادگادا بێت و هەروەها بەم شێوەیە...

بۆ ئەوەی ئامانج بەرهەمدار بێت، چوار تۆخمی سەرەکی هەیە کە پێویستە لە ئامانجەکەتدا بوونی هەبێت:

١- پێویستە ئامانجەکەت دیاریکراو بێت، هەروەها بیپێویت. نابێت بڵێیت: «ئامانجەکەم ئەوەیە دەوڵەمەند بم»، بەڵکو پێویستە بڵێیت: «دەمەوێت ئەوەندە ڕیاڵ دەستکەوتی ماددی بەدەست بهێنم».

٢- پێویستە ئامانجەکەت بە دەستهێنانی دژواربێت و بەرەنگاری تێدا بێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەستەم نەبێت.

٣- پەیوەندی بە ئامانجە گەورەکانی ژیانتەوە هەبێت.

٤- پێویستە کاتەکەی دیاریکراو بێت. بۆ نموونە بڵێیت: «ئامانجی من ئەوەیە، لە ساڵی داهاتوودا دوکانێک لە بواری دیزاینی ناوماڵدا بکەمەوە»، کاتی بەدەستهێنانی ئامانجەکەت بە کراوەیی بەجێ مەهێڵە؛ چونکە ئەمە دەبێتە هۆی تەمبەڵی و دواخستن.

پێشنیار دەکەم لەو ڕۆژەی ئامانجەکەت دەنووسیت، تەنیا هەنگاوێک بەرەو ڕووی-هەرچەند هەنگاوەکە بچووکیش بێت- ئەنجام بدەیت؛ چونکە هەمیشە هەنگاوی یەکەم، یارمەتی بەردەوامبوون دەدات. بۆ نموونە، ئەگەر ئامانجێکت بۆ کردنەوەی فرۆشگایەکی وێنە شێوەکارییەکان دانا، بڕۆ بیرۆکەکانت بە وەرگرتنی نرخی کرێی فرۆشگا بازرگانییەکان دەستپێبکە، یاخود لە ئینتەرنێتدا بە دوای بابەتەکەدا بگەڕێ. هەنگاوی یەکەم زۆر گرنگە؛ بۆیە پشتگوێی مەخە و ڕاستەوخۆ دەستپێبکە.

پەیامێک بۆ دایک و باوکان: هەوڵبدەن کە بزانن ئاراستە و خولیای منداڵەکانتان چییە؟ هەروەها چ بوارێکیان خۆشدەوێت؟ بە شێوەیەک ئاراستەیان بکەن کە بواری ژیانیان هەمان ئەو بوارە بێت کە خۆشیان دەوێت و حەزیان لێیەتی. هەروەها دووربکەونەوە لە زۆرلێکردنیان لەو بوارانەی پێیان خۆش نییە؛ چونکە خۆش نەویستنی ئەو بوارەی تێیدایت، گەورەترین بەربەستە

بۆ بەهرەمەندبوون لێی. لەو بوارەی خۆشت ناوێت، سەردەکەویت، بەلام بەهرەمەند نابیت.

پێشنیار دەکەم کە هەموو کەسێک، بۆ ماوەی نیو کاتژمێر، بۆ نووسینی ئامانجەکەتان بە وردی بۆ ساڵی داهاتوو، لە جێگایەکی ئارامدا دابنیشن. لەوانەیە ئەم دانیشتنە، ببێتە خاڵی وەرچەرخاندنی ژیانتان.



Scanned with CamScanner

## ڕاسپاردە ڕەمەزانییەکان

١- کاتێـک بـۆ نوێـژی تەراویـح، بـۆ مزگـەوت دەچیـت، گرنگـی بـەوە بـدە ئۆتۆمبێلەکـەت لـە شـوێنێکدا ڕابگریـت کـە بـۆ دەرچوونـی ئۆتۆمبیلەکانـی تـر، نەبێتـە ڕێگـر. پێویسـت نـاکات پاداشـتی نوێژەکانت بـە هـۆی ئازاردانـی بـرا موسـوڵمانەکانتەوە لـە کیـس بدەیـت و بەرژەوەندییەکانـی ئەوانـی تـر ڕەچـاو نەکەیـت، بـەوەی هەرکاتێـک ویسـتیان ئۆتۆمبێلەکەیـان بجوڵێنـن؛ بەهـۆی ئـەوەی تـۆوە نەتوانـن. هـەوڵ بـدە ئۆتۆمبێلەکـەت لـە شـوێنی تایبەتیـدا ڕابگریـت، ئەگـەر دووریـش بێـت لـە مزگەوتەکەوە-ئەمـەش دەرفەتێکـە بـۆ بـە پـێ ڕۆیشـتن، جۆرێکـە لـە وەرزش؛ بـۆ ئـەوەی خواردنـی بەربانـگ زووتـر هـەرس بکەیـت-.

٢- بـا نوێـژی تەراویـح لـە بەجێهێنانـی نوێـژی بەیانیـدا نەبێتـە ڕێگـر؛ چونکـە نوێـژی بەیانـی فـەرزە، بـەڵام تەراویـح سـوننەتە، فەرزیـش لـە سـوننەت لـە پێشـتر، گرنگتـر و پاداشـتی زۆرتـرە. بەڕاسـتی سـەیرم پـێ دێـت کـە مزگەوتـەکان لـە کاتـی نوێـژە فەرزەکانـدا، بـەو شـێوەیەی نوێـژی تەراویـح قەرەباڵـغ نابـن! لـە کاتـی تەراویحـدا، ڕیـزی نوێژخوێنـان تـا بـەردەرگای مزگـەوت درێـژ دەبێتـەوە، کەچـی لـە کاتـی نوێـژی بەیانیانـدا تەنیـا ڕیزێـک یاخـود دوانـن! ئـەوەش

Scanned with CamScanner

کێشەیەکە لە چۆنیەتی تێگەیشتن لە لەپێشترییەکان.. لە کانگای دڵمەوە، خودازیاری ئەوەم ببینم کە ڕیزی نوێژخوێنان، لە نوێژی بەیانیدا تا بەردەرگای مزگەوتەکان درێژ ببێتەوە!

٣- با ڕۆژووگرتنت، ڕۆژووگرتنێکی گشتییانە و باو نەبێت، واتە: تەنیا دوورکەوتنەوە لە خواردن و خواردنەوە بێت، بەڵکو هەوڵ بدە بە ئاستی ڕۆژووی تایبەتەکان بگەیت. ئەو ڕۆژووگرتنە، ڕۆژووی تەواوی ئەندامەکانی جەستەیە، واتە: زمانت لە زەم و غەیبەتکردن بەڕۆژوو بێت، چاوت لە بینینی شتی نەشیاو و گوێت لە بیستنی هەموو ئەوانەی حەرامن بپارێزێت. ئەگەر بەم قۆناغە گەشتیت، ئەمە پێی دەوترێت: (ڕۆژووی تایبەتەکان)، ئەمەش ڕۆژووی دڵە. با دڵت لە هەر حەسوودی، ڕق لێبوونەوە، کینەیەک و هەروەها لە هەر ڕازێک کە سوودی بۆ قیامەتت نییە، بەدووربێت.

٤- وازهێنانت لە جگەرەکیشان بەدرێژایی ڕەمەزان؛ بەڵگەیە لەسەر توانای تۆ بۆ ئەوەی بە یەکجارەکی واز لەو ئاکارە بهێنیت. کارەکە تەنیا پێویستی بە بڕیاردانی خودی خۆت هەیە و ڕەمەزانیش باشترین هەلە بۆ بڕیاردان.

٥- زنجیرە دارماکان، ئای تۆ چووزانیت کە زنجیرە دراماکان چینن!.. لێم بگەڕێن بڵێم: «ئایا هەموو زنجیرە درامایییەکان، بەس لە ڕەمەزاندا هەن؟!» پێشنیار دەکەم، ناوی ئەو زنجیرە درامایانەی کە حەزی پێ دەکەیت، وەربگریت و دوای ڕەمەزان بیانکڕیتەوە، یاخود دووبارەکەیان کە لە کەناڵەکاندا بەدرێژایی ساڵەکە لێ دەدرێنەوە، سەیر بکەیت.

٦- بازاڕەکان.. نامەوێت توندڕەو دەربکەوم، بەڵام باشتروایە کە لە ڕەمەزاندا، لە بازاڕکردنی شەوانە دووربکەویتەوە؛ چونکە بە ڕاستی

شـتانێکی تێـدا ڕوودەدەن کـە شـیاوی ئـەم مانگـە پیـرۆزە نیـن. بـۆ بەدەسـتهێنانی هـەر پێداویسـتییەکیش، باشـتروایە بەیانیـان بچـن؛ چونکـە کەشـەکە لـەو کاتانـەدا، ئارامتـر و باشـترە.

٧- تەمبەڵـی، بێتاقەتـی، هەڵچـوون و میزاجییـەت.. بەخـودا مانگـی ڕەمـەزان لـە هەمـوو ئـەم سـیفەتانە بـەدوورە.

خودایـە گیـان! نوێـژ، ڕۆژوو، پەرسـتش و شـەونوێژمان لـێ قبـوڵ بکـە. بەڕاسـتی هـەر خـۆت دڵسـۆز و میهرەبانیـت.

# بەشی سێیەم

# ڕازەگەلێک بۆ ئاوەز و بیر

Scanned with CamScanner



## زۆربەی بوونەوەران جیاوازییان هەیە لە بۆچوونیاندا

فریشتەکانیش جیاوازییان هەیە: (فریشتەی سزادان و فریشتەی میهرەبانی بۆچوونی جیاوازیان هەیە لەسەر کەسێک کە سەد پیاوی کوشتووە).

پێغەمبەران(سەلامی خوایان لەسەربێت) جیاوازییان هەیە: (داود و سولەیمانی کوڕی، لەنێوان دوو ژندا کە هەریەکەیان لەسەر ئەوەی کە دایکی منداڵێکن و کێشەیان هەیە، بۆچوونیان جیاوازە).

هاوەڵان بۆچوونیان جیاوازە: (ئیبنو عومەر، بەوە ناسراوە کە دەبێت کار بە ئەرکەکان بکرێت. ئیبنو عەباس، بەوە دەناسرێت کە دەبێت کار بە مۆڵەتپێدان بکرێت. هەردووکیشیان لە گەورە پیاوانی هاوەڵانن). هەروەها لە نێوان هاوەڵانیشدا لە زۆر بواردا بۆچوونی جیاوازیان هەبووە. بۆ نموونە: ئەوە شتێکی زۆر ڕوون و ئاشکرایە کە ئەبوبەکر و عومەر لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵ هەڵگەڕاوەکاندا دەبێت چۆن بجوڵێنەوە، هەرکەس ئەو بابەتە بخوێنێتەوە، زیاتر ئەوەی بۆ دەردەکەوێت. لێرەدا بواری ئەوە نییە بەدرێژی باس بکرێت.

بۆچی ئەم هەموو نموونانەم هێناوەتەوە؟ بۆیە بەوشێوەیە نموونەم

هێناوەتـەوە؛ بـۆ ئـەوەی بۆتـان ڕوون ببێتـەوە کـە بۆچوونـی جیـاواز، شـتێکی ئاسـایی و ڕێگەپێـدراوە. لەهەمـان کاتیشـدا چاوەڕوانکـراوە، ڕەوشـتێکی مرۆییـە و خـودای پـەروەردگار لەنێـوان مرۆڤەکانـدا دایناوە، تەنانـەت لەنێـوان باشـترین مرۆڤەکانیشـدا بوونـی هەیـە.

بـەڵام ئێسـتا کاتـی جڵەوکردنـی ئـەم ئەسـپە سەرکەشـەیە و ئـەم پرسـیارە بـە دوای خۆیـدا دێنێـت: چـۆن مامەڵـە لەگـەڵ بۆچوونـی جیـاوازدا بکەیـن؟

بـا نمونەیەکـی کردەیـی بهێنینـەوە: کاتێـک لەگـەڵ کەسـێکدا لەسـەر بابەتێکـی دیاریکـراو یـان هەڵوێسـتەیەک، بۆچوونـی جیـاوازت دەبێـت، ئایـا ئـەم ناکۆکـی و جیاوازییـە، گەیشـتووەتە ئاسـتی ڕقلێبـون و دژایەتیکـردن؟ یاخـود ئاسـتی جوێنـدان؟ ئایـا دەگاتـە ئاسـتی پەیوەنـدی پچڕانـدن؟ ئایـا دەگاتـە ئـەو ئاسـتەی کـە کەسـی بەرانبـەر، لەسـەر نیـاز، بیروبـاوەڕ و ئایینـی تۆمەتبـار بکرێـت؟ ئەگـەر بگاتـە ئـەو ئاسـتە، ئـەوا بزانـە ئـەو دژایەتیکـردن و ناکۆکییـە لـە سـەر مەنهـەج و ڕێبـازی هـاوەڵان نییـە؛ چونکـە ئـەو مەنهەجـە نییـە کـە بـۆ شـکۆمەندی ئوممـەت دەیانویسـت. دەبینیـن هـاوەڵان لـە زۆر بابەتـدا جیاوازییـان هەبـووە، بـەڵام دڵەکانیـان یـەک بـوون. هەرگیـز یەکرییـان کافـر نەکـردووە. هەروەهـا یەکترییـان بـە نیـاز خراپـی و گومڕایـی تۆمەتبـار نەکـردووە. سـەرەڕای ئـەو جیاوازییانـەش، زۆر ڕێـز و خۆشەویسـتی لەنێوانیانـدا هەبـووە.

کێشـە بنەڕەتییەکـە ئەوەیـە هەندێـک لە خەڵکـی، ئامانجیـان ئەوەیە کـە هەمیشـە بۆچوونـی جیاوازیـان هەبێـت و دیدێکـی ڕەخنەگرانەیـان هەبێـت. ئامانجیـان ئەوەیـە بەبـێ هەڵاوێـردن، لـە سـەرجەم بوارەکانـدا بۆچوونیـان جیاوازبێـت، بـەڵام ئەگـەر کارێـک بێتـە پێشـەوە، جێگـەی



Scanned with CamScanner

جیاوازی بێت، با کارێکی سەرەکیش نەبێت، ئەوە کارەساتێکی گەورە ڕوودەدات و ئیتر تۆمەتەکانی بە کافرکردن و لەڕێدەرچوون دەستپێدەکەن! ئامانجی نکوڵیکردن لە بوونی جیاوازی، ئامانجێکی نادروست و خەیاڵییە. هەرگیز ئەم خەیاڵەش نایەتە دی؛ چونکە ئێمە مرۆڤین. کەواتە ئامانجی ڕێگەپێدراو لەو کارەدا چییە؟ ئامانج لە بۆچوونی جیاواز ئەوەیە کە بە ڕێزەوە لەگەڵ ئەو جیاوازییانەدا مامەڵە بکەین،. ئەو بۆچوونەی پێشەوا (ئەبی حەنیفە) جێبەجێ بکەین کە دەڵێت: «بۆچوونی ڕاست، ئەگەری هەڵە دەرچوونی لێ بەدی دەکرێت و بۆچوونی هەڵەش، ئەگەری ڕاست دەرچوونی لێ دەکرێت».

ئامانجی ئەوەیە کە لەسەر ئەم یاسا ئاڵتوونییە لەگەڵ یەکتریدا هەڵسوکەوت بکەین: (ئەوەی لەسەری هاوڕاین، تیایدا هاوکاربین، لێبوردەبین بەرانبەر ئەو کارەیشی بۆچوونمان لەسەری جیاوازە).

بەداخەوە، ڕۆژئاوا ئەم بنەمایەی بە کردەیی کردووە، بەڵام ئێمە لەم سەردەمەشدا بە کردەییمان نەکردووە. لەگەڵ بوونی ئەو هەموو جیاوازییە زمانەوانی، ژینگەیی و ئایینییانەیاندا، توانیویانە لەسەر ئەو کارانەی کە لەسەری هاودەنگن، هاوکاری یەکدی بکەن. ئەوەتا ئەوان، ئەمڕۆ بە یەک دراو مامەڵە لەگەڵ یەکدی دەکەن! لەگەڵ ئەوەی ئەو کارانەی کە ئێمەی موسوڵمانان بە یەکەوە دەبەستێتەوە و هاوڕاین لەسەری، زۆرترە لەو بابەتانەی کە ڕۆژئاواییەکان لەنێو خۆیاندا لەسەری هاودەنگن، بەڵام چی بڵێم کە تێگەیشتن لە ڕاجیایی لە نێوانماندا نادیارە؟!

من وەک خۆم، نە سۆفی، نە سەلەفی، نە وەهابیم و هەروەها ئیخوانیش نیم، هیچ کام لەو گروپانە نیم. من موسوڵمانم و



Scanned with CamScanner

ئەوانـەی کـە دەڵێـن: «أشـهد أن لا إلـه الا اللـه وأن محمـدا رسـول اللـه»، وەک موسـوڵمانێک مامەڵەیـان لەگەڵـدا دەکـەم. ئیتـر بـا واز لـە تۆمـەت بەخشـینەوە و یەکـدی تۆمەتبارکـردن بهێنیـن.

هـەر بـەو بۆنەیـەوە دەڵێـم: داوای لێبـوردن لـە هەمـوو ئـەو کەسـانە دەکەیـن کـە لەگەڵمانـدا بۆچوونیـان جیـاوازە. بۆچوونـی جیـاوازی نێوانمـان، خۆشەویسـتی نێوانمـان لانابـات.



Scanned with CamScanner



## ئایا دەکرێت لە بەنزینخانە کار بکەم؟!

خـودای گـەورە بـە مووسـای فەرمـوو: (أَنِ اضْرِب بِّعَصَـاكَ الْبَحْـرَ فَانفَلَـقَ فَـكَانَ كُلُّ فِرْقٍ كَالطَّـوْدِ الْعَظِيـمِ). کاتێـک مووسـا ویسـتی بـە دەریاکـەدا تێپـەڕ ببێـت بـە گۆچانەکەی دەسـتی بـە دەریاکەیدا کێشـا. بـەم موعجیـزە گەورەیـە، بـەڵام ئایـا بۆچـی خـودای گـەورە دەریاکـەی بـۆ مووسـا نەکـردەوە بـێ ئـەوەی بـە گۆچـان پێیـدا بکێشـێت؟

خـودای گـەورە بـە حەزرەتـی مەریەمـی فەرمـوو: (وَهُـزِّي إِلَيْـكِ بِجِـذْعِ النَّخْلَـةِ تُسَـاقِطْ عَلَيْكِ رُطَبـاً جَنِيّـاً). هیـچ کەسـێکی ئاسـایی بـە هەمـوو هێزێکیـەوە ناتوانێـت دارخورمـا ڕاوەشـێنێت و خورماکـەی لێبکاتـەوە؛ چونکـە قـەدی دارخورمـا بەهێـزە و ناجوولێـت. چـی دەڵێـن دەربـارەی ئافرەتێکـی دووگیانـی شـەکەت و مانـدوو؟ بۆچـی خـودای گـەورە، خورماکـەی لـە دارەکـە لێنەکـردەوە، بـێ ئـەوەی حەزرەتـی مەریـەم بـە جووڵاندنـی دارەکـە هەسـتێت؟ ئایـا هـەردوو کردارەکـە موعجیـزەن؟

پێغەمبـەر (د.خ) لـە هـەر وەرزێکـی حەجـدا، بـۆ لای دەیـان کـەس دەڕۆیشـت و بانگهێشـتی ئیسـلامی دەکـردن، بـۆ لای خەڵکـی تائیـف چـوو و تووشـی لێـدان، سـووکایەتی و ئازارێکـی زۆر بوویـەوە، تـا ئەوەی کـە خوێـن لـە پێـی پیرۆزی چۆڕەی کـرد، بـەڵام دواتـر لـە لایـەن



Scanned with CamScanner

پشــتیوانان (الانصار)ەوە، دەروویەکـی ئاسـوودەیی و خۆشـی لێکرایـەوە. سـەرنج بـدە، ئـەوان خۆیـان هاتنـە خزمەتـی پێغەمبـەر، دەسـتی پشـتیوانیان لـە خزمەتـی دانـا و پاڵپشـتییان لێکـرد. ئـەی باشـە بۆچـی خـودای گـەورە وازی لـە پێغەمبەرەکـەی خـۆی هێنـا کـە بـەو شـێوەیە تووشـی ئـازار و ئەشـکەنجە ببێـت و دواتر دەسـتی پشـتیوانی و ڕزگاری بـە ڕێگایەکـی جیاوازتـر لـەو ڕێگایـەی کـە پێغەمبـەر (د.خ) گرتبووی، پێـی بەخشـی؟

گەنجێـک دێتـە لام کـە هێشـتا هاوسـەرگیری نەکـردووە و لـە سـەرەتای قۆناغەکانـی ژیانیدایـە و دەڵێـت: «بارودۆخـم سـەخت و ناهەمـوارە، هیـچ کار و کەسـابەتێکم نییـە، چـی بکـەم؟» کاتێـک پێشـنیاری ئـەوەی بـۆ دەکـەم کـە بچێـت هـەر کارێـک دەسـتی دەکەوێـت بیـکات، تەنانـەت ئەگـەر لـە وێسـتگەیەکی بەنزینیـش بێـت، باشـترە لـەوەی کـە لـە ماڵـەوە دانیشـێت. بـەم شـێوەیە وەڵامـم دەداتـەوە: «مەگـەر مووچـەی کارمەندێـک کـە لـە بەنزینخانـە کار بـکات، چـی لـە مـن دەکات؟ مـن کار و موچەیەکـی لـەوە باشـترم دەوێـت کـە لێـوەی دەسـتپێبکەم».

خوشـکێک دێتـە لام و دەڵێـت: «خێزانەکـەم دەرگای هەمـوو شـتێکیان بـە ڕوومـدا داخسـتووە. نـە کار، نـە هاوسـەرگیری، نـە ئـازادی». کاتێـک پێشـنیاری کردنـی هـەر کارێکـی بـۆ دەکـەم کـە بیـکات، هـەر شـتێک گـەر زۆر سـادەش بێـت، بـۆ نموونـە: دانانـی پێگەیـەک لەسـەر ئینتەرنێـت، جێگەیـەک کـە هیـوا و حەزەکانـی تێـدا کۆبکاتـەوە، نووسـینی پەخشـان و ناردنـی بـۆ ڕۆژنامـەکان و بڵاوکردنەوەیـان، یـان کارگەیەکـی بچـووک لـە ژوورەکەتـدا دروسـت بکـە و بەرهەمەکانـت بـە هـاوڕێ و خێزانەکـەت بفرۆشـە، ڕاسـتەوخۆ



Scanned with CamScanner

وەڵام دەداتــەوە و دەڵێـت: «ئەمانــە چــی بــە مــن دەکــەن؟ مــن لەمانــە باشــترم دەوێـت. نامەوێـت بـەم کارە سـادە و سـاکارانە دەسـتپێبکەم و خـۆم بـە شـتی بێهـودەوە مانـدوو بکـەم!».

بـەو کەسـانە دەڵێـم: کارە سـادەکانتان دەرگای زۆرتـان بـۆ دەکاتەوە کـە نـە لـە ژمـاردن دێـن و نـە هەرگیـز بیریشـتان لێکردوونەتـەوە. خـودای گـەورە تەنیـا ئـەوەی لـە بەندەکانـی دەوێـت کـە ببینێـت کار دەکـەن، دواتـر بـە ڕێگایەکـی تـر کـە هیـچ پەیوەندییەکـی بـە کارەکەیـەوە نییـە، بـە ئاسـوودەیی و کامەرانیـی دەگەیەنێت، هـەروەک چـۆن خورماکـەی بـۆ حەزرەتـی مەریـەم خسـتە خـوارەوە، دەریاکـەی بـۆ موسـا کـەرت کـرد و پشـتیوانی لـە محەمـەد (د.خ) لـە ڕێگـەی خەڵکـی مەدنـەوە کـرد.

یاسـایەکی زێڕیـن: کار شـتێکە و ئەنجـام شـتێکی تـر، تـۆ لەسـەرتە کار بکەیـت، ئەنجامیـش بـە دەسـت خـودای تـاک و میهرەبانـە. (وَقُـلِ ٱعْمَلُـواْ فَسَـيَرَى ٱللَّهُ عَمَلَكُمْ).

سـەرنج: بەڵـێ، دەکرێـت لـە بەنزینخانـە کار بکەیـت و ڕەوایـە. ئـەوەش کارە، وەک هـەر کارێکـی تـر. کاریـش هـەر چییـەک بێـت، لـە ڕێـز و شـکۆی ئینسـان کـەم ناکاتـەوە، بەڵکـو زیـادی دەکات. کارکردنـی هـەر کەسـێک لـە بەنزینخانـە، زۆر باشـترە لـە بـێ کارێکـی سسـتی تـەوەزەل کـە لـە ماڵـەوە دانیشـتووە و هیـچ کارێـک نـاکات.



Scanned with CamScanner



## ئایا دەتەوێت لەخۆبایی بیت؟

فەرمـوون لەگـەڵ ئـەم پێکهاتـە ئەفسـووناوییەدا... ئـەم هەنگاوانـە جێبەجـێ بکـە، بەبـێ هیـچ دوودڵییـەک، دەبیتـە کەسـێکی لەخۆبایـی. دڵنیـات دەکەمـەوە ئەگـەر خۆیشـت هەسـتت بـە لەخۆباییبوونـی خـۆت نەکـرد، ئـەوا دەوروبـەرت بەوشـێوەیە دەتبینـن، بـەڵام تـۆ نازانیـت و هەسـتی پێناکەیـت.

١- هەمیشـە بـە دوای ئـەوەدا بگـەڕێ کـە خەڵکـی ستایشـت بکـەن، ئەمـەش وات لێـدەکات هەسـت بـەوە بکەیـت کـە تـۆ کەسـێکی تـەواو جیاوازیـت و شـایانی ئـەو ستایشـکردنەیت. هەروەهـا وا بیربکەیتـەوە کە تـۆ لـەو کەسـە باشـتریت کـە ستایشـی کردوویـت و پیایداهەڵداویـت.

٢- تیشـک بخـەرە سـەر ئـەوەی کـە لـە خەڵکـی باشـتریت. کاتێـک بـە کەسـێک دەگەیـت، سـەرنجی زیاتـر بخـەرە سـەر ئـەو لایەنانـەی کـە تـۆ تیایـدا سـەرکەوتووتریت، بـەڵام بـۆ کەسـی بەرانبـەر زیاتـر سـەرنجی خاڵـە لاواز و نەرێنییەکانـی بـدە. بـەم شـێوەیە، هەسـت دەکەیـت کـە تـۆ لـەو باشـتریت.

٣- هەوڵـی گۆڕینـی خەڵکـی بـدە و وایـان لێبکـە وەکـو خـۆت بـن، بـەڵام بێگومـان لـە هـەر بارێکـدا بێت، تـۆ لـەوان باشـتریت. هەروەهـا هەوڵبـدە کـە گەشـە بـە خەڵکـی بدەیـت؛ بـۆ ئـەوەی کۆپییەکـی



Scanned with CamScanner

دەقاودەقی خۆت بن.

٤- بە دواکەوتن و شکستی کەسانی دیکە دڵخوشبە. شکستی ئەوان، سەرکەوتنەکانی تۆ و پلەبەرزیت زیاتر دەردەخات و واتلێدەکات لە مەیداندا جیاوازتر دەربکەویت.

٥- ئەوپەڕی هەوڵت بدە بۆ بەرگریکردن لە خۆت بەرانبەر هەر ڕەخنەیەک کە ڕووبەڕووت دەبێتەوە. هەر بەڕاستی ئەو مرۆڤە پەست و نیگەرانانە کێن کە ڕەخنەت لێدەگرن؟ بە چ مافێک ڕەخنە دەگرن؟ ئایا نازانن تۆ کێیت؟.

٦- لە گفتوگۆدا لە خەڵکی ببەرەوە. ئەوەی تۆ دەتەوێت بیڵێیت، زۆر گرنگترە لەوەی ئەوان بۆ وتن پێیانە. دوورکەوتنەوە لە قسەکردن لەگەڵ خەڵکدا، ئاماژە بۆ بوونی زانست و زانیاری و جیاوازبوونت دەکات. هەمیشە وا بکە کە لە هەر کۆڕ و کۆبوونەوەیەکدا دانیشتیت، قسە و گفتوگۆکان زیاتر هی تۆ بن و کۆڕەکە زیاتر لە دەوری تۆ و قسەکانت بخولێتەوە، بەڵام بیرت نەچێت تۆ هەمیشە باشترینی ئامادەبووانیت و هەروەها مافی ئەوەت هەیە کە زۆرترین قسە بکەیت!

(حەسەنی بەسری)، دەربارەی خاکیبوون و خۆبەکەمزانین دەڵێت: «خاکیبوون، ئەوەیە کە لە ماڵ چویتە دەرەوە و چاوت بە هەر کەسێک کەوت، وا دابنێیت ئەو کەسە لە تۆ باشتر و چاکترە».

(ئیمامی غەزالی) دەفەرموویت-بە دەستکارییەوە-: «ئەگەر کەسێک لە تۆ گەورەتر بوو، بە خۆت بڵێ: ‹ئەو لە ئیسلامەتیدا پێشی من کەوتووە و، بەهۆی تەمەنەکەیەوە خێر و چاکەی لە من زۆرترە›. ئەگەر لە خۆت بچووکتر بوو بڵێ: ‹ئەو گوناه و



Scanned with CamScanner

تاوانی لە من کەمترە›. ئەگەر زانست و زانیاری لە تۆ زیاتر بوو بڵێ: ‹بەهۆی زانستەکەیەوە، ئەو لە من باشترە›. ئەگەر لە تۆ نەزانتر بوو بڵێ: ‹ئەو لە من باشترە؛ چونکە نەزانین، لە زانستی بێ کردەوە باشترە، هەروەها بوونی زانست لە ڕۆژی قیامەتدا دەبێتە بەڵگە و شایەت بەسەر خاوەنەکەیەوە›. ئەگەر کەسێکت بینی لە تاوان و خراپەکاریدا بوو، بە خۆت بڵێ: ‹لەوانەیە خودای پەروەردگار، ئاخیرەتی ئەو بە خێر تەواو بکات، بەڵام هی من بە خراپە››.

براکانم! دەسا با هەموومان خاکی بین. بە خودای گەورە، زۆر کەسم -بە خۆشمەوە- بینیوە کە تووشی جۆرێک لە جۆرەکانی خۆپەسەندی و خۆبەگەورەدانان بوون. هەندێکیان درکی پێدەکەن و زۆرینەیان نازانن کە تووشی ئەو بەڵا و نەخۆشییە بوون. بەڕاستی خۆبەگەورە زانین، یەکێکە لە نهێنیترینی نەخۆشییەکان، بەڵام ترسناکترینیانە. هەروەها ناچێتە بەهەشتەوە، ئەو کەسەی بە ئەندازەی گەردیلەیەک خۆبەگەورەزانین و لوتبەرزی لە دڵیدا هەبێت!



## ئایا ئافرەت مرۆڤە؟

پرسیارێک بۆ ماوەیەکی زۆر، خەڵکی ئەوروپای سەرقاڵ کردبوو، لە ساڵی (٥٨٦)ی زاینیدا کۆبوونەوەیەکیان بۆ بەدواداچوون لەم پرسیارە: «ئایا ئافرەت مرۆڤە؟» دوای مشتومڕێکی زۆر، گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە ئافرەت بۆ خزمەتکردنی پیاو دروستکراوە! (٣٠) ساڵ تێپەڕی نەکرد بەسەر ئەم کۆبوونەوەیدا کە پێشەوای مرۆڤایەتی؛ محەمەد (د.خ) هات و بە جیهانی ڕاگەیاند کە: «ئافرەتان هاوتای پیاوانن»، ڕایگەیاند کە: «ئافرەتی باش؛ مایەی کامەرانیی مرۆڤە»، هەروەها فەرمووی: «ئافرەتان وەکو شووشە وان و لەگەڵیاندا نەرم و نیانبن(رفقا بالقوارير). محەمەدی کوڕی عەبدوڵڵا، ڕزگارکەر و ئازادی بەخشی ڕاستەقینەی ئافرەت!

بەگوێرەی ئەو خوێندنەوە سادانەی کە کردوومن، بۆم ڕوون بووەتەوە کە لە سەردەمی پێغەمبەر (د.خ) و لە سەردەمی هاوەڵاندا، پێگە و ڕۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵگای ئەو سەردەمەدا، بە بەراورد بە ڕۆڵی ئێستای ئافرەت لە کۆمەڵگادا، زۆر گەورەتر بووە. لەو سەردەمەدا، ئافرەت هاوسەر، جەنگاوەر بووە و لە هەمان کاتدا فەرموودەی گێڕاوەتەوە و فەتوای داوە. هەروەها بەشداری کاری سیاسی کردووە، یارمەتی دادوەری داوە و ڕاوێژپێکراوە.

هەروەک ئوم سەلەمە ئاماژەی بە پێغەمبەر(د.خ) داوە بە تاشینی قژی لە ڕۆژی حودەیبییەدا و زۆر نموونەی تر. باشە ئەم هەموو دواکەوتووییە لەم سەردەمەدا چییە؟ ڕۆڵی ئافرەت بە جۆرێک کەمکراوەتەوە کە هەندێک کەس، وەکو عەورەت مامەڵە لەگەڵ ناوی ئافرەتدا دەکەن! لە کاتی خوێندنەوەمدا بۆ وتاریکی برای بەڕێز (حسێن شەبەکشی)، سەرنجم بۆ ئەم بابەتە لادروست بوو کە بەشێک لە خەڵک، خێزانەکانیان بە (ماڵەوە) ناو دەبەن یان بە (ژنەکە) بانگ دەکەن، هەندێکی تر بە (ئافرەت)، یاخود (دایکی منداڵەکان) بانگی دەکات! باشە بۆچی؟ بۆچی پیاوان لەناو هاوڕێکانیاندا خێزانەکانیان بە ناوی خۆیانەوە بانگ ناکەن؟ ئایا ناوهێنانی ئافرەت، عەورەت و عەیبەیە؟ ئای پێغەمبەری خودا، کاتێک یەکێک لە هاوەڵان پرسیاری لێکردیت: کێ خۆشەویسترین کەسە لە لات؟ پڕ بە دەنگت و بەرانبەر هەموو خەڵک فەرمووت: «عائیشە». نازانم! بنچینەی عەیب و شەرمەزاری ناوبردنی هاوسەرەکەتدا لە چیدایە؟ یاخود حیکمەت لە ناونەهێنانی خوشکەکەتدا چییە؟

ئەو شانازییە بەسە بۆ ئافرەتان کە یەکەم کەس باوەڕی بە ئیسلام هێنا لەسەر هەموو ڕووی زەویدا، (دایکە خەدیجە) بوو(ڕەزای خودای لەسەربێت). هەمیشە بە بیرکردنەوەم لە هەڵسوکەوتی پێغەمبەردا(د.خ)، تووشی سەرسامی دەبم، کاتێک بۆ یەکەمجار کە لە ئەشکەوتی حەڕائەوە وەحی بۆ دابەزی و بە ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆرەوە لە ئەشکەوتەکە هاتە دەرەوە، باشە بۆ لای کێ ڕۆیشت؟ بۆ لای خۆشەویسترین هاوڕێی کە ئەبوبەکر بوو، نەچوو. بۆ لای ئەبوتالیبی مامی کە بەخێوی کردبوو، نەچوو،

بەڵام بۆ لای خەدیجەی خێزانی چوو و لە باوەشی خەدیجەدا هێمن و ئارام بوویەوە! ئەمە چۆن مێردێکە؟ چۆن پەیوەندییەکی هاوسەرگیرییە؟ چ جۆرە پێگەیەک و متمانەیەکە لە ئافرەتدا کە پێغەمبەرمان (د.خ) هەستیپێکردووە و لەگەڵ خێزانەکەیدا جێبەجێی کردووە؟ ئێمە ئوممەتێکین، شانازی دەکەین کە سەرەتا شتێک پێغەمبەرەکەمان جەختی لێکردووەتەوە و لە ئایینەکەیدا جێگری کردووە، ئافرەت بووە. بەڵێ، پڕ بە دەنگمان ئەوە دەڵێین.

دەڵێن: ئافرەت نیوەی کۆمەڵە، بەڵام ئەوە هەر ئافرەتە نیوەکەی تریش بەخێو دەکات و پێیان دەگەیەنێت. بۆیە دەڵێم: «ئافرەت هەموو کۆمەڵە». بڕوای تەواوەتیم بەوە هەیە کە شکۆی ئوممەتی ئیسلام ناگەڕێتەوە و بەدی نایەت، تەنیا مەگەر بە دەستی ئەو دایکانەی کە بەتەواوی مافی دایکایەتیان داوە و هاوشێوەی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز و سەلاحەددینیان بۆ هێناوینەتە دونیاوە.

خودایەگیان! ئافرەتانی موسوڵمان چاکەکار بکەیت و بیانکەیت بە باشترینی دایکەکان تا لە داهاتوودا نەوەیەکی سەرکەوتوو پێبگەیەنن.



## بەربەرەکانی یاساکانی خودا لە گەردووندا دەکەن

(بە بۆنەی کارە تیرۆریستییەکان کە لە ساڵی ٢٠٠٥زدا لە بەریتانیادا ئەنجامدران، نووسراوە)

خودا بە مەزنی و بەهێزی خۆی، ئاسمانەکان و زەوی لە ماوەی شەش ڕۆژدا دروستکرد-کە یەکسانە بە هەزارەها ساڵی ئێمە-. بۆچی؟ بۆچی بە (کن فیکون)، یاخود لە چاوترووکاندنێکدا دروستی نەکردن؟ ئەمە پەیامێکی مرۆڤایەتییە، وەک ئەوەی بە شێوازێکی کرداری پێمان ڕابگەیەنێت: من لە سەر زەویدا یاسا و ڕێسام بۆ داناون، کە پێی دەڵێن: یاسای پلەبەندی(تدرج). ئەمە دەکەم بە یاسایەک و لە هەموو بوارەکانی ژیانتاندا جێبەجێ بکرێت.

- خۆر هەڵدێت و دوا بەدوای ئەوە ئاوا دەبێت، بە هەمان شێوە مانگیش. خودای گەورە دەسەڵاتی هەبوو وابکات کە شەو و ڕۆژ لە ناکاودا ڕووبدەن، بە بێ هیچ پێشهاتێک، بەڵام ئەمەش بە پێی یاسای پلەبەندییە.
- ئەو شەریعەتەی خودای گەورە دایبەزاندە سەر ئادەم، بە چەند یاسایەک جیاوازە لەو شەریعەت و ڕێبازەی لە تەوراتدا هاتووە، ئەویش بە هەمان شێوە لە ئینجیل جیاوازە و هەروەها ئینجیلیش



Scanned with CamScanner

لـە قورئـان. خـودای گـەورە دەسـەڵاتی ئـەوەی هەبـوو کـە ڕاسـتەوخۆ قورئانـی بـۆ سـەر ئـادەم دابەزاندایـە و بـە تێپەڕبوونـی سـەردەمەکان جێگیـری بکردایـە، بـەڵام لـەم ڕووداوە دوا بـەدوای یەکانـەدا، بـە هەمـان شـێوە بـە پێـی یاسـای پلەبەنـدی بەڕێـوە دەچـن.

- مـرۆڤ قۆنـاغ بـە قۆنـاغ گـەورە دەبێـت و بەهێـز دەبێت، دواتریـش بـە هەمـان شـێوە پیـر و لاواز دەبێـت. هیـچ کەسـێک نییـە بخەوێـت و هەسـتێتەوە، دواتـر ببینێـت پیربـووە، بەڵکـو پیربـوون وردە وردە دروسـت ڕوودەدات.

- زانسـتی ئینتەرنێـت، فڕۆکەوانـی و کارەبـا دوای هـەزاران سـاڵ لـە بوونـی مـرۆڤ و مرۆڤایەتـی پەیـدا بـوون. خـودای گـەورە دەیتوانـی، هـەر لـە یەکـەم ڕۆژی دروسـتبوونیەوە، هەمـوو ئـەم زانسـتانە فێـری ئـادەم بـکات، بـەڵام ئـەم کارانـەش بـە هەمـان شـێوە بـە پێیاسـای پلەبەندییـە.

- مەیخواردنـەوە حـەرام نەبـوو تـا دوای (٢١) سـاڵ لـە پێغەمبەرایەتـی محەمـەد. هەروەهـا (ڕیبـا)ش حـەرام نەبـوو تـا دوای (٢٢) سـاڵ لـەو پەیامـە. واتـە: سـاڵێک پێـش وەفاتـی خۆشەویسـت. لـەم بارەشـدا خـودای گـەورە دەیتوانـی هـەر لـە یەکـەم ڕۆژی پەیامبەرایەتییـەوە، هەمـوو حەرامکـراوەکان قەدەغـە بـکات، بـەڵام ئەمـەش بـە پێـی یاسـای پلەبەندییـە.

- لەنێـوان کۆچـی دوایـی (ئەبـو حامیـدی غەزالـی) کـە ڕۆڵێکـی گـەورەی لـە پێکهێنانـی نـەوەی ڕزگاریخـوازی قودسـدا هەبـووە و لەنێوان ڕزگارکردنـی فیعلی قودسـدا لەسـەر دەسـتی سـەلاحەدئاییندا، (٨٠) سـاڵ هەبـووە! لـە کاتێکـدا دەکـرا خـودای گـەورە، هـەر لـە سـەرەتای دەرکەوتنـی (ئیمامـی غەزالـی) لـەو مەیدانـەدا، قـودس ڕزگار



Scanned with CamScanner

بکات، بەلام ئەمەش بە پێی یاسای پلەبەندییە.
- ئەوانەی جیهاد دژ بە ئەمریکا و بەریتانیا ڕادەگەیەنن و بە کار و کردەوەی نەشیاو هەلدەستن، تا ئەوەی کە ڕووداوە دلتەزێنەکەی بەریتانیای لێکەوتەوە، ئەوان دژایەتی ڕۆژئاوا ناکەن، بەلکو دژایەتی یەکێک لە یاساکانی خودای گەورە لە گەردووندا دەکەن کە بریتییە لە یاسای پلەبەندیو بە دوای یەکدا هاتن و بنیاتنانی شارستانییەت.

بە پشت بەستن بەم یاسایانە، پێشکەوتن و گونجان لەگەل زەویدا دروست دەبێت. تەنانەت پێغەمبەرانیش زاتی شکاندن، یاخود ڕووبەڕوونەوەی ئەم یاسایانەیان نەکردووە.

دواتر خەلکانێک دێن وا بیردەکەنەوە بە کوشتنی کەسانێک کە هیچ تاوان و گوناهێکیان نییە، پێشکەوتن و بەرەو پێشچوون لە نێوان شەو و ڕۆژێکدا بەدی دێت، بەلکو لەوانەیە لە نێوانیاندا کەسانێک هەبن کە لە کاروبار و کێشەکانیاندا پشتگیری تەواوی موسولمانان بکەن و دژی سیاسەتی ولاتەکەیان لە عێراق و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بوەستنەوە.

- تەنیا تالە موویەک، مرۆڤی پالەوان لە مرۆڤی ترسنۆک و هەلە جیادەکاتەوە.

- تەنیا تالە موویەک، مرۆڤی دانا و میهرەبان لە مرۆڤی ترسنۆک و بێئەمەک جیادەکاتەوە.

دانایی، واتە: شتی تەواو و گونجاو لە شوێنی تەواو گونجاو و لە کاتی گونجاودا دابنێیت.

- باشترین ئامراز و ڕێگە بۆ فێربوونی دانایی، خوێندنەوەی ژیانی پێغەمبەرە(د.خ). خوێندنەویەکی لەسەرخۆ و ئارام؛ بۆ ئەوەی فێربین

کەی ئاشتیخوداز بین و کەی بجەنگین. چ کاتێک لێبوردە بین و چ کاتێک تۆڵەبکەینەوە. کەی لەسەرخۆبین و کەی بەرگری بکەین.

پرسیار دەکەم و دەرگای پرسیارکردن لە هەموو ئەو کەسانەی کە ئەم وتارە دەخوێننەوە، واڵا دەکەم: تو خودا! ئەگەر پێغەمبەری خودا(د.خ) لەم ڕۆژگارەدا لەگەڵماندا بووایە، ئایا فەرمانی ئەوەی دەردەکرد، یاخود پلانی دادەنا؟ یان پێشەوایەتی ئەو جۆرە کردەوانەی دەکرد؟ تو خودا! بڕۆن ژیانی بخوێننەوە، سەرنجی ڕووداو و هەڵوێستەکانی ژیانی بە درێژایی (٢٣) ساڵی پێغەمبەرایەتی بدەن و پێم بڵێن: ئایا ئەوە بیر و بۆچوونی پێغەمبەر دەبوو، ئەگەر لە (٢٠٠٥ز)دا لە نێوانماندا بووایە؟

جوانترین کتێبی ژیاننامەی پێغەمبەر، کتێبی (ڕێنمونی ژیاننامەی پەیامبەر لە گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیدا-هدي السيرة النبوية في التغيير الاجتماعي)یە، هی نووسەر: (حەنان ئەللەحامە).

خودایە دانایی‌مان پێ ببەخشە، بەڕاستی ئەوەی دانایی هەبێت،خێرێکی گەورەی بەدەستکەوتووە.



## جلی مایۆ ئازادییە

مـن جگـەرە دەکێشـم، کەواتـە ئـازادم، جلـی مایـۆ و شـۆرت لەپێدەکـەم، کەواتـە ئـازادم، بـە گـژی کچانـدا دەچمـەوە، کەواتـە ئـازادم، مـن ئـازادم و مـن ئـازادم...

ئـازادی، داواکاری هەمـوو کـوڕان و کچانـی ئـەم سـەردەمەیە.

گومـان لـەوەدا نییـە کـە ئـازادی مافـی ڕەوای هەمـوو مرۆڤێکـە و خـودای گـەورە بـە ئـازادی ئێمـەی بەدیهێنـاوە، بـەڵام ئایـا قسـەکانی پێشـوو، گوزارشـت لـە ئـازادی دەکـەن؟ بـا ڕاشـکاوانە لێتـان بپرسـم: ئایـا ئـەو کەسـەی دوای نانخـواردن، تـا وەکـو جگەرەیـەک نەکێشـێت بەرگـە ناگرێـت و ئاسـوودە نابێـت، ئـازادە یاخـود کویلـەی جگەرەیـە؟ ئـەو کچـەی کـە ناتوانێـت کچێتـی و جوانـی خـۆی بنوێنێـت، تەنیـا بـە ڕاکێشـانی سـەرنجی لاوان نەبێـت، ئـازادە یاخـود کویلـەی سەرنجڕاکێشـانی خەڵکـە؟ ئایـا ئـەو کەسـەی کاتێـک ئافرەتێکـی جـوان دەبینێـت و ناتوانێـت چـاوی خـۆی بپارێزێـت، ئـازادە یاخـود کویلـەی چاوبازییـە؟ بـا بیربکەینـەوە... ئایـا کەسـی ئـازاد، ئـەو کەسـەیە کـە چاوبازییەکـە دەکات، یاخـود ئـەوەی نایـکات، کامیـان ئـازادن؟

یاسـا: (هەرکەسـێک، دەسـتی بـە پەتـی چاوبرسـێتی و تەماحـەوە ببەسـتێت، دەکەوێتـە زەلیلـی و ڕیسـوابوونەوە، هەرکەسـێکیش بـە



Scanned with CamScanner

قەناعـەت و بەرچاوتێـر بیـت، لەگـەڵ شـکۆمەندان و پارێزراواندایـە).
چاوچنۆکـی و ئارەزووپەرسـتی، لـە ڕاسـتیدا کۆیلایەتییـە و هیـچ ئازادییەکیـان تێـدا نییـە. بـۆ ڕوونکردنـەوەی زیاتـری بابەتەکـە، بیـر لـەو ڕەفتـارە خراپانـە بکـەرەوە کـە بۆ مـاوەی سـاڵانێک ئەنجامـت داون و دواتـر وازت لێهێنـاون. ئایـا هەسـت و کاردانـەوەی دوای وازهێنانـت بیردێتـەوە؟ ئایـا هەسـتت بـە ئـازادی نەدەکـرد لـە دیلـی ئـەو خـووە خراپانـە، لـە دوای ئـەوەی لێیـان ڕزگاربوویـت؟ لەڕاسـتیدا خـووی خـراپ و ئـارەزووەکان، بـۆ مرۆڤـەکان تەنیـا کـۆت و بەنـدن.
سـەیر ئەوەیـە کـە تـا چەنـدە لـە کـۆت و بەنـدی ئارەزووەکانـت زیاتـر ئـازاد ببیـت؛ ئـەوا بەندایەتـی و ملکەچیـت بـۆ خـودا زیاتـر دەبێـت و بەپێچەوانەشـەوە ڕاسـتە.
لێـرەدا پرسـیارێک دێتـە ئـاراوە: چـۆن خـۆم لـە ژێـر کاریگەریـی خـووە خراپـەکان دەربهێنـم؟ وەڵامەکـەی دوور و درێـژە، بـەڵام لێـرەدا تەنیـا چەنـد خاڵێکـی بنەڕەتـی بـاس دەکـەم:
١- پێویسـتە جێگرەوەیەکـی بـاش و گونجـاو بـۆ ئـەو خـووە خراپـەی پەیـڕەوی دەکەیـت، بدۆزیتـەوە. خـودای گـەورە، هیـچ شـتێکی حـەرام نەکـردووە، تاوەکـو جێگرەوەیەکـی حەڵاڵـی بـۆ دانەنابێـت. وازهێنـان لە هـەر ڕەفتارێکی نەشـیاو، بە بێ دانانی جێگرەوەیـەک بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشـاییەی کـە لـە ئاکامی وازهێنانت لێی بۆت دروسـت دەبێت، سـەخت و دژوارە. بـۆ نموونـە: زۆرخـواردن؛ دەبێتـە هـۆی قەڵـەوی. جێگرەوەی ئـەم خـووە، بریتییـە لـە وەرزشـکردن، گرنگیـدان بـە تەندروسـتی و چێژوەرگرتـن لـە خواردنـە کەم چەورییـەکان. ڕاهاتن لەسـەر غەیبەت و باسـکردنی خەڵکـی؛ بـە ستایشـکردن و باسـکردنی چاکەکانیـان لە کاتی ئامادەنەبوونیانـدا چارەسـەر دەبێـت و هەروەهـا بەم شـێوەیە.



Scanned with CamScanner

٢- درککـردن بـەوەی کـە تـا چەنـد مـاوەی پرۆسـەی وازهێنانـت درێـژەی کێشـا، ئـارەزووت بـۆ ڕەفتـار یـان خووەکـە کـەم دەبێتـەوە. یاسـایەک هەیـە دەڵێـت: لـە زۆربـەی کاتـدا، ئەگـەر مـاوەی وازهێنانـت بـۆ مـاوەی مانگێـک یـان دوومانـگ درێـژەی کێشـا، ئـەوا ئـەو ڕەفتـارە بـە تـەواوی لـە جەسـتەت و لـە سیسـتەمی ژیانتـدا دەردەچێـت و هۆگریـت بـۆی کـەم دەکات. هەفتەکانـی سـەرەتا ملـی شوشـەکەیە (واتـە هەسـتیار و سـەختە). ئـەم قۆناغـە، قۆناغێکـی گرانـە.

پێشـنیار دەکـەم لـە سـوجدەی هەمـوو نوێژێکـدا، ئـەم دوعایـەی خـودارەوە بخوێنرێـت:

(اللهـم أغننـي بحلالـك عـن تلـك العـادة و أغننـي بطاعتـك عـن معصيتـك و بفضلـك عمـن سـواك).



Scanned with CamScanner



## چەمکانێك پێویستە ڕاست بکرێنەوە

(وَأَعِدُّوا لَهُم مَّا اسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ). زۆربەی کات، مانای هێز تەنیا بە چەک و جیهاد دەبیستین و زۆر بە دەگمەنی بە مانا گشتگیرترەکەی دەیبیستین. وەک لە ئایەتەکەی پێشوودا هاتووە کە مانایەکی زۆر فراوانتری هەیە. نەک ئەوەی تەنیا مانای هێزی چەک و تفەنگ بگەیەنێت، بەڵکو بە مانای هێزی ئابوری، هێزی زانست، هێزی ڕاگەیاندن و هێزی شارستانییەت دێت. بۆ زانیاریتان، بەرهەمی نەتەوەیی هەموو وڵاتانی عەرەبی، بە بەرهەمی نەتەوەیی تەنیا وڵاتی ئیسپانیا یەکسانە! کەواتە: هێزی ئابووریمان کوا؟ هەر بۆ زانین، ژمارەی زانایانی لێکۆڵەر لە ئەمریکادا نیو ملیۆن زانایە، بەراورد بە دوازدە هەزار زانا تەنیا لە ئیسرائیلدا! کەچی تەنیا ٢٠٠٠ زانا لە هەموو وڵاتانی کەنداو هەیە؟ کەواتە ئەی هێزی زانستیمان کوا؟

فەرزی کیفایەت: ئەو کارەیە کە ئەگەر کۆمەڵێک کەس پێی هەستان و جێبەجێیان کر، لە سەر کۆمەڵەکەی تر لادەچێت و واجب نابێت. ئەو نموونەیەی هەمیشە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم جۆرە فەرزە باس دەکرێت، نوێژی جەنازەیە، بەڵام ئەم دەستەواژەیەی (فەرزی کیفایەت)، مانایەکی گشتگیرتر و فراوانتری هەیە، وەک



Scanned with CamScanner

ئەوەی تەنیا لایەنی عیبادەت بگرێتەوە. بوونی پزیشکان کە چارەسەری موسوڵمانان دەکەن، ئەوە لەسەر ئوممەتی ئیسلامی فەرزی کیفایەتە، بوونی ئەندازیاران و دروستکەرانی چەک و تەقەمەنی، هەروەها بوونی زانایان لە پرس و بابەتە دونیایەکانی تردا، هەموو ئەمانە بریتین لە فەرزی کیفایەت. واتە: پێویستە لە ناو موسوڵماناندا کەسانێک هەبن کە توانای ئەو کارانەیان هەبێت؛ بۆ ئەوەی ئوممەتی ئیسلامی دەوڵەمەندتر بکەن لەوەی کە پێویستیان بە دوژمنەکانیان بێت. هیوادارم بانگخوازان سەرنجی زیاتر بخەنە سەر ئەم مانا فراوانەی (فەرزی کیفایەت)؛ بۆ ئەوەی ئوممەت لە سڕبوون و خەواڵوویی هۆشیار بێتەوە و دەست بە هۆکارەکانی بەرەو پێشچوونەوە بگرێت. نازانم چۆن دەتوانین بەسەر نەتەوەیەکدا باڵادەست بین و سەربکەوین؛ لە کاتێکدا لە (٩٠٪)، ئەگەر (١٠٠٪) یش نەبێت، لە ژیانی ڕۆژانەماندا پشتیان پێ دەبەستین؛ هەر لە ئامێر، ئۆتۆمبێل، مۆبایل، کۆمپیوتەر، دەرمانەکانمان، تەقەمەنی، جلوبەرگ و... هتد.

بیدعە: زۆرێک لە بانگخوازان و ئیمامی مزگەوتەکان، جەنگی خۆیان دژ بە بیدعەی ڕێورەسمە ئاینییەکان ڕادەگەیەنن. ڕۆژووگرتنی ڕۆژی فڵان بیدعەیە و نوێژی فڵان بیدعەیە، بەڵام زۆر بە کەمی گوێم لێدەبێت کەباسی بیدعە دونیاییەکان بکرێت. واتە: نەبوونی دڵسۆزی و خەمخۆری لە کاردا، بیدعەیە. سستی، تەمبەڵی و نەبوونی بەرهەمی بڵاوکراوە لە جیهانی ئیسلامیدا بیدعەیە. هەموو ئەم کارانە بیدعەن؛ چونکە لە سەردەمی پێغەمبەردا(د.خ) نەبووە. بە سەرسامییەوە دەپرسم: بۆچی بانگخوازان تەنیا سەرنج دەخەنە سەر بیدعەی ڕێورەسمە ئاینییەکان و خۆیان لە باسکردنی ئەم

جۆره بیدعانەی تر دووره‌پەرێز دەگرن کە بوونەتە هۆی ڕووخانی شارستانییەتی موسوڵمانان؟

بە وتەیەکی (پێشەوا غەزالی) کۆتایی بە قسەکانم دەهێنم کە دەڵێت: «ئەگەر مرۆڤێک ئەرکێکی لەسەر شان دانرا؛ ئەوا بەجێگەیاندنی ئەو کاره بەباشترین شێوه وەکو واجب وایە، لەسەری پێویستە کە وەکو نوێژ و ڕۆژوو جێبەجێی بکات کە ناکرێت بە هیچ شێوەیەک کەمتەرخەمی یاخود زیادەڕۆیی تیا بکرێت. هەروەها بە ئەندازەی گەردیلەیەک سووکایەتی و بەکەمزانینی ئەو کاره، بە سەرپێچیکردنی خودا و هەڵکوتانە سەر ئایین هەژمار دەکرێت».



Scanned with CamScanner



## یاساکانی رزق و رۆزی

وەکو بەڕێوەبەر لە یەکێک لە ئوتێلەکانی میسردا کاری دەکرد، بەڵام لە کارەکەی رازی نەبوو؛ چونکە ئوتێلەکە مادده کحولییەکانی تێدا دەفرۆشرا؛ بۆیە رۆیشت بۆ لای (شێخی شەعراوی) و سەبارەت بەو کارە راوێژی پێکرد و پێی وت: کە هیچ سەرچاوەیەکی تری ماددی تر شک نابات و لە باری دارایی خۆی دەترسێت، ئەگەر واز لە کارەکە بهێنێت». (شێخی شەعراوی) ئامۆژگاری کرد و پێی وت: «کارەکەت بە جێبهێڵە و بەدڵنیاییەوە خودای گەورە قەرەبوت بۆ دەکاتەوە؛ چونکە ئەمە یەکێکە لە یاساکانی خودای پەروەردگار لە هەموو گەردووندا کە لەم ئایەتەدا ئاماژەی بۆ دەکات ( وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ مَخْرَجًا وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ )».

پیاوەکە لە لای شێخ چووە دەرەوە و بەرەو نوسینگەکەی بەڕێکەوت، بە نیازی ئەوەی بڕیاری وازهێنانەکەی بنووسێت. لەسەر کورسیەکەی دانیشت، قەڵەم و کاغەزی ئامادەکرد و دەستی بە نووسینی نامەی دەست لە کارکێشانەوەی کرد. کاتێک خەریکی نوسین بوو زەنگی مۆبایلەکەی لێیدا کە بەڕێوەبەری ناوچەیی ئوتێلەکە بوو و پێی راگەیاند کە دەیەوێت پلەکەی بۆ بەڕێوەبردنی لقێکی تری ئوتێلەکە لە شاری پەیامبەری خۆشەویست(د.خ) لە

مەدینـەدا، بـەرز بکاتەوە-ئـەم پیـاوە تـا ئێسـتاش لـە کارەکـەی لـەو ئۆتێلـەدا بەردەوامـە-. سـەرەتا کاتێـک گوێـم لـەم چیرۆکـە بـوو، زۆر پێـی سەرسـام بـووم، بـەڵام دواتـر بـە خۆمـم وت سەرسـامی بۆچییـە؟ خـودای گـەورە دەسـەڵات و توانـای بەسـەر هەمـوو شـتێکەوە هەیـە و بەڵێنەکانـی خـۆی بەجێدەگەیەنێـت.

ئـەو بەشـە سـەروەت و سامانەی لـە ژیانـدا بەدەسـتی دەهێنێـت، پێشـتر بـۆت نوسـراون و بـۆت دیاریکـراون (وَفِي السَّمَاءِ رِزْقُكُمْ وَمَا تُوعَدُونَ) لەسـەر خـۆت وەسـتاوە کـە ئـەو بـڕە پارەیـەی بـۆت نووسـراوە بـە حەڵاڵـی، یاخـود بـە حـەرام بەدەسـتی دەهێنێـت. ئـەم چیرۆکـەی کـە باسـکرا، بەڵگەیـە لە سـەر ئـەم بنەمایـە. ئـەو موچەیەی پیاوەکـە لـە قەدەریـدا بـۆی نووسـرابوو، هـەر بەدەسـتی دەهێنـا، ئەگـەر لـەو کارە گومانلێکـراوە بـەردەوام بوایـە، یاخـود لـە پێنـاو کارێکـی حەڵاڵـدا دەسـتی لـە کار بکێشـایەتەوە.

ڕزق تەنیـا بـە پـارە یەکسـان نییـە، بەڵکـو ڕزق بریتییـە لـە پـارە، تەندروسـتی، لەشسـاغی، دەروون ئاسـوودەیی، مـاڵ، منـداڵ، ماسـولکەی بەهێـز، کات و زۆر شـتی تریـش. ئاسـۆی بیرکردنـەوەت تەسـک مەکـەرەوە بـەوەی حەسـوودی بـە کەسـێک ببەیـت کـە مـاڵ و سـامانێکی زۆری هەیـە. لەوانەیـە خـودای پـەروەردگار لەشسـاغی، یـان مـاڵ و منـداڵ، یاخـود یەکێـک لـە بەخشـشـەکانی تـری لێوەرگرتبێتـەوە. چەندیـن دەوڵەمەنـد هـەن کـە ئامـادەن مـاڵ و سامانی خۆیـان ببەخشـن؛ بـۆ ئـەوەی تەنیـا بتوانـن بـە ئاسـوودەیی بخـەون، بـە بـێ ئـازاری هیـچ نەخۆشـییەک!

بەرەکـەت: پیاوێـک مانگانـە دە هـەزار ڕیاڵـی دەسـتدەکەوێت، ناچـار دەبێـت هەمـوو پارەکـەی بـۆ چارەسـەر وەرگرتن لـە نەخۆشـخانەدا، یان

بۆ چاككردنـی ئۆتۆمبێـل و، یاخـود زیادەڕۆیـی و ئیسـرافكردنی خێـزان، منداڵەكانـی خـەرج بـكات؛ بۆیـە هیچـی بـۆ نامێنێتـەوە. لەهەمـان كاتـدا پیاوێكـی تـر مانگانـە تەنیا پێنـج هـەزار ڕیاڵـی دەسـتدەكەوێت-نیوەی بـڕە پـارەی كەسـی پێشـوو-. بـەڵام خودای گـەورە لە نەخۆشـی دووری خسـتۆتەوە و كاروبـاری ئۆتۆمبێلەكـەی بـۆ ئاسـانكردووە، زوو زوو لـە كار ناكەوێـت، خێـزان و منداڵـی دەسـتگرتووی پێبەخشـیوە؛ بۆیـە مانگانـە لـەو بـڕە پارەیـەی دەسـتی دەكەوێـت، بەشێكیشـی لـێ دەمێنێتـەوە بـۆ پاشـەكەوتكردن. ئایـا كامیـان دەوڵەمەندتـرن؟ تێگەیشـتن لـە چەمكـی بەرەكـەت لـە مـاڵ و سـاماندا ئەمەیـە. خـودای گـەورە لـەو زیادەڕۆییانـە كـە لەژێـر دەسـتەڵاتی خۆتـدا نییـە بتپارێزێـت و هەروەهـا وزە و تواناكانـت بپارێزێـت.

دەتەوێـت ڕزق و ڕۆزیـت زیـاد بـكات؟ سـیلەی ڕەحـم بەجێبگەیەنە، پێغەمبـەر (د.خ) دەفەرموێـت: (مـن أحـب أن يبسـط اللـه فـي رزقـه و ينسـأ لـه فـي أثـره فليصـل رحمـه)، هـەر ئێسـتاوە پەیوەنـدی بـە یەكێـك لـە خزمانتـەوە بكـە بـە نیەتـی بەجێگەیاندنـی ئـەم فەرموودەیـە.

چاوچنـۆک بەخشـندەترینی مرۆڤەكانە؛ چونكە هەموو ماڵ و سـامانی دونیـای هەیـە، بـەڵام سـوودی پێناگەیەنێت؛بەهـۆی چرووكییـەوە. دواتر لـە دوای مردنـی، هەمـوو موڵكەكانـی بـۆ میراتگرەكانـی دەمێنێتـەوە! باشـتر وابـوو تـا لـە ژیانـدا بـوو، سـامانەكەی لـە خێزانەكـەی و لـە خێـردا خـەرج بكردایـە؛ بـۆ ئـەوەی ببوایەتـە كارێكـی چاكـە و لـە گۆڕەكەیـدا سـوودی پێبگەیاندایـە.



Scanned with CamScanner



## دابونەریت یاخود ئایین؟

ماوەیـەک پێـش ئێسـتا، لـە یەکێـک لـە ڕۆژنامـە ناوخۆییەکانـدا بڵاوکرایـەوە کـە کچێـک هەوڵـی خۆکوشـتنی داوە؛ لەبـەر ئـەوەی نەیویسـتووە شـوو بـەو کەسـە بـکات کـە ماڵـەوە بۆیـان دیاریکردبـوو.
لەسـەر هەمـان بابـەت، لـە یەکێـک لـە گەڕەکەکانـی سـعودیەدا چـاوم بـە هاوڕێیەکـی زۆر خۆشەویسـتم کـەوت و پێـی وتـم: کـە ژنـی مـارە کـردووە و دوای دوو مانگـی تـر دەیگوازێتـەوە، بـەڵام تاوەکـو ڕۆژی هاوسـەرگیری بـۆی نییـە ببینێـت، یاخـود قسـەی لەگەڵـدا بـکات».
ڕێـز لـە هەمـوو دابونەریتێـک دەگـرم، دەزانـم هـەر شـار و هـەر نەتەوەیـەک خاوەنـی دابونەریتـی تایبەتـی خۆیەتـی کـە پێویسـتە بـە چـاوی ڕێـزەوە لێـی بڕوانرێـت، بـەڵام کاتێـک ئـەم دابونەریتانـە کاریگەریـی نەرێنـی لەسـەر کۆمەڵگـە بەجێدەهێڵێـت، پێویسـتە لەسـەری بوەسـتین، بـە چـاوی سـەرنجەوە تەماشـای بکەیـن و هەڵوێسـتەی لەسـەر وەربگریـن.
پێغەمبـەر (د.خ) دەفەرموویـت: (انظـر اليهـا فانـه أحـرى أن يـؤدم بينكما ) .
پێغەمبـەر(د.خ) کارەکـەی دایـە دەسـتی ئـەو کچـەی کـە سـکاڵای لـە باوکـی لای ئـەو دەکـرد؛ چونکـە باوکـی دەیویسـت بـە زۆر بیـدات



Scanned with CamScanner

بە کەسێک کە خۆی پێی ڕازی نییە. بۆیە پێغەمبەر(د.خ) سەرپشکی کرد لەوەی کە گوێڕایەڵی باوکی دەکات یان نا.

ئافرەتەکە ڕێگەی دا کە کارەکە ئەنجام بدرێت و وتی: «ئەی پێغەمبەری خودا(د.خ) ڕێگە دەدەم ئەو کارە بکات. تەنیا لەم کارەمدا ویستم ئافرەتان ئەوە بزانن کە باوکان هیچ کارێکی کچەکانیان بەدەست نییە». ئەم فەرموودەیە لە (موسنەد)ی پێشەوا ئەحمەددا هاتووە.

کێشە لە ڕێزگرتنی دابونەریتدا نییە، بەڵکو کێشەکە لەم دوو حاڵەتەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە:

١- کاتێک ئەم دیاردانە بە ناوی ئایینەوە جێبەجێ دەکەین، پێمان وایە کە لە ئیسلامدا بوونیان هەیە. لە کاتێکدا ئەمانە جگە لە دابونەریتێک شتێکی تر نین، بە گوێرەی کات و شوێن گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. خەڵکیش سەریان لێ تێکدەچێت ئاخۆ کامەیان دابونەریتە و کامەیان شەریعەتی ئیسلامە.

٢- کاتێک ئەو عادەتانە لەگەڵ ئیسلامدا یەکناگرنەوە و پێچەوانەی یەکتر دەبن،

لە حاڵەتی یەکەمدا لەسەر زانایان پێویستە کە ڕوونکردنەوە بە خەڵکی بدەن، کە ئەو کارانە دەچنە ژێر باری دابونەریتەوە، نەوەک ئایین. لە حاڵەتی دووەمدا پێویستە زانایان، هەروەها خەڵکیش لەو دابونەریتانە دووربکەونەوە؛ چونکە هەر شتێک پێچەوانەی شەرع بوو، بێگومان خێری تێدا نییە.

ئێستاش ئەم پرسیارانە ڕووبەڕووی خوێنەر دەکەمەوە:

- ئایا ڕێگریکردن لە پیاوی دەستگیراندار بۆ بینینی دەستگیرانەکەی تاوەکو ڕۆژی گواستنەوە، لە شەریعەتی ئیسلامە، یاخود دابونەریت؟

- ئایا زۆرلێکردنی ئافرەت بۆ شووکردن بە کەسێک کە پێی ڕازی نییە، لە شەریعەتی ئیسلامە یاخود دابونەریت؟
- ئایا ئێمە دابونەریتمان پێش ئایین خستووە؟ یاخود شتەکانمان تێکەڵی یەکترکردووە و ناتوانین جیاوازی لە نێوانیاندا بکەین؟

چەند پرسیارێک بۆ تێڕامان و سەرنجدان...



Scanned with CamScanner

## ماڵەکانمان پێش حکومەت

خـوداى گـەورە دەفەرمووێـت: (وَإِذَا جَاءَهُـمْ أَمْـرٌ مِـنَ الأَمْـنِ أَوِ الْخَـوْفِ أَذَاعُـوا بِـهِ وَلَـوْ رَدُّوهُ إِلَى الرَّسُـولِ وَإِلَىٰ أُولِي الأَمْـرِ مِنْهُـمْ لَعَلِمَـهُ الَّذِيـنَ يَسْـتَنبِطُونَهُ مِنْهُـمْ). (شـێخ موحەممـەد غەزالـى) لـە ڕاڤـەى ئـەم ئایەتـەدا دەفەرمووێـت: «کارەسـات ئەوەیـە کـە خەڵکـى خـۆى بـە کاروبـارى دەوڵەتـەوە خەریـک بـکات و بۆچوونـى خـۆى دەربارەیـان دەربڕێـت، لـە کاتێکـدا ئەوەنـدەى تاڵـە موویـەک لـە بابەتەکـە نازانێـت. دەبینـم کەسـانێک دەربـارەى فیقهـ قسـە دەکـەن کـە بابەتـى فیقهـ بابەتـى ئـەوان نییـە یاخـود پسـپۆڕییان تێیـدا نییـە، یـان ئـەوەى کەسـانێک فەتـوا دەربـارەى کاروبـارى جەنـگ و ئاشـتى دەدەن، بـێ ئـەوەى خۆیـان خاوەنـى بیروبۆچوونێکـى تایبـەت سـەبارەت بـەو بابەتانـە بـن. ئەوانـەى داواى چاکسـازى دەکـەن، خۆیـان لـە ئاسـت چاکسـازیکردنى نەفسـى خۆیانـدا لاوازن. بۆچـى کاروبـارەکان بـۆ کەسـانى پسـپۆڕ و شـارەزاى تایبـەت بـە خۆیـان لێنەگەڕێیـن؟»

ڕەحمـەت و بەرەکەتـى خـوداى گـەورە بڕژێـت بەسـەریدا ڕاسـتى فەرمـووە.

دەبینێـت کابرایـەک ڕەخنـە لـە دەسـتەڵات دەگرێـت و داواى لێدەکات گرنگـى بـە بەرژەوەنـدى خەڵـک بـدات و هاوکاریـان بێـت.

دواتــر دەبینیــت هەمــان ئــەو کابرایــە بــۆ مــاڵ و منداڵــی خــۆی کەمتەرخەمــە، لــە خێــزان و مــاڵ و منداڵــی دابــڕاوە، تەنیــا خەریکــی چوونــە دەرەوە و ئاهەنگگێڕانــی شــەوانە و دیوەخــان گەرمکردنــە؟! ئیتــر چــۆن داوا لــە دەســتەڵات دەکات کــە گرنگــی بــە بیســت هــەزار کــەس بــدات، لــە کاتێکــدا خــۆی لــە گرنگیــدان بــە تەنیــا (٥ یــان ٦) کەســی خێزانەکەیــدا شکســتی هێنــاوە؟ یاخــود دەبینیــن ئافرەتێــک داوا لــە دەســتەڵات دەکات مــاف و ئــازادی بداتــێ، لــە هەمانکاتــدا خــودی خــۆی، ئافرەتێکــی وەک کارەکــەر لــە ماڵــەوە ڕاگرتــووە، بــە ناشــیرینترین شــێواز مامەڵــەی لەگەڵــدا دەکات، وەک ئــەوەی لــە ماڵەکەیــدا کۆیلــە بێــت. باشــە دەســەڵاتێک چــۆن بتوانێــت مافــی (١٠٠٠٠) ئافــرەت دەســتەبەر بــکات؛ لــە کاتێکــدا تــۆ لــە بەخشــینی مافــی تەنیــا ئافرەتێــک یاخــود دوانــدا لــە ماڵەکەتــدا ســەرکەوتوو نیــت؟

یــان گەنجێــک داوا لــە دەســتەڵات دەکات کــە هەلــی کار، شــوێنی حەوانــەوە و ڕابواردنــی بــۆ دابیــن بــکات، بــەڵام دواتــر ســەرنج دەدەیــت لــە شــوێنە گشــتییەکاندا بە شــێوازێکی زۆر ناشــیرین و نامرۆڤانــە مامەڵە دەکات، خاشــاک، خــۆڵ، پاشــەڕۆ فــڕێ دەداتــە ســەر شــەقامەکان و ئــەو شــوێنەی لێــی دەژی. هەروەهــا لــە خوێندنەکەیــدا ئاســت لاواز و دواکەوتــووە، ئیتــر چــۆن داوا لــە دەســەڵات دەکەیــت کــە گەشــە بــە گوزەرانــی ملیۆنــان گەنــج بــدات، لەکاتێکــدا خــۆت ناتوانێــت گەشــە بــە خــۆت بدەیــت و خــۆت بنیــاد بنێیــت کــە ئــەو کارەش بەدەســتی خۆتــە؟

یاسا: چۆن بن بەو شێوەیە سەرپەرشتی دەکرێن.

بەڕاســتی لــە دانیشــتنی کــۆڕ و کۆبوونەوەکانمانــدا، ئەوەندەمــان بــاس لــە چۆنێتــی گــوزەران، مەعیشــەت، حکومــەت و هەروەهــا فــڵان

وایکـرد و فـلان ڕۆیشـت و... هتـد کـرد، ئیتـر بێـزار بوویـن. لـە گەڵمـدا بـن و تێرابمێنـن، ئەگـەر لـە هەفتـەی داهاتـووەوە هـەر کـۆڕ و کۆبوونەوەیـەک کـە لـە شـارەکەتدا ئەنجـام دەدرێـت، بابەتەکانـی بگۆڕدرێـن بـۆ وتوویـژی کـرداری لـە پێنـاو چاکسـازیکردن لـە مـاڵ، گـەڕەک و هـەر بوارێکـدا کـە خۆمـان دەتوانیـن چاکسـازییان تێـدا بکەیـن، یـان هـەر مەجلیسـێک بـە کاغـەزی کاری کردەییـەوە کۆتایـی بێـت کـە پێویسـتی بکـەن ئـەو کارانـە لـە ماوەیەکـی دیاریکـراودا جێبەجـێ بکرێـت، ئاخـۆ چەنـدە چاکسـازی و بـەرەو پێشـچوون لـە وڵاتـدا ڕوودەدات؟!

پرسـیار: ئـەو خوێنندنگایـەی ڕۆژانـە بـۆی دەچیـت، ئایـا قـەت بیرت لـەوە کردووەتـەوە هەفتـەی داهاتـوو بچیـت و هەوڵـی دروسـتکردنی کۆمەڵەیـەک یـان تیمێـک بدەیـت، یاخـود چالاکییـەک ئەنجـام بدەیـت؟

پرسـیار: ئـەو گەڕەکـەی تێیـدا نیشـتەجێیت، هەرگیـز بیـرت لـەوە کردووەتـەوە بـە ئەنجامدانـی دەسـتپێشـخەرییەک، کۆبوونەوەیـەک بـۆ خەڵکانـی گـەڕەک ڕێکبخەیـت بـۆ دەسـتپێکردن بـە پێکهێنانـی یانەیـەک بـۆ لاوانـی گەڕەکەکـەت؟

بـڕوام پێبکـەن بیرۆکـەکان سـەرەتایان هەیـە و بێکۆتـان، بـەڵام کـێ جێبەجێیـان دەکات؟!

کـێ ئـەو هیممەتـەی هەیـە کـە کاتەکانـی بـە ئەنجامدانـی کارێکی سوودبەخشـەوە بەڕێبـکات، لـە جیاتـی ڕەخنەگرتـن و لۆمـەی لایەنـی فلانی؟



Scanned with CamScanner



## کوەیتی خۆشەویست

چەند ڕۆژێک پێش ئێستا، لە کوێت گەڕامەوە کە لەوێ کۆنگرەیەکمان بە ناوی (گۆڕان و هۆشیارکردنەوەی ئوممەت) ئامادەکردبوو کە لە لایەن خێزانی سوەیدان (دکتۆر تارق سوەیدان، خاتوو بوسەینەی خێزانی و هەروەها کوڕەکانی موحەممەد، موهەنەد و موئەیەد لەگەڵ مونتەها، مەیسون و مەفازی کچانیاندا) ڕێکخرابوو. زۆر سەرسام و تێڕامابووم لە هەندێک لە کارەکانیان کە خوازیارم لە هەر کارێکی تری ئیسلامی لەوشێوەیەدا لە وڵاتانی تردا بوونی هەبێت:

١- خێزانێکی نموونەیی-خێزانی سویدان-، خودای گەورە بیانپارێزێت و دەست بە باڵیانەوە بگرێت. پێشتریش بە کار و سەرکەوتنەکانی (دکتۆر تاریق) زۆر سەرسام بووم، بەڵام کاتێک بینیم سەرکەوتنەکانی پەیوەندییەکی پتەو و بەهێزی بە سەرکەوتن و چالاکییەکانی ئەندامانی تری خێزانەکەیەوە هەیە، زیاتر سەرسام بووم. هەر یەکێک لەوان ڕۆڵێکی گرنگی لە سەرکەوتنی کۆنگرەکەدا هەبوو، داواکارم لە خودای گەورە کە ئەم چەشنی نموونەیی بوونە لە هەموو دونیادا بڵاوببێتەوە. ئەم خێزانە لە سەر بنەمای نموونەیەکی پێغەمبەرانە گۆشکراون کە سەرکەوتوویی



Scanned with CamScanner

و لێهاتوویـی پێغەمبـەری خـوداش بـۆ زیرەکـی و لێهاتوویـی خێـزان و خانەوادەکـەی دەگەڕێتـەوە.
٢- ڕۆڵـی ئافرەتـی چـالاک: کۆنگرەکـە پشـتی بـە هـەوڵ و کۆششـی کچـە لاوە پێشـکەوتووەکان- لەژێـر سەرپەرشـتی بوسـەینە خانـم-دا و هەروەهـا کورانـی گەنجـی سەرپەرشـتیکار -لەژێـر چاودێـری دکتـۆر تاریـق-، بەسـتبوو. سـەرنجی ئـەو مامەڵـە و کەشـە پـڕ پاکییـەم دەدا کـە لـە نێـوان هەموویانـدا هەبـوو، بەبـێ ئـەوەی پێویسـت بـە هیـچ بەربەسـتێک لەنێوانیانـدا بـکات. ئافرەتـەکان لەلایـەک و پیـاوان لـە لایەکـی تـر بـوون، بەبـێ بوونـی پـەردە، یاخـود جیاکەرەوەیـەک لەنێوانیانـدا و هەموویـان لـە پێنـاو بەدەسـتهێنانی زانسـت و سـوود وەرگرتنـدا، بـە ڕێـز و ئەدەبێکـی زۆرەوە دانیشـتبوون. فێربـووم کـە ڕێزگۆڕینـەوە بـە پـەروەردە و ڕێکخسـتنی نەفـس دروسـت دەبێـت، نـەک بـە بوونـی بەربەسـت. بـە پشـت بەسـتن و دڵنیابـوون بـە مەبدەئێکـی نەبـەوی دروسـت دەبێـت کـە دەفەرموێـت: (تەقـوا و خوداپەرسـتی ئـا لێرەدایـە، بـە پەنجەکانـی ئامـاژەی بـۆ دڵـی دەکـرد).
٣- سـوودوەرگرتن لـە ڕۆژئـاوا: هیـچ شـەرمەزارییەک نەبـوو لـە سـوودوەرگرتن لـەو زانیـاری و بیردۆزانـەی کـە ڕۆژئـاوا پێـی گەشـتبوون، مـادام هیـچ دژایەتییەکیـان لەگـەڵ ڕێنماییەکانـی ئایینـدا نەبـوو. هەروەهـا تێهەڵکێشـکردنیان بـە ئامانجـی گشـتی کۆنگرەکـە، ئەمـەش چالاکییەکـی کردەیـی بـوو بـۆ بنەمایەکـی پێغەمبەرانـە کـە دەفەرموێـت: (الحکمـة ضالـة المؤمـن فأنـی وجدهـا فهـو أحـق بهـا).
٤- هەمەچەشـنی: بەڕێـز ئەلجەفـری لـە یەمەنـەوە، هەروەهـا دکتـۆرە هیببـە ڕەئـوف لـە میسـرەوە، جیهـاد بـراون لـە ئەمریـکاوە، ڕەبیـع حافیـز و ئەحمـەد بوخاتـر لـە سـعودیەوە و هەروەهـا کۆمەڵێـک



Scanned with CamScanner

میـوان لـە کوەیتـەوە ئامادەبـوون. هەموویـان بـە جیـاوازی ڕەگـەز و مەزهەبیانـەوە هاتبـوون و پێکـەوە لـە پێنـاو ی یـەک ئامانجـدا دانیشـتبوون، هەموویـان لەسـەر دڵـی یـەک پیـاودا دانیشـتبوون. ئەمـەش لەسـەر ئـەو بنەمایـەی کـە هەمیشـە دووبـارەی دەکەمـەوە: «هاوکاریکردنـی یەکتـر لەسـەر ئـەو شـتانەی کـە هاوبەشـین تیایانـدا و لەسـەریان کۆکیـن، لێخۆشـبوونی یەکتـر لـەو شـتانەی کـە جیاوازیـن تیایـدا».

٥- هـەر سـەعاتە و شـتێک: کۆنگرەکـە پێویسـتی دەروونی بۆ پشـوودان لەبەرچاوگرتبـوو؛ بۆیـە بـە ئاهەنگێکـی بێوێنـە کۆتاییـان پێهێنـا کـە هەریـەک لـە برایـان (ڕەبیـع حافیـز) کـە خاوەنـی سـروودی (بدیـع الزمـان)ە، لەگـەڵ (ئەحمـەد بوخاتـر)دا زیندوویـان کـردەوە. چەنـد پێویسـتمان بـە هاوسـەنگییە لـە ژیانمانـدا! هـەر سـەعاتە و شـتێک.

٦- ئامادەبووانـی سـعودییە: بەڕاسـتی ئـەوەی لـەو کـچ و کـوڕە لاوانـەی کـە لـە سـعودیەوە هاتبـوون و بینیـم، زۆر جـوان و مایـەی سـەرنج بـوو. لـە پێنـاوی سـوودوەرگرتن و بەدەسـتهێنانی زانسـتدا گەشـتیان کردبـوو. هەروەهـا پەیوەسـت بـوو بـوون بـەو کەشـە ئیمانییـە پـاک و خاوێنـەوە. هیـوادارم ئـەو زانیارییانـەی بـە دەسـتیان هێنـاوە، بـۆ وڵاتـە خۆشەویسـتەکەمانی بیگوازنـەوە.



Scanned with CamScanner



## هونەری ئامانجدارانەی ڕۆژئاوا

وا خــووم گرتــووە کــە شــەوانە نزیکــەی (کاتژمێــر ١٢) بخــەوم و تــا درەنگانێکــی شــەو بــە بێــداری نەمێنمــەوە، بــەڵام ئەمشــەو فیلمێــک زۆری بــۆ هێنــام و وایلێکــردم دابنیشــم بــە دیاریــەوە؛ ئەویــش فیلمێــک بــوو بــە نــاو (مێشــکی جــوان beautiful mind)ەوە. ئێســتا کات؛ چــارەک بــۆ دووی بەیانییــە و لــە ســەیرکردنی فیلمەکــە تــەواو بــووم، بــەڵام ناتوانــم بخــەوم تاوەکــو ئــەم ڕازە نەنووســم کــە ناکرێــت بــۆ بەیانــی دوابخرێــت.

بەڕاســتی فیلمێکــی نایابــە، چیرۆکــی ڕاســتەقینەی یەکێــک لــە زاناکانــی خــاوەن خەڵاتــی نۆبــڵ دەگێڕێتــەوە. بەڕاســتی هەمــوو شــتێکی چیرۆکەکــە ســەرنجی ڕاکێشــام. چیرۆکــی فیلمەکــە، گفتوگــۆکان، نوانــدن و... هتــد. ناچمــە وردەکاری فیلمەکــەوە، بــەڵام فیلمێکــە، حیکمەتێکــی زۆر و هەســت و نەســتی پــڕ لــە جــۆش، ئازایەتــی و پەرۆشــی پــێ بەخشــیم؛ بــۆ ئــەوەی بتوانــم لــەو کارەی پێی هەڵدەســتم بەهرەمەنــد بــم. فیلمێکــە پــڕە لە دانایــی، دانایــی لــە بەجێگەیاندنی کار و لــە مانــای هاوڕێیەتیــدا و دانایــی لــە خۆشەویســتی و هاوســەرگیریدا، هەروەهــا لــە سوپاســکردنی بەهرەمەنــدان و پێدانــی پێگــەی تایبەتــی خۆیانــدا.



Scanned with CamScanner

بەڕاستی حەسرەت و داخم بۆ فیلمە عەرەبییەکانە کە خاڵییە لە بوونی هەر حیکمەت و هەر ئامانجێک، جگە لە ئاشووب، پشێوی و پێکەنینی بە هۆکار یاخود بێ هۆکارا بۆچی؟ بۆچی ڕۆژئاوا کاتێک تەنیا فیلمێک بەرهەم دەهێنێت، پڕە لە ئامۆژگاری و پەند و دانایی کە لە تەواوی فیلمەکانی عەرەبدا هیچ کامێکیاندا لەو بەهایانە نابینرێت؟ کوا بوونی بنەما ئیسلامییەکان لە فیلمەکانماندا؟.. کوان موسوڵمانان لە فیلمە عەرەبییەکاندا؟

ڕێگەم پێ بدەن کە بڵێم: جیاوازی نێوان ئێمە و ڕۆژئاوا زۆر زۆرە. بەڵێ، بەخودا زۆرە. کێشەکەدا لەوەدایە تەنانەت جیاوازییە زۆرەکە، خۆی لە بنەما و لە ئایینەکەماندا دەبینێتەوە کە دەبینیت بەو شێوەیەی ئەوان بنەماکان جێبەجێ دەکەن و ئێمە نایکەین، باسی نوێژ و ڕۆژوو عیبادەتەکانی تر ناکەم، بەڵکو باس لە دڵسۆزی و بە جێگەیاندنی ڕاستگۆیانە لەکاردا، کۆڵنەدان، بەهرەداربوون و بنیاتنانی زەوی، دەکەم.

بێ گوێدانە ئەو دیمەنە ئابڕووبەرانەی کە لە فیلمە ئەمریکییەکاندا بەدی دەکرێت-کە پێچەوانەی ئایینن و بە هیچ شێوەیەک لە شێوەکان پشتگیری لێ ناکەم و هانیان نادەم-، بەڵام ئاخۆ سەرنج نادەن کە هیچ فیلمێکی ئەمریکایی خاڵی نییە لە بوونی حیکمەتێکی دیاریکراو یان ڕەوشتێکی دیاریکراو، یاخود پەندێکی دیاریکراو؟ تەنانەت ئەگەر فیلمێکی کۆمیدیش بێت. بۆ نموونە فیلمی (درۆزن Lair Lair)ی جیم کاری کە فیلمێکی کۆمیدییە و زۆر کەس بە ناماقوڵ و ناپەسەند وەسفی دەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا فیلمەکە سوودێکی زۆری هەبوو؛ ئەویش خستنەڕووی مەترسی درۆکردن و پیشاندانی ئەوەی کە



Scanned with CamScanner

چۆن راستگۆیی رزگارکەرە. ئەمەش بۆ هەر کەسێک کە فیلمەکە دەبینێت پەیامێکی روونە و زۆر نموونەی تری لەم شێوەیە. دەپرسم ئایا کوا بوونی حیکمەت و پەند لە فیلمی عەرەبیدا؟!

بە چەند خاڵێک کۆتایی پێ دەهێنم؛ بۆ ئەوەی بەهەڵە لە مەبەستم نەگەن:

١- نەخێر، کەسێکی رەشبین نیم. راستە کە جیاوازی زۆر لە نێوان ئێمە و رۆژئاوادا دەبینم، بەڵام درک بەوەش دەکەم کە گەیشتن بە ئاستی ئەوان، کارێکی ئەستەم و قورس نییە، تەنیا چارەکە سەدەیەکی بەسە-باسکردنی وردەکاری ئەم بابەتە زۆر درێژە دەکێشێت-.

٢- نەخێر، سەرسامییەکی کوێرانەم بە رۆژئاوا نییە، هەروەها لاساییکردنەوەیەکی کوێرانەشم بۆیان نییە، بەڵکو بانگەشەی ئەوە دەکەم کە بەو شارستانییەت و بەهرەمەندییە بگەین کە ئەوان پێی گەیشتوون. هەر وەک چۆن شارستانییەتی پێشینانمان لەسەر شارستانییەتی یۆنان و رۆمان بنیاتنرا، داوا دەکەم هەست بەو کەموکوری و خەمساردییە بکەین. هەروەها هەست بەو پانتاییە فراوانە بکەین کە لە نێوان ئێمە و ئەواندا هەیە. ئەمەش هەنگاوی یەکەمە بەرەو چاکسازی و پێشکەوتن، ئەمەش لە جیاتی خۆ دەوڵەمەندکردن بە رابردووەوە و شەو و رۆژ بەسەربردن بە وتنی: «پێش هەزاران ساڵ وا بووین و وامان کرد».

٣- نەخێر، هانی رووتی و فیلمی ئەمریکی نادەم، بەڵکو هانی گەران بەدوای حیکمەتدا دەدەم،(حیکمەتیش ونبووی موسوڵمانە). فیلمیش لەم سەردەمەدا بۆ هاندانی بیرۆکەیەک، یاخود مەبدەئێک یان رەوشتێکی دیاریکراو، بەهێزترین ئامرازە.



Scanned with CamScanner

٤- نەخێـر، بەرانبــەر بــە عــەرەب و موســوڵمانان کینــە لــە دڵ نیــم، بەڵکـو ئەمــە تامەزرۆییەکـی شـیرینە لـە ناخمـدا بـۆ ئـەوەی هەسـتین و هۆشـیاربببینەوە، جیهـان بـە چاوێـک ببینیـن کـە لـە گێڕانـەوەی ئـەو شارسـتانییەتەیدا کـە سـەدان ساڵە پووکاوەتـەوە، یارمەتیمـان بـدات، چاوانێکـی بـە ئینسـاف و دادپـەروەر، چاوانێـک کـە سـەرەتا خێریـان بـۆ سـەر زەوی دەوێـت، دواتـر ڕزگاربـوون لـە قیامـەت، بنیاتنانـی زەویـش پەیوەندییەکـی بەتینـی بـە ڕزگاربـوون لـە ئاخیرەتـدا هەیـە.



## خوێندنەوە

ئایا دەزانیت کتێبی (یاسا لە پزیشکایەتیدا)ی ئیبن سینا بۆ ماوەی (٦٠٠) ساڵ لە پزیشکدا سەرچاوەی سەرەکی ئەورووپییەکان بوو.

ئایا دەزانیت کتێبخانەی خەلیفەی ئەمەوی لە قورتوبەدا (٤٠٠٠٠٠) کتێبی لەخۆگرتبوو-لەوتەیەکی تریشدا دەوترێت ملیۆنێک بووە-. یەکێک بوو لەو (٧٠) کتێبخانەیەی کە لە شاری قورتوبەدا هەبوون، ئەمەش لە کاتێکدا کە گەورەترین کتێبخانە لە ئەورووپادا، لە (٤٠٠) کتێب زیاتری تێدا نەبووا!

ئایا دەزانیت کە شارستانییەتی ڕۆژئاوا دروست نەبوو، هەتا دوای ئەوەی لە نزیکەی سەدەی (١٦)ەوە جووڵەیەکی زۆری وەرگێڕانی کتێب لە عەرەبییەوە بۆ زمانەکانی تر دەستیپێکرد. کتێبی تایبەتی ئەوانەی کە لە عێراق و ئەندەلوسدا هەبوون، وەردەگێران و لەسەر ئەو بناغەیە شۆڕشی زانست، ڕۆشنبیری و پیشەسازی لە ئەورووپادا و دواتر لە ئەمریکادا دەستیپێکرد.

لە بەرانبەریشدا -بە داخەوە- ئایا دەزانیت:

ژمارەی ئەو کتێبانەی کە وەرگێردراون بۆ عەرەبی لە هەزار ساڵی پێش ئێستاوە، کەمترن لە ژمارەی ئەو کتێبانەی کە لە

ماوەی تەنیا ساڵێکدا، لە ئیسپانیا وەرگێردراون بۆ زمانی ئیسپانی؟

قەناعەتی تەواوم هەیە، کە ئوممەتی ئێمە هۆشیار نابێتەوە هەتاوەکو خوێندنەوە و خۆشەویستی خوێندنەوە، نەبێتە یەکێک لە سیفەتەکانی لاوان. لەبەر ئەوە هەمیشە پابەندبە بە دەستخستنی ئەو کتێبانەی کە خەڵکانی خوێنەر و پسپۆڕەکان باسیان دەکەن.

بۆیە-بە ئیزنی خودا- خوێندنەوە چارەنووسێکی بەردەوامی نووسینەکانم لەم بوارەدا دەبێت.

ئەوەی جێگەی سەرنج، مایەی حەسرەت و داخە، ئەوەیە کە خوێندنەوە لە ژیانی زۆرێک لە گەنجاندا نەبووەتە ڕەوشتێکی بنەڕەتی. لە ماوەی سەردانیکردنم بۆ ئەمریکادا، دەمبینی هەموو کەس لە فڕۆکەخانە، شەمەندەفەر، ڕێستۆرانت و کەناری دەریادا خەریکی خوێندنەوەن. زۆربەیان هەمیشە کتێبێکیان پێیە، بۆ ئەوەی لە کاتی دەست بەتاڵیدا بیخوێننەوە. هەروەها سەردانی کتێبخانەی (نیوجرێسم) کرد کە لە دەیان ملیۆن کتێب پێکهاتبوو و بۆ تەواوی خەڵک کراوەبوو کە بیانخوێنێتەوە.

بەڕاستی جێگەی خەم و پەژارەیە کە نیشانەکان و ڕووداوەکان لەم سەردەمەدا پێچەوانە ببێتەوە. بەرپرسیارێتی دووبارە زیندووکردنەوەی کلتووری خۆشەویستی زانست و فێرکردن، لەسەر گەنجانی ئەمڕۆ وەستاوە.

پێویستە بزانین ئەو پێشکەوتنەی ئێستای ڕۆژئاوا دەیبینین، لە ئەنجامی کات بەتاڵی، یاخود بە ڕێکەوت دروست نەبووە. هەروەها پێویستە باوەڕ بەوە بکەین کە گێڕانەوەی شارستانییەتی ئیسلامیش، بە ڕێکەوت یان لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا بەدی نایەت، بەڵکو بە بەدەستهێنانی زانستە، ئەگەر زانستی ئایینی

بێت، یاخود دونیایی، هەروەها بە کارکردنیش بەو زانستە دەبێت.

لە نووسینەکانی دواتردا، چارەسەری ئەوەی کە چۆن گەنج خۆشەویستی خوێندنەوە لە خۆیدا بڕوێنێت، ڕوون دەکەمەوە، لەگەڵ خستنەڕووی باشترین ڕێگاکانی خوێندنەوە...

خۆشەویست (د.خ) دەفەرمووێت: (من سلک طریقا یلتمس فیه علما سهل الله له به طریقا الی الجنة).



## ڕاگەیاندنی پێغەمبەرانە

هەرکاتێک ژیاننامەی پێغەمبەر(د.خ) دەخوێنمەوە، بە خۆڕاگریی خۆشەویست بەرانبەر سەرکردەی دووڕووەکان، عبداللە کوڕی ئەبی کوڕی سلول، زۆر سەرسام دەبم.

ئەمەش هەندێک لە کار و کردەوەکانی ئەو کابرا دووڕووە:

١- لە جەنگی (بەنی موصتەلیق)دا بە هەندێک لە هاوەڵەکانی وت: «ئەگەر گەڕاینەوە بۆ مەدینە، وەڵلایی سەربەرزەکانمان، سەرشۆڕەکان وەدەردەنێین» مەبەستی ئەوەبوو کاتێک گەڕایەوە بۆ شاری مەدینە، پێغەمبەر (د.خ) لەو شارەدا دەردەکات.

٢- لە هەڵگیرساندنی ئاگری ئەو درۆ و بوهتانەیدا کە بۆ حەزرەتی عائیشە خێزانی پێغەمبەری خودا کرا، یەکێک بوو لە گەورەترین کەسە کاریگەرەکان.

٣- سەرکردەی دووڕووەکانی مەدینە بوو، بە بڵاوکردنەوەی دووڕووی و خراپە لەنێوان خەڵکدا ناسرابوو.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، کاتێک بە پێغەمبەریان وت: «با ئەو دووڕووە لەناوبەرین»، پێغەمبەر (د.خ) فەرمووی: «بەڵکو، هەتا لەنێوماندا دەژی، لەگەڵیدا نەرم و نیان و چاک دەبین».

زۆر سەرسوڕهێنەرە ئەی خۆشەویستم ئەی پێغەمبەری خودا!



Scanned with CamScanner

پیاوێـک غەیبەتـت دەکات، جنێـوت پـێ دەدات و پشـێوی لـە شـاردا دروسـت دەکات، تەنانـەت تۆمـەت و قسـەڵۆک لەسـەر خێزانـە داوێـن پاکەکـەت؛ عائیشـە بڵاودەکاتـەوە، سـەرەڕای هەمـوو ئەمانـەش، هێشـتا وای پـێ دەڵێـت!

نهێنـی ئـەم ڕەفتـارەی پێغەمبـەر(د.خ)، لـە وەڵامیـدا حەزرەتـی عومـەر کـە پێشـنیاری کوشـتنی عبداللـە کـوڕی ئوبـەی کـردم دەردەکەوێـت؛ چونکـە فەرمـووی: «بـا لەنـاو خەڵکـدا بڵاونەبێتـەوە کـە موحەممـەد، هاوەڵانـی خـۆی دەکوژێـت». هـۆکاری پێغەمبـەر بـۆ نەکوشـتنی ئیبـن سـەلول، ترسـی پێغەمبـەر بـوو لـە بڵاوبوونـەوەی پروپاگەنـدە لەنێـوان خەڵکـدا کـە زیـان بـە نـاو و ناوبانگـی پێغەمبـەر و ئیسـلام، لـە نێـو خەڵکـدا بگەیەنێـت!

سـوودێکی کـرداری لـە ژیانـی ئەمڕۆمانـدا: پێویسـتە لەسـەر هـەر موسـوڵمانێک، پێـش ئـەوەی دەسـت بـە هـەر کارێـک بـکات، لـە نـاوەڕۆک و کرۆکـی ئـەو کارە، هەروەهـا کاریگـەری ئـەو کارە لـە سەر بانگـەوازی ئیسـلام و، چۆنیەتـی تێڕوانینـی ناموسـڵمانان بـۆ ئیسـلام، بکۆڵێتـەوە. کاریگـەری نەرێنـی هـەر کارێکـی تیرۆریسـتی لەسـەر ناوبانگـی ئیسـلام، ئـازار بـە دڵ دەگەیەنێـت. (شـێخ محەمـەدی غەزالـی) دەڵێـت: «بڵاوبوونـەوەی کوفـر لـە جیهانـدا، نیـوەی تاوانەکەی لـە ئەسـتۆی موسـوڵمانانە کـە بـە وتـە نابەجـێ و کـردارە دزێوەکانیـان، وێنـەی خودایـان لـە بەرچـاوی خەڵکـدا ناشـیرین کـردووە).

ناموسـڵمانەکانیش ناتوانـن تەسـەوڕ بکـەن کـە چـۆن دەکرێـت کـە ئایینـی خـودا بـەم دڵڕەقـی و بـێ ویژدانییـەوە، حـەق بێـت! چـۆن ناموسـڵمانێک بـڕوا بـە ئیسـلام دەهێنێـت، کاتێـک دەبینێـت لـە ژێر نـاوی ئیسـلامدا سـەری هاوڵاتیـان بـە شمشـێر لێدەکرێتـەوە، بێتاوانـان

دەکوژرێـن، قوتابخانـەی منـداڵان داگیـر دەکرێـت، منـداڵ و ئافرەتـی بێتـاوان دەکوژرێـن؟! چ ناموسـڵمانێک بـڕوا بـە ئیسـلام دەهێنێـت؟ کاتێـک دەبینێـت گەشـتیارە موسـوڵمانەکان لـە ئەوروپـادا -هەندێکیـان نـەک هەموویـان- بوونەتـە نموونـەی بێزێـزی بەرانبـەر سیسـتەم، دام و دەزگاکان و پیـس و پۆخڵـی، دڕندەیـی بەرانبـەر منـداڵ، زیادەڕۆیـی لـە بازاڕکـردن و بەسـەربردنی هەمـوو کاتەکانیـان لـە یانـەی شـەوانەدا!

بـرا موسـوڵمانەکەم! پێـش ئـەوەی بچیتـە نـاو هـەر کارێکـەوە، ئـەم حیکمەتـە پێغەمبەرانەیـە بیـری خـۆت بهێنـەرەوە: «بـا لـە نـاو خەڵکدا بـڵاو نەبێتـەوە کـە موحەممـەد هاوەڵەکانـی دەکوژێـت». لـە خـۆت بپرسـە: کاریگـەری ئـەو کارەی دەیکەیـت لەسـەر ناوبانگـی ئیسـلام چییـە؟ پیشـاندانی وێنـەی ئیسـلامەتی، ئەمانەتێکـە لەسـەر شـانی هەمـوو موسـوڵمانێک و لـە قیامەتیشـدا پرسـیاری لەسـەر دەکرێـت.



Scanned with CamScanner



## ئیمامی ئەعزەم

ناوی: نەعمانی کوڕی سابتی کوڕی نەعمانی کوڕی مرزبانە، نازناوی (ئەبو حەنیفەی نەعمان)ی لێنراوە. ڕەچەڵەکی فارسە، هەر بۆ زانین حەسەنی بەسری، عطاء کوڕی ئەبی ڕەباح، سەعیدی کوری جوبەیر، بوخاری، ترمزی، سەلاحەددین، ئیبن سینا و زۆرێکی تر لە کەڵەپیاوانی مێژوومان، عەرەب نین، ئاخر بە عەرەبگەرایی نییە، بەڵکو بە ئیسلامەتییە.

پیشەکەی: بازرگانێکی دەوڵەمەند، لەهەمان کاتدا فەقیهێکی زانابووە. ئایین و دونیای پێکەوە گرێدابوو، بەڕاستی بۆ هەر موسوڵمانێکی دەوڵەمەندی ئەم سەردەمە نموونە و پێشەنگە.

لە چیرۆکەکانی: بۆ ماوەی دە ساڵ لە ژێر دەستی شێخ حەمماد ئەحمەد سولەیماندا خوێندوویەتی. بە خۆی وت: «ئەوەندە زانست فێربووم کە بتوانم لە شێخەکەم دابڕێم و سەرپەرشتیاری کۆڕێکی زانستی سەربەخۆ بکەم». بەڵام ئەوە ڕوویدا کە پرسیارێکی لێکراو وەڵامەکەی نەزانی و شێخەکەی وەڵامی دایەوە. لەو کاتەدا هەستی بە کەمی زانست و زانیاری خۆی کرد، ئەوەی لەسەر خۆی بە پێویست دانا کە تا مردنی، لێی جیانەبێتەوە! تا هەشت ساڵی داهاتوو لەگەڵیدا بەردەوام بوو،



Scanned with CamScanner

تاوەکو شێخەکەی کۆچی دوایی کرد و پاشان کوڕی تایبەت بە خۆی دانا.

مەسەلەکە ئەوە نییە کە گەنجێک کتێبێک یا دوان بخوێنێتەوە و خۆی لێ ببێت بە زانا و دەست بکات بە بەرپەرچدانەوەی خەڵک، زەمکردنی کۆمەڵگا و وابزانێت لەسەر زەویدا کەس لەو زاناتر نییە!

لە وتەکانی: «ئەم وتانەی ئێمە تەنیا بیروبۆچوونن، هەرکەسێک وتەیەکی باشتر لەوەی ئێمەی پێیە، ئەو لەپێشترە بۆ ئەوەی قسەکەی ڕاست بێت و لەسەر حەق بێت». (ئەمە لەکوێی بنەماکانی هەندێک لە خەڵکی ئێستادایە کە دەڵێن: هەرکەسێک بیروبۆچوونێکی جیاوازی لەوەی منی هەبێت، ئەوە کافرە و لە میللەتی ئێمە دەرچووە، یان دەڵێن: ئەو گومڕایە و یاخییە، پێویستە تۆبە بکات.

دەربارەی وتوویانە:

ئیمامی شافعی دەربارەی وتوویەتی: «خەڵکی لە فیقهدا پێویستیان بە ئەبو حەنیفەیە».

لە کارە گرنگەکانی: یەکەم کەس بوو کە بیرۆکەی خەڵات و بەخشیشی خوێندنی داهێنا، کە لە پارەی تایبەتی خۆی مووچەی مانگانەی بە خوێندکارەکانی دەدا-لە نێویاندا خوێندکارە بەناوبانگەکەی کە ناوی ئەبو یوسف بوو-. هیوادارم موسوڵمانە دەوڵەمەندەکان گرنگی بەلایەنی خوێندن و فێرکردن بدەن.

لە فتواکانی:

ڕێگەی داوە کە ئافرەت لە سەرجەم کارەکاندا، جگە لە بابەتاکی سزادان و تۆڵەسەندنەوەدا، ببێتە دادوەر. ڕیزبەندیی لە



Scanned with CamScanner

نێوان شۆردنی ئەندامەکانـدا بـۆ دەسـتنوێژ، سـوننەتە و واجـب نییـە. هـەر کەسـێک زیاتـر لـە پێنـج نوێـژ بێهـۆش بـوو؛ ئـەوا نابێـت ئـەو نوێژانــە بگێڕێتــەوە. ژن و منــداڵ و ڕاهیبــەکان کــە تێکــەڵ خەڵـک نابـن، نابێـت جزیەیـان لێوەربگیرێـت.

کۆچی دوایی:

لـە سـاڵی ١٥٠ی کۆچیـدا کۆچـی دوایـی کـردووە و پەنجـا هـەزار کـەس لـە بەغـدادا نوێژیـان لەسـەرکرد.

زانایـان لـە ڕابـردوودا ئەسـتێرەی کۆمەڵگابوون..تەرمەکانیـان پێشـی تەرمـی پاشـا و دەوڵەمەندانـی دەدایـەوە. داخ و حەسـرەت بـۆ ئـەم ڕۆژگارەی ئێمــەی تیادایــن.

خودایـە گیـان ڕەحـم بـە ئەبـی حەنیفـە بکـە و پلـە و پایـەی لـە ڕۆژی دواییـدا بـەرز بکـەرەوە، مـن و موسـوڵمانانیش بـە دیـداری شـاد بکـە و لـە فیردەوسـی بەریـنـدا لـە یـەک کـۆڕدا و لەگـەڵ پێغەمبـەری خۆشەویسـتماندا(د.خ)، کۆمـان بکەیتـەوە.



## کوا مرۆڤایەتیی موسوڵمان؟

لـە هـەر سێ چرکەیەکـدا، منداڵێـک لـە ئەفریقیـادا بـە هـۆی برسـیەتی یـان نەبوونـی داودەرمانـەوە ژیـان لەدەسـتدەدات. واتـە کاتێـک تـۆ لـە خوێندنـەوەی ئـەم وتـارە لێدەبیتـەوە نزیکـەی ٦٠ منـداڵ مـردوون!

لـەم ڕۆژانـەدا هەمـوو جیهـان یەکێـک لـە گەورەتریـن ئاهەنگـی گۆرانـی وتنـی بەخۆیـەوە بینـی، لـە پێنـاو یارمەتیدانـی هەژارانـی ئەفریقیـادا، هەمـووی لـە یـەک کاتـدا و لـە هەشـت وڵاتـی جیهانـدا پێشکەشـکران.

دەزانـم تاکـە شـتێک بـە خەیاڵـی کەسـانێکدا بێـت، ئەوەیـە کـە گۆرانـی حەرامـە، چـۆن دەکرێـت ئـەو کەسـانە لـە ڕێگـەی گۆرانـی وتنـەوە خێریـان دەسـت بکەوێـت؟

بابەتـی ئەمـرۆم، زۆر لـە بابەتـی حەرامبوونـی گۆرانـی گەورەتـر و گرنگتـرە، بەڵکـو پەیوەنـدی بـە شـتێکەوە هەیـە پێـی دەڵێـن: مرۆڤبـوون یـان مرۆڤایەتـی.

دەپرسـم: کـوان (عەمـرو دیـاب، راغـب عەلامـە و لەتیفـە و...هتـد) و گۆرانیبێژانـی تـری نـاو موسـوڵمانان لـە هاوشـێوەی ئـەم جـۆرە دەستپێشـخەری و کارە مرۆییانـەدا؟

دەپرسم: کوان (عادل ئیمام، یوسرا، ئەحمەد ئەلسەقا و... هتد) و ئەوانی تر لە ئەکتەرەکانی ناو موسوڵمان، لە نێو ئەم کارە مرۆییانەدا؟

دەپرسم: ئایا قبوڵ دەکرێت کە ناموسوڵمان، سۆز و میهرەبانییان لەگەڵ مرۆڤایەتییدا زیاتر بێت، وەک لە موسوڵمان؟

ئەوان سەرباری ئەو خۆشی، ناز و بەخششەی کە تیایدان؛ بەڵام هەموو هەوڵ و توانایەکی خۆیان خستۆتەگەڕ؛ لە پێناو کۆکردنەوەی ملیۆنان دۆلار و هاوکاریکردنی مرۆڤانەی براکانیان لە ئەفریقیادا. ئەی ئێمە لە کوێین؟

پێویستە کاتێک ئەو ئەفریقاییانە چوونە سەر ئایینی مەسیحایەتی؛ بەهۆی ئەو هاوکارییانەی لەوانەوە بەدەستیان دەگات، هیچ سەرسام نەبین؛ چونکە مرۆڤ لاوازە و بەهۆی هەژارییەوە؛ پەنا بۆ کوفر دەبات.

لەم سەردەمەدا، هەموو شتەکان پێچەوانە بوونەتەوە. پێش (١٤٠٠) ساڵ، خۆشەویست (د.خ) دڵی موشریکەکانی بە پارە کۆدەکردەوە، بۆ ئەوەی ئیسلامیان لە لا خۆشەویست بکات. ئەمڕۆش دەبینین کە بلیۆنان پارە خەرج دەکرێت؛ بۆ بەدەستهێنانی دڵی ئەفریقییەکان و دواتریش ئەگەر خۆشەویستی ئەوان بۆ مەسیحییەت ببینین، ئەوا شتێکی زۆر سروشتییە.

دەپرسم: ئایا ئێمە-وەک موسوڵمان- لە ڕۆژی دواییدا بەرانبەر ئەو کەمتەرخەمییانە لێپرسینەوەمان لێدەکرێت؟ خودا گیان! پەنا بە تۆ و داوای لێخۆشبوونت لێدەکەین.

بەراستی ئیسلام هۆکارێک نییە بۆ نەبوونی مرۆڤایەتی لە دڵی موسوڵماندا، هەر موسوڵمانێکیش مرۆڤایەتیی کەم بوو؛ بە



Scanned with CamScanner

هـۆی هەڵـە تێگەیشـتێنیەتی لـە ئاییـن و ئاییندارییەوەیـە. ژیاننامـەی پێغەمبـەری خـودا، وەک بەڵگەیـەک لەسـەر ئەمـە، بەسـە. ئـەو پیاوێک بـوو، زۆرتریـن مرۆڤایەتـی لـە دڵیـدا هەبـوو و هەرگیـز هیـچ مرۆڤێـک پێـی نـاگات.



Scanned with CamScanner



## ئایا پێغەمبەر بوو؟

ساڵی (٥٦٣پ.ز)ی لەدایکبووە. ناوی بنچینەیی خۆی (شازادە سیدهارتا) بوو. کوری ئیبن مالیکی حاکمی ناوچەی باکوری ڕۆژهەڵاتی هند بوو،نزیک نیپاڵی ئێستا. سیدهارتا کاتێک تەمەنی شازدە ساڵ بوو، لەگەڵ کچە مامێکی خۆیدا هاوسەرگیری کرد. ژیانی لاوێتی بە خۆشی و ڕابواردن بەڕێکرد. ژیانی کۆشک و تەلار وخۆشگوزەرانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەستی بە بەدبەختی دەکرد. سەرباری گەنجیەتی، لەشساغی و بوونی هەموو ئەو شتانەی کە هەر گەنجێک لەو تەنەمەدا خەونی پێوە دەبینێت، بەڵام هەستی دەکرد شتێکی کەمە؛ بۆیە لە تەمەنی (١٩) ساڵیدا بڕیاریدا کۆشک بەجێبهێڵێت و بە وڵاتاندا بۆ بەدەستهێنانی بەختەوەری بگەڕێت. لەو ماوەیەدا، هاوڕێیەتی لەگەڵ زۆرێک لە پیاوانی ڕۆحی و خاوەن هزردا کرد. ساڵانێکی زۆری تەمەنی بە گۆشەگیری و کەنارگیری لە ژیانی دونیا و خۆشییەکانی بەڕێکرد، شەو و ڕۆژی بە ڕۆژووگرتن، بیرکردنەوە و تێرامانەوە تێدەپەڕاند. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەختەوەر نەبوو. بۆی دەرکەوت کە ژیانی گۆشەگیریش ڕاست و تەواو نییە. نە ژیانی خۆشی و ڕابواردن، نە ژیانی ڕەبەنایەتی، نەبوونە مایەی بەختەوەری بۆی. شەوێک کاتێک



Scanned with CamScanner

لـە ژێـر درەختێکـدا دانیشـتبوو، تیکـڕای شـەوەکەی بـە تێڕامـان و بیرکردنــەوەوە بەســەربردبوو. لەوکاتــەدا وەحــی یاخــود نیگایــەک، یـا بیرۆکەیەکـی بـۆ دابەزی-خـودای گـەورە زاناتـرە بـە حەقیقەتـی ڕووداوی ئـەو شـەوە-. بـۆ بەیانییەکـەی لـە شـوێنەکەی خـۆی هەسـتاو بـە (حەقیقـەت) گەیشـت، بـوو بـە بـوزی واتـە: (پیاوێکـی حەکیـم و دانـا). ئەمــەش لەکاتێکـدا بـوو کـە تەمەنـی (٣٥) سـاڵ بـوو، چـل و پێنـج سـاڵی دواتـری بـە بانگهێشـتکردنی خەڵـک بـۆ بیروباوەڕەکـەی تەرخانکـرد. بـەو شـێوەیەش ئایینـی بـوزی بڵاوبوویـەوە و لـە مـاوەی ژیانیـدا هەزارەهـا کـەس باوەڕیـان پێـی هێنـا.

ڕێنماییەکانی بوزا لەم ڕاستییانەی خوارەوەدا کورت دەبێتەوە:

١- ژیان بریتییە لە ئازاو و دەردەسەری.

٢- هــۆکاری ئازاراویبوونــی ژیــان، وابەســتەبوونی مرۆڤــە بــە ئارەزووەکانیــەوە.

٣- مـرۆڤ دەتوانێـت ژیانـی خـۆی بـۆ ژیانێکـی بەختــەوەر بگۆڕێـت، بــەوەی واز لــە ئارەزووەکانــی بهێنێــت. دواتــر بــە قۆناغێــک دەگات پێــی دەوترێــت: (نیرڤانــا)، ئەمــەش لــە هەندێــک لــە خوێندنگــە ئیســلامییەکاندا، بــە حاڵەتــی (فەنابــوون) ناودەبرێــت.

٤- وازهێنـان لـە ئـارەزووەکان؛ وا لـە مـرۆڤ دەکات کـە لـەم لایەنانەوە: بیروهـۆش، گفتوگـۆ، خـواردن، ڕەوشـت، بینیـن، بیسـتن و... هتـددا، بـە ژیانێکـی ڕاسـت و مامناوەنـد بـژی.

هەندێـک کـەس پێیـان وایـە کـە بـوزا پێغەمبـەر بـووە، بـەڵام پەیامەکـەی شـێوێنراوە، هەروەکـو چـۆن زۆرێـک لـە پەیامەکانـی پێـش ئـەو و دوای ئەویـش، شـێوێنراون. ئەمـەش زۆر ڕەوایـە؛ چونکـە خـودای گـەورە لـەم ئایەتـەدا دەفەرموویـت: (وَلَقَـدْ أَرْسَـلْنَا رُسُـلًا مِّن قَبْلِكَ



Scanned with CamScanner

مِنْهُم مَّن قَصَصْنَا عَلَيْكَ وَمِنْهُم مَّن لَّمْ نَقْصُصْ عَلَيْكَ ﴾ (غافر: ٧٨). نزیکەی (٤٠٠) ملیۆن بوزایی لەسەر ڕووی زەویدا هەن و لێکچوونێکی زۆریش لە نێوان بنەماکانی بوزایەتی و بنەماکانی ئیسلامدا هەن، بۆیە هیوادارم گفتوگۆ و پەیوەندی لە نێوان زانایانی موسوڵمان و زانایانی بوزاییدا هەبێت، بەڵکو ببێتە یارمەتیدەریک بۆ لێکنزیککردنەوەی ئەوان لەگەڵ موسوڵماناندا و هیدایەتدانیان بۆ ئیسلام.



Scanned with CamScanner



## ئەحمەد كۆچی دوایی كرد!

به بۆنەی كۆچی دوایی هونەرمەند (ئەحمەد زەكی)یەوە نووسراوە

وتی: ئایا بە مردنی ئەحمەد زەكی دڵگران بوویت؟

وتم: بەڵێ.

وتی: چۆن بە مردنی پیاوێک دڵگران دەبیت، لە كاتێكدا لە فیلمەكانیدا بە ئاشكرا گوناهـ و تاوانی ئەنجام دەدا؟

وتم: تەرمێک بە لای پێغەمبەردا(د.خ) تێپەڕی و لە بەری هەستایەوە و هاوەڵان وتیان: «خۆ ئەوە تەرمی یەهوودییەكە»، پێغەمبەر(د.خ) فەرمووی: «ئایا ئەویش نەفسێک نییە؟» منیش وەكو شوێنكەوتوویەكی پێغەمبەری خودا دەڵێم: «ئایا ئەویش نەفس نییە؟»

وتی: هەموو ئەو هونەرمەندانە دەچنە دۆزەخەوە و ئەوەش خراپترین چارەنووسە.

وتم: پەنا دەگرم بە خودا، بانگەشەی خودایەتی دەكەیت؟ ئایا نازانیت پێغەمبەری خودا(د.خ) دەگێڕێتەوە: «پیاوێک وتویەتی: ‹خودای گەورە لە فڵان كەس خۆش نابێت›، خودای گەورەش وەڵامی دایەوە و فەرمووی: ‹ئایا بانگەشەی خودایەتی دەكەیت؟ ئەوا من لە فڵان كەس خۆشبووم و كارەكانی تۆشم وەرنەگرت›.

بۆیە وریابە قسەیەک لە زارت نەیەتە دەرەوە کە ببێتە هۆی بە فیڕۆدانی کار و کردەوەکانت».

وتی: چۆن خودای گەورە لە کەسانێک خۆشدەبێت کە گومڕابوون و گومڕاییان دەکرد؟

وتم: خودای گەورە لە هەر کەسێک خۆشدەبێت، ئەگەر بیەوێت. ئەو کاربەدەست و بەدەسەڵاتە. هەروەها بەخشندە و میهرەبان و دڵسۆزە. هەرکارێک ویستی لەسەر بێت، دەیکات. دوای ئەوە تۆ لەکوێ دەزانیت کە لێی خۆش نابێت. ئایا تۆ لەگەڵیدا بوویت کاتێک لەناو جێگەی نەخۆشیدا کەوتبوو؟ ئایا ناکرێت لە نێوان خۆی و خودادا تۆبەی کردبێت و خودای گەورەش لە تەواوی تاوانەکانی خۆشبووبێت؟ ئایا ناکرێت کارێکی چاکەی کردبێت کە زۆرێکی خەڵک پێی نەزانن و ببێتە هۆی شەفاعەت لە گۆڕەکەیدا؟ ئایا چیرۆکی ئەو داوێن پیسە نازانیت کە خودای گەورە لیی خۆش بوو؛ چونکە سەگێکی لە تینوێتی ڕزگارکرد؟

وتی: بەم قسانەی تۆ بێت، ئیتر تەواو. خەڵک گوناه دەکەن و یاخی دەبن، دواتر دەڵێن: «خودا بەخشندە و میهرەبانە»!

وتم: وا ناڵێین، بەڵکو جیاوازییەکە لە نێوان مامەڵەی یاخیبوو لەگەڵ خودا و مامەڵەی خەڵک لەگەڵ کەسی یاخیبوودایە. کەسی یاخیبوو دەکرێت هەمیشە بەرانبەر خودی خۆی دڵڕەق، بێبەزەیی بێت و بەردەوام سەرزەنشتی خۆی بکات، بەڵام مامەڵەی خەڵک لەگەڵ یاخیبوو پێویستە مامەڵەکردنێکی بە بەزەیی، دڵسۆزانە و میهرەبانانە بێت. هەروەک چۆن پێغەمبەری خودا(د.خ) بە هەمان شێوە مامەڵەی لەگەڵ هەڵەکاران و یاخیبوواندا دەکرد. کاتێک



Scanned with CamScanner

مەیخۆرەکـە هاتـە خزمەتـی پێغەمبـەری خـودا، پیاوێـک پێـی وت: «نەفرەتـی خـودای لێبێـت، چەنـد زووزوو بـەم تاوانـەوە دێتـەوە!».

پێغەمبـەری خـودا فەرمـووی: «نەفرەتـی خـودای لێمەکـە، ئـەو خودا و پێغەمبەرەکـەی خۆشـدەوێت». سـەرنج بـدە، پێغەمبـەری خـودا(د.خ) چـۆن خۆشەویسـتیی خـۆی و خـودای بـۆ مەیخۆرەکـە چەسـپاند! تـۆ لـە چ ئاسـتێکی ئـەم هەمـوو پەنـد و داناییەدایـت؟ بۆچـی پێـت باشـە تەنیـا بـە ڕیـش و جلـو بـەرگ، شـوێن ڕێبـازی پێغەمبـەری خـودا بکەویـت، بـەڵام لـە میهرەبانـی، ڕەوشـتجوانی، چۆنیەتـی مامەڵەکـردن لەگـەڵ دروسـتکراوانی خـودادا شـوێنی ناکەویـت؟!

وتی: ئایا سووکایەتی بە ڕیشم دەکەیت؟

وتـم: دووربێـت خودایـە، ئەگـەر سـوکایەتی بـە سـوننەتێکی پێغەمبـەری خـودا بکەیـن، بەڵکـو دەڵێـم لـە هەمـوو ڕوویەکـەوە شـانازی بـە پێغەمبـەری خـوداوە بکەیـن، نـەک تەنیـا گرنگـی بـە لایەنـی ڕووکـەش بدەیـن و ناوەڕۆکمـان لەبیربچێتـەوە.

وتی: بەڵام ڕیش واجبە، نەک سوننەت!

وتـم: براکـەم هەتـا ئەگـەر واجبیـش بێـت، بـەڵام بابەتـی ئێمـە لێـرەدا ڕیـش نییـە، بەڵکـو باسـێکی لـەوە گەورەتـر و قووڵتـرە.

وتـی: واتـە دەڵێیـت لـە ئاییندا بابەتـی لاوەکـی هـەن، نـەوەک قـووڵ؟

وتـم: لا حـول ولا قـوە الا باللـە.. وا دیـارە تـۆ ناتەوێـت گفتوگـۆ بکەیـن، بەڵکـو دەتەوێـت دەمەقاڵـێ و شـەڕە قسـە بکەیـن. لێـم بگـەڕێ داوای ئیـزن بکـەم، ئاشـکرایە جیـاوازی لـە بوونـی پێشـینە، یاخـود گرنگایەتـی هەریەکەماندایـە. ئەگـەر خـودا مۆڵـەت بـدات، کاتێکـی تـر کۆدەبینـەوە.

وتـی: بەڵکـو پێویسـتە مـن داوای ئیـزن بکـەم کـە لەگـەڵ ڕیـش تاشـراوێکی وەکـو تـۆدا دادەنیشـم!

وتم: خودای گەورە پاداشتت بەخێر بداتەوە.

هەریەکێکمان بەرێی خۆیدا ڕۆیشت.

(گفتوگۆیەکی خەیاڵی)



Scanned with CamScanner



## دواتر لەگەڵ عەرەبدا!

ئێستا کە دەنووسم، لە بارێکی پڕ لە نائومێدیدام بۆ بارودۆخی عەرەب، بۆ ڕەوشت، سستی و بێڕێزیی عەرەب.

مەبەستم هەموو عەرەب نییە، من هەمیشە دژی گشتگیرکردنم و دەزانم کە بەشێکی کەمی عەرەب، مایەی خێرن. هەروەها ئەوە کیفایەتە کە پێغەمبەری خودا(د.خ) عەرەبە، بەڵام بەداخەوە زۆرێکی عەرەبیش مایەی خەمن. نازانم ئەمە پەیوەندی بە بۆماوە یان کەش و هەوا، یاخود ئەو خۆراکەوە هەیە کە دەیخۆین، یان چی.. بۆچی ئێمە بەوشێوەیەین؟! پێش ئەوەی هیچ کەس ڕەخنە لە قسەکانم بگرێت، بڕۆن و بە شەقامەکانی وڵاتە عەرەبییەکاندا بگەڕێن، بەچاوی خۆتان ئەو گەندەڵی و بێویژدانییە ببینن. بڕۆن و لە وڵاتانی عەرەبدا سەیری دۆخی سەرئاو ودەستشۆرەکان بکەن و دواتر خۆتان بڕیاری لەسەر بدەن، پێش ئەوەی بێن و بێبەزەییانە حوکم بەسەر مندا بدەن.

ئێستا کە دەنووسم بە ئەزموونێکدا لەگەڵ چوار پڕۆژەی جیاواز و کەسانی جیاوازدا لە ساڵی (٢٠٠٥)دا تێپەڕیوم، بەڵام هیچ یەکێک لەو پڕۆژانە پابەندی کاتی دیاریکراو نەبوون. یەکێکیان چوار مانگ، ئەوی تر پێنج مانگ و دانەیەکی تر سێ مانگ لە کاتی



Scanned with CamScanner

دیاریکـراوی خـۆی دواکـەوت. ئەمـەش سـەرەرای ئـەو دەردەسـەرییەی کـە لەگـەڵ مامەڵـەی هەندێـک کەسـدا چەشـتم. نەبوونـی دڵسـۆزی، جـوان بەجێنەگەیاندنـی کار، گرنگینـەدان، قسـەی زۆر و ئیشـی کـەم. هەمـوو ئەوانـەی کارم لەگەڵـدا کـردن کەسـانی بـاش و بەڕەوشـت بـوون، بـەڵام باشـبوون بـەس نییـە. مـن باشـیم ناوێـت، دەسـتکەوتم دەوێـت. ڕێـز و پابەندبوونـم بـە بەڵێـن و ڕێککەوتنـەوە دەوێـت. ئایـا مـن خـەون دەبینـم؟ ئایـا ئـەم داوکارییـە مەحاڵـە و ناتوانرێـت لەسـەر ئـەم ڕووی زەوییـەی کـە تیایـدا دەژیـن جێبەجـێ بکرێـت؟ باشـە پێویسـت دەکات بچـم بـۆ مەریـخ، بەڵکـو لـەوێ مەخلوقاتێـک هەبـن پابەنـدی بەڵێـن بـن و قـەدری بگـرن! یـان پێویسـت دەکات بچـم بـۆ وڵاتانـی ڕۆژئاوا-کافـرەکان بـە قسـەی هەندێـک-. بەڵکـو لـەوێ ئـەو مامەڵـە ئیسـلامییانە ببینـم کـە لێـرە نایبینـم؟

بۆچـی کاتێـک دەچمـە فرۆکەخانـەی دانیمـارک، هەمـووان بـە خەنـدە و ڕێـزەوە مامەڵەدەکـەن، بـەڵام کاتێـک پـێ دەخەمـە فرۆکەخانـەی وڵاتـە عەرەبییـەکان، هەمـوو گـرژ و مـۆن، وەک بڵێیـت کەشـەکە بـە ئەنفلۆنـزای نائومێـدی، لەخۆباییبـوون و گـرێ دەروونییەکانـەوە بـارگاوی کرابێـت؟!

بۆچـی ئێمـە کاردانەوەمـان هەمیشـە دڵڕەقانەیـە؟ بۆچـی کاتێـک هەندێـک کـەس دەیانەوێـت پێغەمبـەر(د.خ) سـەربخەن، دەچـن هێلکە لـە باڵیۆزخانـەی ئەمریـکا دەگـرن؟ وەک ئەوەی بـەم کارەیان پشـتیوانی پێغەمبـەر بکـەن، بـەڵام جگـە لـە شـێواندنی وێنـە و کەسـایەتی پێغەمبـەر، هیچـی تریـان نەکـردووە! ئایـا هیـچ موسـوڵمانێک هەیـە پێشـبینی ئـەوە لـە پێغەمبـەری خـودا بـکات کـە هێلکـە لـە بینـا بگرێـت؟



Scanned with CamScanner

هەندێک کەس دەڵێن: «کە تۆ هەمیشە گشتگیرکردن ڕەتدەکەیتەوە، بەتایبەت لەسەر ڕۆژئاوا. ئێستاش دێیت و گشتاندن لەسەر عەرەب دەکەیت!» دەڵێم: «گشتاندن نییە، بەڵکو قامچییەکە لە خود». بەلامەوە گرنگ نییە ئەگەر کوڕی دراوسێکەمان نەزان، یاخود لاسار بێت، بەڵام ئەگەر کوڕەکەم یان یەکێکی تری خێزانەکەم، یاخود خۆم لاساربووین؛ ئەوا بەرپرسیاریەتی منە کە بەرانبەر بەوان و بەرانبەر بە خودی خۆشم، دڵڕەق و بێبەزەیی بم. ئاماژەی قورئانی پیرۆز بۆ پێغەمبەری خودا (فلعلك باخع نفسك على آثارهم)، کەواتە پێغەمبەری خوداش لۆمەی خۆی کردووە.. ئیتر بۆچی ئێمەی عەرەب خۆمانمان پێ گەورەیە و پێمان وایە باشترینی هەر ئوممەتێکین، لە کاتێکدا لە ئاستی خوارەوەی ئوممەتانی ترەوەین؟ خۆزگە خاوەنی ئیسلام نەدەبووین، ئەو کاتە پۆزشێکمان بۆ حاڵی خۆمان دەبوو، بەڵام کارەساتەکە ئەوەیە کە خاوەنی باشترین ئایین، کتێب و پەیامبەرین، سەرەڕای ئەوەش کەوتووینەتە ئەم شکست و داڕمانەوە.

ئەبو غرێب، بەندییەکانی گوانتانامۆ، داگیرکردنی فەڵەستین، کوشتارگەکەی بۆسنە، نەهامەتی و دەردەسەری کشمیر، برسێتی نەیجەر، ڕووخاندنی عێراق و ڕێکخستنی گروپی تیرۆریستی قاعیدە، هەمووی ناسۆری و تراژیدیایە. ئەگەر لەم ڕۆژانەدا پێغەمبەرمان لەنێو دەبوو، وازی لە خەو دەهێنا، هیممەتی دەکرد و ئەو ڕووداوانە زۆر زیاتر دەبوونە مایەی تووڕەبوونی، وەک لە دروستکردنی کاریکاتێرێک کە نە بە خواردن قەڵەو دەبێت، نە برسیەتیش دادی دەدات.. بۆچی ئەمڕۆ ڕووداوەکانمان پێچەوانە کردووەتەوە؟ بە کاریکاتێرێک تووڕە دەبین، بەڵام ئەو نەهامەتییانە تووڕەمان ناکەن؟ ئایا ئەمە



Scanned with CamScanner

لە پێوەردا هاوشێوەبوونە؟ یان لەبوونی گرنگییەکانمداندا گرفتێک هەیە؟ یان تێنەگەشتنە لە تەرازووی کارەکان؟

سوودی ئەوەی دەیڵێم بۆ خوێنەر چییە؟ لەوانەیە هیچ شتێک! لەوانەیە ویستبێتم بۆ تەنیا جارێک لە تێڕوانینی گەشبینانە و ئەرێنییەکانی خۆم دەربچم و کەشەکە بۆ دۆخێکی نائومێدی و نەرێنی بگۆڕم. مەگەر ناوترێت کە بوونی گۆڕانکاری لە ژیاندا کارێکی باشە! کەواتە ئەم جۆرە ستایلی نووسینەی منیش، گۆڕانکارییە و ئەم گرێ کوێرە دەروونیانەش بۆ ئێوەی خوێنەر جۆرێکە لە گۆڕان!

دەیان وتاری گەشبینانە و ئارامم نووسیوە کە یارمەتی هۆشیاربوونەوەی ئوممەت دەدەن. ئەمڕۆ بۆ یەکەم جار، تەنیا وتارێک دەنووسم کە تێیدا ئاماژە بە هەستی پڕ نائومێدی و خەمی خۆم دەکەم. هەندێک جار پێویستمان بە گۆڕینی شێواز و قامچیدان لە نەفسی خۆمان هەیە. قامچی لە نەفسی خۆدان، کارێکی سەختە و هەموو کەسێک قبووڵی ناکات، هەندێک زیاتر پێی دادەمرکێتەوە و هەندێکی تریش هۆشیاردەکاتەوە.

ئەم وتارەم نووسی و دەزانم کە ئەمە شێوازی من نییە، دەزانم کە بە دڵی هەندێک کەس نابێت و ئەوەش دەزانم کە جۆرێک لە گشتگیرکردنی تێدایە. لەوانەیە ویستبێتم ئەوە بە کەسانێک بگەیەنم کە من کەسێکی نموونەیی نیم، کە قسەکانم هەمووی جوان و گولاوی بن، سەرەڕای بڕوایەکی زۆرم بە گەشبینی، بە چەند حاڵەتێکی دەگمەنی نەرێنی و بێهیواییشدا تێدەپەڕم. ئەمڕۆش یەکێکە لەو حاڵەتە دەگمەنانە و هەستم کرد کە مافی خوێنەرە ئەو لایەنەشم ببینن.



Scanned with CamScanner

بەڕاستی کاتێک لە دەنیمارک بووم، داخم بۆ خۆم، نەتەوەکەم، ئایینەکەم و پێغەمبەرەکەم دەخودارد. لەخۆڕا کەمتەرخەمین، مافی پێغەمبەرەکەمان نەپاراست و بە خەڵکمان نەناساند، بەڵکو کاتێکیش ویستمان پشتیوانی لێ بکەین، وێنەی ئەو زاتەمان شێواند.

پێم وایە کە موسوڵمانان سەرەتا پێویستە پێغەمبەرەکەی خۆیان بە باشی بناسن، دواتر خەڵکیی پێ ئاشنا بکەن. سەرەتا سوننەتەکانی جێبەجێ بکەن، دواتر پشتیوانی لێبکەن؛ تا بە هۆی ئەوانەوە ناوبانگی لەکەدار نەبێت. نازانم ئەمە لە ناخی هەندێک کەسدا، پشتیوانیکردنی پێغەمبەرە، یاخود پشتیوانیکردنی نەفس، ئارەزووی توورەبوون، ڕق و کینەی شاراوەیە.

یاخود لەوانەیە کێشەکە لە عەقڵ، هۆش و بیری مندا بێت، لەوانەیە دۆخی عەرەب زۆرباش بێت و هزر و هۆشی من گومڕا بووبێت. خودای گەورە زاناترە. بەڕاستی لە ساتەوەختێکی پڕ لە ئاشووبدا دەژین کە داناکانیش دۆش داماوبوون و ناتوانن پەی بەڕاستییەکان ببەن، نازانن کامە شارستانییبوونە و کامە دڕندەییە.

لەسەر بیروبۆچوونی موحەممەد سوبحی کە دەڵێت: «بەردێک نەزانێک بیخاتە چاڵێکەوە، بە هەزار زانا بۆیان دەرنایە».

هاوار نەتەوەی ئیسلام بێداربنەوە!



Scanned with CamScanner



## باوەڕدارێک و بێباوەڕێک

بە سەر سامییەکی زۆرەوە، لە بەردەم پەیوەندی نێوان خۆشەویست(د.خ) و ئەبو تاڵیبی مامیدا ڕاوەستاوم. پەیوەندی نێوانیان یاسا و دانایی زۆری تێدایە:

١- پەیوەندییەکی خۆشەویستی، ڕێز و بەها لە نێوان باوەڕدارێک و بێباوەڕێکدا! ئەم پەیوەندییە لەسەر بنەمای خۆشم دەوێیت و ڕێزت لام هەیە دروستکراوە. هەرچەندە جیاوازیی زۆر لە نێوان بیروباوەڕ و ئایینەکەیاندا هەبوو! سەیری وتەی ئەبو تاڵیب بکە بە پێغەمبەر(د.خ) دەڵێت: «برازا! هەرچی دەڵێیت، بیڵێ. سوێند بە خودا! نایەڵم کەس دەستت بۆ بەرێت». سەیری خەمباریی پێغەمبەر(د.خ) بکە، کاتێک لە یەک کاتدا خەدیجە و ئەبو تاڵیب کۆچی دوایی دەکەن، ئەو ساڵە ناو دەنێت بە ساڵی خەمباری. ئەمە زللەیەکی میهرەبانییە بە ڕوخساری هەموو ئەو کەسانەوە کە دەیانەوێت مرۆڤایەتی و مرۆڤبوون لەبەری موسوڵماناندا دارنن، دەیانەوێت ڕق و کینەیان بەرانبەر بێباوەڕان لەسەر ڕووی زەویدا زیاتر بکەن. ئەمە ڕێبازی پێغەمبەر نییە و بگرە لە ژیانی پێغەمبەریشدا بوونی نەبوو.

٢- سەرکەوتن و هاوکاری بۆ موسوڵمانان، زۆرجار لە کەسانی

دیکـەی بێباوەڕیشـەوە دروسـتە وەربگیرێـت. ئەبـو تاڵیـب لـە سـەرەتای بانگـەوازەوە ڕۆڵێکـی زۆر گـەورەی لـە پاراسـتنی پێغەمبـەردا( د.خ) هەبـووە. پێغەمبـەر نەیفەرمـوو: تـۆ بێباوەڕیـت و تـا نەیەیتـە نـاو ئایینەکەمـەوە پێویسـتیم بـە هـاوکاری تـۆ نییـە! لەهەمـان کاتـدا ئەمـە وانەیەکـی بەسـوودە بـۆ موسـوڵمانان کـە خـوو بـە داناییـەوە بگـرن و سـوود لـە هەرکەسـێک وەربگـرن کـە دەیانەوێـت هـاوکاری بانگەوازەکەیـان بـکات، یـان بـۆ ئـەوەی لەسـەر ئایینەکەیـان ببـن بـە هـاوکار و یارمەتیدەرێـک. لـە ژیانـی پێغەمبـەردا(د.خ ) دەیـان بێبـاوەڕ دەبینیـت کـە ڕۆڵێکـی گەورەیـان، لـە لابردنـی سـزا و ئـازار لەسـەر موسـوڵمانان، بینیـوە. ژیانـی هـەر کەسـێک لەوانـە، پێویسـتی بـە نووسـینی بابەتێکـی تـەواو هەیـە.

٣- دەبێـت بانگخـواز تەنیـا پەیامـی ئیسـلامی بگەیەنێـت. ڕێنوێنـی کـردن و هیدایـەت لای خوداوەیـە. ئەمـە وتەیەکـی زۆر بەربـڵاوە، بەڵام جێبەجێـی ناکەیـن. کاتێـک گەنجێـک گـوێ بـۆ وتـەی بانگخوازێـک ناگرێـت، تـووڕە دەبێـت و دەیەوێـت بـە زۆر وا لـە گەنجەکـە بـکات کـە گـوێ بـۆ وتەکـەی بگرێـت. ئـەم کارە زۆر لێکـردن لەخۆناگرێـت. خـودای پـەروەردگار دەفەرموویـت: (أَفَأَنـتَ تُكۡـرِهُ ٱلنَّـاسَ حَـتَّىٰ يَكُونُوا مُؤۡمِنِـينَ ). واتـە: «ئـەرێ تـۆ زۆر لـە خەڵکـی دەکەیـت تـا باوەڕبهێنـن؟» تەماشـای پێغەمبـەر(د.خ) بکـە لەکاتێکـدا ئەبـو تاڵیـب لەسـەر جێـگای مـردن بـوو، پێـی دەفەرموویـت: «مامـە... بڵـێ: ‹لا الـە الا اللـە›، یـەک وشـەیە و لای خـودا کارەکانـت بـۆ ئاسـان دەکات». خەمـی پێغەمبـەر(د.خ) ئەوەیـە کـە ڕێنوێنـی بـکات، بـەڵام خـودا ئـەوەی کـە خـۆی دەیەوێـت ئـەوە دەکات: (فَإِنَّمَـا عَلَيۡـكَ ٱلۡبَلَٰغُ ٱلۡمُبِـينُ).



Scanned with CamScanner

٤- ئەخلاق پێویستی بەوە نییە کە ئیماندار بێت. ئاخر ئەبو تالیب ڕەوشتێکی بالای هەبوو. مامەڵەی لەگەڵ خەڵکدا شیرین و خۆشبوو و ئازاری کەسی نەدەدا. کەچی بڕواداریش نەبوو. بۆیە ئەخلاق بە تەنیا پێویست نییە و پێویستە ئیمان و ئەخلاق پێکەوەبن. پێویستی بە نوێژ و ڕاستگۆیی، بە ڕۆژووگرتن و پاکژی، بە زەکات و کاری تەواو، بە ڕۆیشتن بۆ مزگەوت و ڕووخۆشی هەیە. پەرستش و بەندایەتی دەست لەناو دەست، هەردوو لایەنەکە پێویستە لە مرۆڤدا بوونی هەبێت.

٥- نەریت کەسێتی مرۆڤ کوێر و وێران دەکات. ئەوەی ڕێگری لە ئەبو تالیب کرد کە بڕوابهێنێت تەنیا دابونەریتی باوباپیرانی بوو؛ بۆیە دەبینی کاتێک خەریک بوو دەمرد، ئەبو جەهل هات بۆ لای و، پێی وت: «ئەبو تالیب، ئایا دەتەوێت پشت لە ئایین و نەریتی عەبدولموتەلیب بکەیت؟» من لەم سەردەمەی ئێستامدا، تێکەڵەیەک لە نێوان ئایین و نەریتدا دەبینم کە وایکردووە بە بێ هۆشیاری ئایینی، ڕێگە لە خەڵک بەر تەسک بکاتەوە یان بە پێچەوانەوە دەیەوێت ئایین بتاوێنێتەوە و بە بێ هیچ یاسایەک بە ڕووی هەموو لایەنەکانیدا بکاتەوە. هەرچەند ئیسلام زۆر لەوانە بالاتر، پاکتر و ڕوونترە کە تۆ بێیت ئەم ئایینە سنووردار بکەیت و بە نەریتی وڵاتێک، گەلێک یان تیرەیەکی دیاریکراوەوە وابەستەی بکەیت!

خودایە مرۆڤایەتی و دانایی بۆ موسوڵمانان بگەڕێنیتەوە و خۆشەویستیان بکەیت؛ بۆ ئەوەی بتوانن ڕێنوێنی خەڵکی دیکە بکەن.



Scanned with CamScanner



## سعودی و هیندی

موسـولّمانان! هـاوارم بـۆ ئێـوە ئەوەیـە کـە بـە هـۆی ئایینەکەتانەوە، خۆتـان بەسـەر بێباوەڕیدا هەڵمەکێشـن؛ چونکـە ئـەو خودایـەی کـە ڕێنوێنـی ئێـوەی کـردووە، دەتوانێـت لـە سـاتێکی زۆر کەمـدا ئـەو ئایینـە لـە ئێـوەش دابڕنێـت، ڕۆژ بڕواداربیـت و کـە شـەوت بەسـەرهات، ببیـت بـە بێبـاوەڕ یـان کەسـێک بـە ڕۆژەکـەی بێبـاوەڕ بێـت و کـە شـەوی بەسـەرداهات، ببێـت بـە بـڕوادار. ئیتـر ئـەو ڕۆژە لەخۆباییبـوون و لوتبەرزیـت بەسـەر مرۆڤەکانـەوە، سـوودێکی بـۆت نابێـت، بـەڵام هەوڵبـدە هەمیشـە نـەرم و نیـان و خۆشەویسـت بیـت؛ بـۆ ئـەوەی ڕێنوێنـی خەڵکانـی دیکـە بکەیـت. سـوپاس و ستایشـی پـەروەردگارت بکـە کـە ڕێنوێنـی کردوویـت بـۆ ئیسـلام، بەرانبـەر بـە سـەرجەم بوونـەوەران خاکـی و سـادەبە.

ئـەی کەسـی ملکـەچ! بـە گوێڕایەڵـی و بەندایەتـی، خۆت لە کەسـی تاوانبـار بـە گەورەتـر مەزانـە؛ چونکـە ئـەو خـودای پـەروەردگارەی کـە تـۆی ڕێنوێنـی کـردووە، توانـای ئـەوەی هەیـە کـە ئـەو ئایینـە لـە سـاتێکی کەمـدا لـە تـۆ دابڕنێـت و ببیـت بـە بێبـاوەڕ و ئـەو کەسـەی کـە تاوانبـارە، ببێـت بـە کەسـێکی بڕوادار-لەوانەیـە تاوانێـک کـە سـەر شـۆڕی و تێکشـکانی بـەدوادا دێـت، باشـتر لـە بەندایەتییـەک بێـت کـە



Scanned with CamScanner

لەخۆباییبــوون وخۆبەگەورەدازانینــی لێـوە پەیـدا ببێـت-.

ئـەی کەسـی سعودی! بـە سعودی بوونـی خۆتـەوە، خـۆت بەسـەر هیندییەکـدا بـە گـەورە مەزانـە؛ چونکـە ئـەو خودایـەی کـە وایکـردوە ئەمـڕۆ سـعودیە دەوڵەمەندبێـت و هینـد هەژاربێـت، دەتوانێـت لـە شـەو ڕۆژێکـدا ئـەو یاسـایە پێچەوانـە بکاتـەوە و ببینیـت کـە کرێکارانـی سـعودی لـە وڵاتـی هینـددا بڵاوببنـەوە. هیـچ کەسـێک بەسـەر دەسـتەڵاتی پـەروەردگاردا توانـای نییـە! مـرۆڤ بـۆ هێنـدە لەخۆباییـە و بـە بوونـی ڕەگەزنامەیـەک کـە خـودا پێـی بەخشـیوە، لـە خـۆی دەگۆڕێـت؟ ئایـا کاتێـک لـە دایکبوویـت، سـەیرت کـردووە کـە پەسـاپۆرتێکی سـەوزت هەیـە؟ سوپاسـی خـودا بکـە لەسـەر ئـەو بەخشـینەی پێـی داویـت کـە ئـەو ڕەگەزنامەیـەت هەیـە، خاکیبـە بەرانبـەر بـە مرۆڤـەکان؛ بـۆ ئـەوەی بەخشـینی وڵاتەکـەت زیاتـر ببێت.

ئـەی دەوڵەمەنـد! بەهـۆی دەوڵەمەندیتـەوە، خـۆت بەسـەر خەڵکـی هـەژاردا بەگـەورە مەزانـە. ئـەم لەخۆگۆڕانـەت، نەناسـین و نـە شـارەزاییتە بەرانبـەر بـە پەروەردگار-کـە خـۆی خاوەنـداری هەمـوو شـتێکە-، سـەرجەم دارییەکـەت خـودا خاوەنیەتـی و لـە سـاتێکی کەمـدا دەتوانێـت ئـەو دارایـیەت لـێ دابڕنێـت. پـاک و بێگـەردی بـۆ خاوەنـی سـەرجەم بەدیهێنـراوان.

پرسـیارێک لـە شـوانێک کـرا: «کـێ خاوەنـی ئـەمماڵاتەیـە؟» وتـی: «ئـەوە هـی خودایـە و لای منـە»! هەروەهـا سـەرجەم دارایـی، تەندروسـتی، مـاڵ و سـەیارە، هیچیـان هـی تـۆ نیـن. ئـەوە لـە بێئاگاییتەوەیـە کـە شـانازی بـە دارایـی و شـتانێکەوە بکەیـت کـە تـۆ خاوەنـی نیـت!

ئەگـەر ئـەم نموونانـەت بـە وردی خوێنـدەوە، ئـەو کاتـە لـە

مانـــای ئـــەو نزایـــەی خۆشەویســـت(د.خ) تێدەگەیـــت: «خودایـــە! بـــۆ چـــاو تروکاندنێکیـــش، مەمـــدە دەســـتی خـــۆم». بـــەڵام خۆشەویســـتان، چاوتروکانێـــک داینەمـــۆی ئـــەوە دەکات کـــە کەســـێتی و ژیانـــت بـــە گشـــتی، بـــۆ باشـــترین یـــان بـــۆ کەســـێکی خـــراپ، بگۆڕێـــت. پەنـــا بەخـــودا... پـــاک و بێگـــەردی ئاڵوگۆڕکـــەری دڵـــەکان.

# بەشی چوارەم

# ڕازەکان لەبارەی ڕووداوەکانەوە

Scanned with CamScanner



## ببورە پێغەمبەری خودا!

ئەوەی لە ناخمدا دێت و دەڕوات، لە هەست و سۆز و شڵەژان، دوای ئەو ڕووداوانەی بەسەر موسوڵماناندا دێت، هەست بە تێکەڵەیەک لە تووڕەبوون، پەژارە، میهرەبانی، شەرم، نەهامەتی و هیوا دەکەم.

هەست بە تووڕەبوون دەکەم کە هەندێک کردەوەی تیرۆریستی بە ناوی خوداوە یان بە ناوی ئیسلامەوە لەم سەردەمەی ئێستادا دەکرێت. سەردەمێکە کە کەسی ئارام و لەسەرخۆ، تیایدا سەرگەردانە. سەردەمێکە کە پێوانەکان تیایدا ئاوەژوو بوونەوەتە و گۆڕاون، گەنجان هێندە سەرگەردان بوون کە هیچ نێوەندێک لە نێوان ئەوان و ئاییندا نییە.

هەست بە شەرمەزاری دەکەم کە کەسانی بێتاوان و پیاوانی ئاسایش-موسوڵمانانیش لە کردەوە تیرۆرسیتییەکاندا دەبنە قوربانی. ئازارەکە لەوەدایە کە بە دەستی موسوڵمانان ئەم کارانە ئەنجام دەدرێت! ئەمە قوڕەکەی زیاتر خەست کردووەتەوە و خەم و پەژارەکەی زیاترکردووە.

لەبەردەم پێغەمبەری خودا(د.خ) هەست بە شەرم دەکەم؛ چونکە ئێمە ئایینەکەی ئەومان شێواندووە. ئەو ئایینە جوانەمان



Scanned with CamScanner

بە شیواو و ناشیرینی لە بەردەم دونیادا نمایشکردووە. کەسانی بێتاوان دەکوژرێن، قوتابخانەکان دەتەقێنرێنەوە، منداڵان بە بارمتە دەگیردرێن، موسوڵمانان سەردەبڕن، هەموو ئەم کارانە بە ناوی ئایینەوە! ببورە پێغەمبەری خودا... ببورە ئێمە نەمانتوانی نوێنەرایەتی ئەو فەرمودەی پەروەردگار بین کە لەسەر تۆ دەفەرمووێت: (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ) و پێچەوانەکەیمان نیشاندا. ببورە ئێمە ئەو پێناسەی تۆمان بۆ جیهان نەکردووە کە تۆ چەند میهرەبان، لێبوردە، میانڕەو و خاکیبوویت. ببورە پێغەمبەری خودا!

هەست بە سۆز و میهرەبانی تۆ بۆ ئەو کەسانەی کە ئەم کارە تێکدەرانەش ئەنجام دەدەن، دەکەم. گەنجانێک هەن کە شانازیان پێوە دەکەن و پێیان پێ دەکەنن و ڕێگەیان ونکردووە، واگومان دەبەن کە ئەوە کارێکی باشە کردوویانە. ئایا کەسێک نییە ئەو فەرمایشتەی خۆشەویستیان(د.خ): «جوێندان بە موسوڵمان تاوانە و کوشتنی بێباوەڕییە» پێ بڵێت؟ ئایا کەسێک نییە ئەو فەرمودەیەیان پێ بڵێت کە دەفەرمووێت: «هەرکەسێک ئازاری کەسێکی ناموسڵمانی ناو کۆمەڵگەی ئیسلامی بدات، ئەوە ئازاری منی داوە. هەرکەس ئازاری منیش بدات، ئەوە ئازاری پەروەردگاری داوە»؟

هەست بە پەژارە دەکەم کە ئاسایش لە وڵاتانی ئیسلامیدا نییە. تەنانەت لە شارەکەی خۆشەویستیشدا کە لە ڕووی ئاسایشەوە پارێزراوترین شاری سەرزەوییە. خەڵکی لەم ناوچەیەدا دەیان ساڵە بە ئاشتی و خۆشی ژیاون، ئەوەتا ئێستا دەبینی لە بەرچاوی خۆماندا خەریکە ئاسایش لەو شارەشدا نامێنێت!

بێئومێدیش نیم، هیوام وایە بەرپرسان و بانگخوازان هەستن، دایکان و باوکان و کۆمەڵگە هەست بەوە بکەن کە لەبەردەم پەروەردگاردا، کە چی بەسەر گەنجانمانی گەلانی ئیسلامیدا دێت، بەرپرسیارن. بەرپرسیارن لەسەر ئەوەی کە دەبێت گەنجان بەرەو ئایینی ڕاستی بگەڕێننەوە. بەرپرسیارن لەسەر ئەوەی کە پێویستە گەنجان بەکەناری ئاسایشی و ئارامیی هزری، ڕۆحی، سۆز و عاتیفی و جەستەیی بگەیەنن.

وتەیەکی محەمەد غەزالیتان بۆ دەگێڕمەوە کە دەفەرموێت:

«بڵاوبوونەوەی کوفر لە جیهاندا، نیوەی تاوانەکەی لە ئەستۆی موسوڵمانانە کە بە وتە نابەجێ و کردارە دزێوەکانیان، وێنەی خودایان لە بەرچاوی خەڵکدا ناشیرین کردووە».

حسبي الله ونعم الوكيل



## زەمینلەرزەکانی ئاسیا... سزا یان میهرەبانی؟

زۆرجار کە زەمین لەرزەیەک لە جێگەیەک دەدات، راستەوخۆ بۆچوونی خۆمانی لەسەر دەردەبڕین و باسی خەشم و تووڕە بوونی پەروەردگار دەکەین کە بەسەر ئەو جێگەیەدا داباریوە؛ چونکە بەهۆی زۆر تاوانکردنی خەڵکییەوەیە. تەنانەت لە تۆڕە کۆمەڵایەتی و ماڵپەڕەکاندا بەو شێوەیە باس لەو بابەتە دەکرێت. ڕێگەم بدەن لێرەدا چەند هۆکارێکی دیکە لەسەر ئەو زەمینلەرزانە بخەمەڕوو:

١ – بەخشندەیی و بەخششی پەروەردگارە؛ بۆ ئەوەی ئێمە هەست بکەین کە ئەو زەمینلەرزانە بوونەتە هۆی ڕێگریی ڕووداوی سروشتیی گەورەتر کە جگە لە خودا، کەس نایزانێت-هەندێک زیان سوودی هەیە-. خودا شارەزاترە.

٢- میهرەبانییە، کاتێک هەندێک لە هەزارەکان دەمرن، ڕەنگە لە ئاخیرەتدا خودا جێگەی باشتر و شوێنی گونجاوتری بۆ دانابن. ئاخر دونیا هێندەی باڵە مێشولەیەک لای خودا سەنگی نییە.

٣- میهرەبانی خودایە بۆ زیندووەکان؛ بۆ ئەوەی خەڵک بگەڕێنەوە و پەشیمان ببنەوە، تا بە ڕووداوی هاوشێوەی ئەوە لەناو نەچن.

٤- میهرەبانییەکی دیکەیە بۆ زیندووەکان؛ بۆ ئەوەی بە هاوکاریکردنی کەسە زیان لێکەوتووەکان، سوود و چاکەی زیاتر



Scanned with CamScanner

بخەنەسـەر چاکەکانیـان.

٥- میهرەبانـی پـەروەردگارە، ئەوەمـان بیردەخاتـەوە کە ئێمـە هەموومان لـە مرۆڤایەتیـد هاوبەشـین. بینیمـان چـۆن بەخشـین و هاوکارییـەکان لـە سـەرجەم ناوچەکانـی جیهانـەوە، بـە بـێ جیاوازیـی ئایینـی، ڕەگـەز و ڕەنگـی پێسـت گەیەندرایـە ئـەو جێگایانـەی کـە زیانیـان لێدەکەوێـت؛ چونکـە هۆکارێکـی مرۆیـی هاوبـەش لـە نێـوان سـەرجەم کۆمەڵگەکانـدا هەیـە. ئاخـر لێـرەدا مرۆڤایەتـی مـرۆڤ دەردەکەوێـت و پێـی دەناسـرێتەوە.

٦- میهرەبانییـە بـۆ زینـدووەکان؛ چونکـە نارەحەتـی و ناهەمواریيەکانـی قیامەتیـان بیـر دەکەوێتـەوە، بیـری توانـا و دەسـتەڵاتی پەروەردگاریـان دەکەوێتەوە.

٧- تاقیکردنـەوەی پـەروەردگارە؛ بـۆ ئـەوەی بزانێـت کـێ ئـارام دەگرێـت و کـێ دەتۆقێـت. (وَلَنَبۡلُوَنَّكُم بِشَيۡءٖ مِّنَ ٱلۡخَوۡفِ... وَبَشِّرِ ٱلصَّٰبِرِينَ).

مـن وەک خـۆم، بـڕوام وانییـە کـە زەمینلـەرزە تـووڕە بوونـی پەروەردگاربێـت، تـووڕە بـوون پێویسـتی بەبوونـی هـۆکار نییـە، ئەگـەر بیەوێـت ئەنجامـی بـدات! هەندێـک بەخشـین هەیـە لـە ڕووکەشـدا بـە ناهەمـواری دەردەکەوێـت... (وَعَسَىٰٓ أَن تَكۡرَهُواْ شَيۡـٔٗا وَهُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡۖ).

خودایـە! سـوپاس بـۆ تـۆ لـە کاتێکـدا ئێمـە پارێزراویـن و هەندێـک لـە بوونەوەرانـت بەدەسـت ئـازار و مەینەتییـەوە دەناڵێنـن. سـوپاس بـۆ بەخشـندەییت و ئارامـی، ئاسـایش، تەندروسـتی و خۆشـگوزەرانیمان.



Scanned with CamScanner



## خودایە! ڕێنمونیی خەڵکی دانیمارك بکە

سەیری ئەو کاردانەوانەم کرد کە لەسەر کێشەی کاریکاتێرەکانی دانیمارک ئەنجامدرا، بینیم زۆریەبان بریتی بوون لە:

١- نەکڕینی کاڵاکانیان.

٢- ناردنی نامەی نارەزایی بۆ سەفارەتەکانیان.

٣- داخستن و هاککردنی پێگە ئەلیکترۆنییەکانیان.

من بەو خۆشەویستییە بێسنوور و لە ڕادەبەدەرە بۆ پێغەمبەر(د.خ)، زۆر خۆشحاڵ بووم. ئەمە نیشانەی ئەوە بوو کە سوپاس بۆ پەروەردگار، جارێک ئوممەت سەلامەتە و خۆشەویستی بوونی هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا دوای تێڕوانین و وردبوونەوە لەم بابەتە، بینیم ئەم کاردانەوانە یەک ئامانجی لەپشتەوەبوو، ئەویش پەستان خستنەسەر حکومەتی دانیمارک کە داوای لێبوردن بکات؛ لەسەر ئەوەی بەرانبەر بە موسوڵمانان کراوە یان لە ڕۆژنامەکانەوە ئەوە بڵاوبکەنەوە؛ بۆ ئەوەی بزانن کە ئێمە پیرۆزییەکانمان پارێزراوە و لە کۆتاییدا سەردەکەوین!

ناتوانم ڕەخنە بگرم لەسەر شتانێکی هاوشێوەی ئەم هەستە و نموونەی ئەم داواکاریانە، مافی تۆڵە لە کەسێک کە سوکایەتی و گاڵتە بە پیرۆزی و هەستی مرۆڤ بکات، مافێکی ڕێگەپێدراوی



Scanned with CamScanner

مرۆییە کە وەربگیرێتەوە.

بەڵام بەخۆمدا چوومەوە و پرسیارم لە خۆم کرد، ئەگەر پێغەمبەر(د.خ) زیندووبوایە و لە نێوماندا بووایە، چۆن مامەڵەی دەکرد؟ با ئەم وەڵامە لە ژیاننامەکەی وەربگرین، دەبینین زۆربەی بەشەکانی ژیاننامەی پێغەمبەر(د.خ)، لە ماوەی (٢٣) ساڵی پێغەمبەرایەتیدا، لەسەر یەک بنەما دەڕۆیشت، ئەویش ئەوەبوو کە هەرگیز سەرکەوتنی بۆ خۆی نەدەویست. هەرگیز لەسەر خودی خۆی، لە کەس تووڕە نەبووە. دەربڕینە قورئانییەکان سەبارەت بە سووکایەتی پێکردن و بەدرۆخستەوەی پێغەمبەر(د.خ) لە لایەن کافرانەوە، بۆ کەسێک کە ڕابمێنێت، دەربڕینی سەرسووڕهێنەرن. پێغەمبەر(د.خ) هەستی بە پەژارە دەکرد و پێی دەفەرمووێت: (فلا يحزنك قولهم) هەستی بە سەرزەنشتی نەفسی خۆی دەکرد و پێی دەفەرمووێت: (فَلَعَلَّكَ بَاخِعٌ نَّفْسَكَ عَلَىٰ آثَارِهِمْ إِن لَّمْ يُؤْمِنُوا بِهَٰذَا الْحَدِيثِ أَسَفًا ).

بڕوام وایە، ئەم ڕووداوانە لەلایەن پەروەردگارەوە بۆ ئێمەی مرۆڤ هەڵێکن. ئێمە لە پێناسەی پێغەمبەردا(د.خ) بۆیان، کەمتەرخەم بووین. ئەم ئاماژەیە تەنیا بۆ کەموکوڕی ئێمە نییە، بەڵکو بەرپرسیارێتی ئێمەیە کە شێوەی کەسێتی پێغەمبەرمان شێواندووە. ئێمە هاتووین پێغەمبەرمان بە شێوەی تیرۆریست، بکوژ و شەڕانگێز نواندووە. هەندێک لە موسوڵمانان، ئەو وێنانەیان پیشانی ڕۆژئاوا داوە کە پێغەمبەر(د.خ) کەسێکە لە هەر کوێیەک پیاوکوشتن و خوێنڕشتن هەبێت، ئەو لەوێیە. ئیسلامیشیان وەک ئایینی مردن لە پێناوی خودادا نەخشاندووە، نەک ئایینی لە پێناوی خودادا ژیان.



Scanned with CamScanner

ڕێگـەم پـێ بـدەن کـە سەرزەنشـتی خـۆم و موسـوڵمانانیش بکـەم. ناخـر ئـەم کاریکاتێرانـەی کـە بڵاوکرانـەو؛ بـە هـۆی ئـەوەوە بـوو کـە موسـڵمانان تـا ئێسـتا پیشـانی جیهانیـان داوە.

بـە بـڕوای مـن، ئـەوەی کـە ڕوویدا، بـە هەلێک بـوو تا بە شـێوەیەکی ژیرانـە بـۆ جیهانـی بسـەلمێنین کـە پێغەمبـەری ڕاسـتەقینە کێیـە کـە (وَمَآ أَرْسَلْنَٰكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَٰلَمِينَ)ە. باشـترین کار کـە لـەو کاتـەدا سەرسـامی کـردم، چـاپ و بڵاوکردنـەوەی ژیاننامـەی پێغەمبـەر(د.خ) بـە زمانـی دانیمارکـی بـوو.

هیوایەکم هەیە:

بریـا چەپکێـک گـوڵ و دانەیـەک لـەو کتێبـی ناسـاندی پێغەمبـەرە(د.خ)، بـە خاوەنـی ئـەو کاریکاتێـرە بدرایـە؛ تـا پێـی بڵێیـن: «هـۆ کاکەبـرا.. ئەمـە پێغەمبەرمانـە، بـۆ خـۆت سـەیری بکـە». بـڕوام وایـە سـەرکەوتنی ڕاسـتی لـەم کێشـەیەدا، بـۆ ئێمـەی موسـوڵمانان دەبـوو. ئەو کاتـە، ئـەو کەسـە لـە کەسـێکی توندوتیـژی گاڵتەجار بـە پێغەمبـەر (د.خ)، بـۆ کەسـێک کـە خۆشـی بوێـت، دەگـۆڕدرا. ئەمـە ئامانجـی باڵاتـری ئێمەیـە؛ چونکـە ئـەو ڕێنموونیـکاری مرۆڤایەتییـە. لـە ژیاننامـەی خۆشەویسـتدا (د.خ) دەیـان، بەڵکـو سـەدان هەڵوێسـتە هەیـە کـە خۆشەویسـت تایانـدا یـەک لـە دوای یـەک دەیسـەلمێنێت کـە ڕق، بـە ڕق چارەسـەر ناکرێـت و چارەسـەری ڕاسـتەقینەی ڕق، خۆشەویسـتییە. ئـەوەی ئـەم وتانـەم بـە تیـۆری دەزانێـت، تەنیـا بـا بچێـت سـەیری ژیاننامـەی خۆشەویسـت بـکات، ئـەو کاتـە بـۆی دەردەکەوێـت کـە چـۆن (عومـەری کـوڕی خەتـاب، ئەبوسـوفیان، سـەفوانی کـوڕی ئومەییـە، خالیـدی کـوڕی وەلیـد و کەسـانی دیکـە)

ڕق و کینەیان بۆ خۆشەویستی پێغەمبەر(د.خ) و ئیسلام گۆڕاوە.

لە کۆتاییدا، زۆر خۆشحاڵم کە ئەو دەربڕین و هەستی خۆشەویستییە لە ناخی گەنجاماندا بۆ پێغەمبەر(د.خ) هەیە. بەداخەوە، ئەو گاڵتەجاڕیەیان بە خۆشەویستمان(د.خ) کرد کە دەفەرمووێت: «خودایە! ڕێنموونی (دەوس) بکە و خۆت هانیان بدە» یان دەڵێت: «خودایە! ڕێنموونی سەقیف بکە و خۆت هانیان بدە». منیش دەڵێم: «خودایە! ڕێنموونی خەڵکی دانیمارک بکە و خۆت بۆ ئیسلام هانیان بدە».





Scanned with CamScanner